# رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.477 Wed 27/ 5/ 2009 | نرخ 500 دینار | 2009 /5 /27 چوارشەممە | ژمارە 477







## دیموکراتیەتێکی دیکتاتۆر



ڤینۆس فایەق

ل ٨

# « ئێمە سێ یەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی پێکدەهێنین و بەبێ ئێمە هیچ بریارێکی یەکێتی شەرعیی نییە، تا کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی نوێ هەڵدەبژێردرێت»

# کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک - باڵی ریفۆرم) خۆی راگەیاند




رۆژنامە

کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان- باڵی ریفۆرم، بە دەرکردنی راگەیەنراوی ژمارە (١)، خۆی راگەیاندو هەر لەو راگەیەنراوەدا دووپاتی دەکەنەوە کە ئەوان بەشێکی دانەبڕاوی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتین و بەبێ ئەوان «هیچ بڕیارێکی یەکێتی شەرعیی نییە، تا ئەوکاتەی کۆنگرەیەکی فراوان لەبارێکی ئاساییدا بەشێوەیەکی شەفاف و دیموکراتانە، لەسەر بنەماو میکانیزمی دروست، بەڕێوەدەچێت و کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی نوێ هەڵدەبژێردرێت».

لەبەشێکی راگەیەنراوەکەدا هاتووە: گروپی باڵادەستی ناو یەکێتی ئەو شەرعیەتەی نییە بریار لە چارەنووسی ئەندامان و پێکهاتەی سەرکردایەتی ی.ن.ک بدات، چونکە جگەلەوەی ئێمە سێ یەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی پێکدەهێنین، بۆ هەشت ساڵیش دەچێت گروپی باڵادەست رێگریی کردووە لەبەستنی کۆنگرەو پەیرەوی ناوخۆی پێشێلکردووە، تەنانەت بۆ زیاتر لەچەند مانگێک دەچێت نەیانویستووە کۆبوونەوەیەک لەسەر ئاستی کۆمیتەی سەرکردایەتیش بۆ تاووتوێکردنی کێشە کەڵەکەبووەکان گرێبدرێت. ئەڵبەتە تەنیا ئەو گروپەش ئۆباڵی قووڵبوونەوەو ئاڵۆزبوونی ئەو کێشانە لە ئەستۆدەگرێت کە گەیشتوونەتە ئەم ئاستە پر قەیرانە.

دووپاتیشی دەکەنەوە کە خۆیان بە بەشێکی دانەبراو لە یەکێتی دەزانن و لەو رووەوە لە بەیاننامەکەدا هاتووە: لەکاتیکدا گروپی باڵادەستی ناو یەکێتی بە زۆر دەیەوێت جیابوونەوەی خۆمان لە یەکێتی رابگەیەنین، بەڵام ئێمە ئامادەنین بریاری لەو جۆرە بدەین و خۆمان و هەموو ئەو پێشمەرگەو ئەندام و کادیرو تێکۆشەرانەی کە رۆژانە لە ئۆرگان و رێکخستنەکان دەردەکرێن و رەفتاری نادیموکراتانەیان دەرهەق دەکرێت، بە بەشێکی دانەبراو لە سەروەرییەکانی یەکێتی و ئێستاو ئایندەی دەزانین.

دەقی راگەیەنراوەکە لە ل٣دایە

## خزمەتگوزاریی بەشێکە لەشکستەکانی ئیدارەی کوردستان نەک هەمووی

ل٢و ٣

نیعمەت عەبدوڵڵا:

**بودجەی پرۆژەکان پارەی میللەت خۆیەتی پێویست بە باسکردن ناکات**

د. سالار باسیرە:

**ئەنجامدانی ئەو پرۆژانە لەکاتی هەڵبژاردندا بەرتیلدانە بە میللەت**

د. فایەق گوڵپی:

**پێویستە میللەت کلیلی ئەو دەرگا داخراوانە بدۆزنەوە کە گۆڕان دەکەن**

# (٤٠٠) رێکخراو چاودێریی هەڵبژاردن دەکەن

هەستیار قادر

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان (٥) ناوەندی دەنگدان لەبەغدا دەکاتەوە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، زیاد لە (٤٠٠) رێکخراویش ناوی خۆیان بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن تۆمارکردووە.

عەلی قادر، سەرۆکی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لەهەرێمی کوردستان، بەرۆژنامەی راگەیاند: (٥) ناوەندی دەنگدانیان لەناوچەکانی کەرخ و رەسافەو ناوچەی سەوزی بەغدای پایتەخت کردووەتەوە، بەمەبەستی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەرە کوردەکان کە لەوەزارەتەکانی بەغدان یان سەربازو ئەفسەرن، هەر لەو ناوەندانەش دەتوانن لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دەنگبدەن.

لەلایەکی دیکەوە، هەندرێن محەمەد، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بۆ رۆژنامەی ئاشکراکرد، کە (٤٣٧) رێکخراوو (٥٦) کەناڵی راگەیاندن ناوی خۆیان لەکۆمسیۆن تۆمارکردووە بەمەبەستی رومال و چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، وتیشی: «ئەو رێکخراوانەی کە ناویان بۆ چاودێریکردن تۆمارکردووە، کوردستانی یان تێکەڵن، لەوانە رێکخراوەکانی (شەمس و عەین و تەمموز و یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان).

## دەستلەکارکێشانەوە مەکتەبەکانیشی گرتەوە

ل٥


## بیسەلمێنە کە تۆ سەر بە کوردستانی- عێراق بەجێگیرکردنی ناوت لە تۆماری دەنگدەران

### هاوڵاتی خۆشەویست.....

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئامادەکاری خۆی تەواو کردووە بۆ پرۆسەی ( نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران ) کە لە بەرواری ٢٥ ی ئایاری ٢٠٠٩ دەست پێدەکات تاکو ٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٩



٨٤ ناوەند لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و پێنج ناوەند لە بەغدا کرانەوە بۆ پێشوازی کردن لە دەنگدەران و تۆماری سەرەتایی دەنگدەران بۆ ئەم ناوەندانە دابین کراوە لە پێناو نوێکردنەوە و ئامادەکردنی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق کە لە ٢٥ ی تەمووزی ٢٠٠٩ بەرێوەدەچێت ...

### پێویست دەکات سەردانی ناوەندی تۆمارکردنی نزیك لە شوێنی نیشتەجێبوونت بکەیت لە پێناوی :

- دڵنیابوون لە بوونی ناوی خۆت و خێزانەکەت لە تۆماری دەنگدەران
- تۆمار کردنی ئەوانەی لەدایك بووی ١٩٩١ یان ئەوانەی بۆ یەکەم جار لە دەرەوەی عێراق گەراونەتەوە لە دوای ٢٠٠٩/٣/٣١
- گۆرینی ناوەندی دەنگدانی دوور لە شوێنی نیشتەجێبوونت بۆ نزیکترین ناوەند یان ئەگەر لە پارێزگایەکەوە گواستۆتەوە بۆ پارێزگایەکی تر لە ناو هەرێم یان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر لە ناو پارێزگا
- راستکردنەوەی هەڵە لە زانیاریەکانت وەکو ناو و ناوی باوك یان نازناو
- سرینەوەی ناوی مردووان دوای پێشکەش کردنی وەفات نامە .



### سەردانکردنی ناوەندی تۆمارکردن گەرەنتی مافی دەنگدانت مسۆگەر دەکات

ئاگادار بە نەچونت بۆ ناوەندی تۆمارکردن یان دڵنیانەبوون لە ناوەکەت دەبێتە هۆی لەدەستدانی مافی دەنگدانت

لە کاتی سەردانی کردنی ناوەندی تۆمارکردن لەگەڵ خۆتدا هەریەك لەمانە بەرن

١. بەڵگەنامەیەکی فەرمی کە وێنەی لەسەر بێت ( پێناسەی شارستانی، رەگەزنامەی عێراقی , پاسپۆرتی سەفەر )
٢. پسولەی خۆراك

### دەتوانی پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنە خۆراییانە بکەیت بۆ دڵنیابوون :

ئاسیا سێل ٧٧٧٧ کۆرەك ٢٠٢٠ بۆ پرسیارکردن لەسەر پرۆسەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و کات و شوێنەکانی بۆ دەنگدەران دەبێت ژمارەی پسولەی خۆراك بدەیت کاتێك هەر پرسیارێکت کرد یان لە رێگای پێگەی ئەلیکترۆنی کۆمیسیۆن

www.ihec.iq

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
ادارة انتخابات أقليم كوردستان
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
www.ihec.iq

# ـــداره‌ی کوردستان نه‌ک هه‌مووی

ـــــــه‌تی‌و پێویست ناکات باسبکرێت، هاوکات ئه‌و
ـــــــه، خۆ حکومه‌ت هه‌ر حکومه‌تی پارتی‌و یه‌کێتی



**فاروق جه‌میل:**

## ده‌ستێوه‌ردان له‌لایه‌ن به‌رپرسه باڵاکانی حیزبه‌کانه‌وه بۆ کاروباری دادگاکان هه‌یه، له‌لایه‌که‌وه لێپرسراوه‌کان له که‌ناڵه‌کانی ڕاگه‌یاندندا باس له سه‌ربه‌خۆیی قه‌زا ده‌که‌ن، له‌لایه‌کی دیکه‌شه‌وه ده‌ستده‌خه‌نه کاروباره‌کانه‌وه

هه‌روه‌ک یاساکانی (دیوانی چاودێری دارایی ساڵی ٢٠٠٧، دروستکردنی یه‌که‌ی نیشته‌جێبوون بۆ هاوڵاتییان ساڵی ٢٠٠٨، یاسای ئیمتیازات‌و خانه‌نشینی پێشمه‌رگه‌و که‌مئه‌ندام ساڵی ٢٠٠٧، یاسای قه‌ده‌غه‌کردنی جگه‌ره‌کێشان، یاسای قه‌ده‌غه‌کردنی خراپ به‌کارهێنانی ئامێره‌کانی په‌یوه‌ندی، یه‌کگرتنه‌وه‌ی هه‌ردوو ده‌زگای هه‌ڵگرتنه‌وه‌ی مین ساڵی ٢٠٠٦)، له‌ماوه‌ی خولی دووه‌مـی په‌رله‌ماندا ده‌رکـراوه، به‌ڵام تائێستا له‌لایه‌ن حکومه‌تی هه‌رێمه‌وه نه‌خراونه‌ته بواری جێبه‌جێکردنه‌وه.

کوێستان محه‌مه‌د، ئه‌ندامی په‌رله‌مانی کـوردستـان، بـه ڕۆژنـامـه‌ی ڕاگه‌یاند: جێبه‌جێنه‌کردنی ئه‌و یاسایانه له‌لایه‌ن حکومه‌ته‌وه، ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ئـه‌وه‌ی که حکومه‌ت نه‌یتوانیوه به ئه‌رکی سه‌رشانی خۆی هه‌ستێت‌و ناتوانێت وه‌ک پێویست وه‌ڵامـی داخوازییه‌کی خه‌ڵک بداته‌وه‌و یاساکان جێبه‌جێبکات، ئه‌مه‌ش ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێت که حکومه‌ت ئه‌دایه‌کی خراپی هه‌یه.

### ده‌ستێوه‌ردانی حیزب له کاروباری دادوه‌ریی

به‌بڕوای هاوڵاتییان‌و دادوه‌ران‌و چاودێران، حیزبه‌کان ده‌ستێوه‌ردانێکی ئاشکرا بـه‌سـه‌ر کـاروبـاری دادگـاو دادوه‌رانـه‌وه ده‌کـه‌ن، هـه‌روه‌ک به‌پێی ڕاپرسییه‌کی سـه‌نـتـه‌ری ڕاپرسیی کوردستان که لـه‌مـاوه‌ی ڕابـردوودا ئه‌نجامدراوه، ٢٧٪ی دادوه‌ران‌و ٤٦٪ی پارێزه‌ران‌و ٤٢٪ی فه‌رمانبه‌رانی دادگاکان پێیانوایه دادگـاکـان سـه‌ربه‌خۆنین‌و ده‌ستێوه‌ردانی حیزب له کاروباره‌کانیاندا هه‌یه، وه‌زیری دادیش بوونی ده‌ستێوه‌ران پشتڕاست ده‌کاته‌وه.

فاروق جه‌میل له لێدوانێکی پێشتریدا به ڕۆژنـامـه‌ی ڕاگه‌یاندبوو: تائێستا ده‌سه‌ڵاتی سه‌ربه‌خۆیی دادوه‌ریـی له کوردستاندا نه‌گه‌یشتووه‌ته ئاستی پێویست، ده‌سـتـێـوه‌ردان لـه‌لایـه‌ن به‌رپرسانی بـاڵای حیزبه‌کانه‌وه بۆ کاروباری دادگاکان هه‌یه، له‌لایه‌که‌وه لێپرسراوه‌کان له که‌ناڵه‌کانی ڕاگه‌یاندندا بـاس له سه‌ربه‌خۆیی قـه‌زا ده‌کـه‌ن، له‌لایه‌کی دیکـه‌شـه‌وه ده‌ستده‌خه‌نه کـاروبـاره‌کـانـه‌وه، ئه‌مه جگه لـه‌وه‌ی به‌رپرسان له دانانی دادوه‌رو که‌سانی ناو ده‌سه‌ڵاتی دادوه‌ریدا ده‌ستیان هه‌یه.

له‌لایه‌کی دیکه‌وه‌و به‌پێی مادده‌ی (٣٣) له یاسای ژماره (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ی په‌رله‌مانی کوردستان، ئه‌نجومه‌نی دادوه‌ریی له هه‌رێمی کوردستان پێکهات، به‌ڵام دوای نزیکه‌ی هه‌شت مانگ ململانێی یه‌کێتی‌و پارتی له‌سه‌ر دانانی سه‌رۆکێک بۆی، ئه‌و ئه‌نجومه‌نه بێ سه‌رۆک مایه‌وه، تا مانگی تشرینی دووه‌مـی ٢٠٠٨، له ئێستاشدا نزیکه‌ی شه‌ش مانگه ئه‌و ئه‌نجومه‌نه ستافی تـه‌واوه‌و ده‌ستی به کاره‌کانی کردووه.

د.له‌تیف مسته‌فا، ئه‌ندامی ده‌سته‌ی بـاڵای یه‌کێتی دادوه‌ران ڕایگه‌یاند، جیاکردنه‌وه‌ی ده‌سـه‌ڵاتـی حیزب له ده‌سـه‌ڵاتـی دادوه‌ریـی، له ده‌سه‌ڵاتی ئه‌نجومه‌نی دادوه‌ریدایه‌و جیاکردنه‌وه‌ی حیزب له ده‌سه‌ڵاتی دادوه‌ریی، ته‌نیا به ئه‌نجومه‌نی دادوه‌ریـی ده‌کرێت، ئه‌گه‌ر بودجه‌ی دادوه‌ریـی ئـه‌و ئه‌نجومه‌نه دابینێن، منه‌تیان به ده‌سه‌ڵاتی یاسادانان‌و جێبه‌جێکردن نامێنێت‌و له‌کاتی ده‌ستێوه‌رداندا ده‌توانن هه‌ڵوێستیان هه‌بێت، له مه‌سه‌له‌ی دامـه‌زراندنـی دادوه‌ردا ده‌تـوانـن گـوێ بـه واسته نه‌ده‌ن، ئه‌مه جگه له‌وه‌ی ده‌توانن بڕیار ده‌ربکه‌ن که هه‌موو که‌سێک بگرێته‌وه بێ جیاوازیی».

### ده‌ستێوه‌ردانی حیزب له کاروباری حکومه‌ت

ئه‌وه‌ی به ئاشکراو بێ هیچ لێکۆڵینه‌وه یان ڕاپرسییه‌ک ده‌بینرێت، ده‌ستێوه‌ردانی حیزبه له کاروباری حکومه‌ت، بۆ نموونه (له ٤/٦دا بێ هیچ هه‌ڵبژاردنێک یان وه‌رگرتنی ڕای خه‌ڵک، یه‌کێتی (عومه‌ر فه‌تاح)ی ئه‌ندامی مه‌کته‌بی سیاسیی حیزبه‌که‌ی که جێگری سه‌رۆکی حکومه‌ت بوو، له پۆسته‌که‌ی لاداو (عیماد ئه‌حمه‌د)ی دانا که به‌هه‌مانشێوه ئه‌ندامی مه‌کته‌بی سیاسیی یه‌کێتییه، ئه‌مه جگه له‌وه‌ی که حیزبه‌کان له دانان‌و لادانی به‌ڕێوه‌به‌ری خوێندنگاو زانکۆو فه‌رمانگه‌کاندا ڕۆڵیان هه‌یه، له چه‌ند ڕۆژی ڕابردوودا چه‌ند مامۆستایه‌کی زانکۆو په‌یمانگایان ده‌رکـردووه، ته‌نیا له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی که ئینتیمایان بۆ لیستێکی جیاواز له لیستی کوردستانی هه‌یه.

له‌وباره‌یه‌شه‌وه سالار باسیره پێیوایه که ئێستا ده‌وڵه‌ت موڵکی حیزبه، حیزب باڵاده‌سته، حیزب چی پێباش بێت له په‌رله‌ماندا ئه‌وه به ئه‌ندامه‌کانی کوتله‌که‌ی په‌سه‌ند ده‌کات‌و ده‌کرێته یاسا، هاوکات لـه حکومه‌تیشدا جێبه‌جێی ده‌کـات، «مه‌کته‌بی سیاسییه‌کان باسی چی بکه‌ن له کۆبوونه‌وه‌دا، هه‌ر ئه‌وه به‌سه‌ر حکومه‌ت‌و په‌رله‌ماندا ده‌چه‌سپێت».



**فایه‌ق گوڵپی:**

## پێویسته میلله‌ت کلیلی ئه‌و ده‌رگا داخراوانه بدۆزنه‌وه که گۆڕان ده‌که‌ن، چونکه ده‌سه‌ڵات گۆڕانکاریی له به‌رژه‌وه‌ندیدا نییه، به‌ڵام میلله‌ت گۆڕانکاریی له به‌رژه‌وه‌ندیدایه

### ڕاگه‌یاندنی ژماره (١)ی

## کۆمیته‌ی سه‌رکردایه‌تی یه‌کێتیی نیشتمانیی کوردستان/ باڵی ڕیفۆرم

پاش ئـه‌وه‌ی گرووپی باڵاده‌ستی ناو سه‌رکردایه‌تی یه‌کێتی نیشتمانی کوردستان، دوور له عورفی دیموکراتی‌و په‌یڕه‌وی حزبی، مافی به‌خشییه خۆی به‌بێ ئاماده‌بوون‌و ئاگادارکردنه‌وه‌ی ئێمه، له دۆخێکی ناسک‌و هه‌ستیاردا، کۆبوونه‌وه‌ی کۆمیته‌ی سه‌رکردایه‌تی گرێ بدات...، هاوکات له‌گه‌ڵ ڕه‌فتاری نادیموکراتییانه‌ی هه‌مان گروپ سه‌باره‌ت به ده‌رکردن و هه‌ڕه‌شه‌کردن و ئیبتزازکردنی ئه‌و ئه‌ندام و کادیرو تێکۆشه‌رانه‌ی پشتیوانی چاکسازیی‌و کۆتاییهێنان به تاکڕه‌وی‌و پاوانکاریی ده‌سه‌ڵات ده‌که‌ن له‌ناو یه‌کێتیدا... پاش ئه‌وه‌ی هه‌ستمانکرد هه‌موو ده‌رگایه‌کی دایه‌لۆگی ڕێکخراوه‌یی له‌ناوخۆی حیزبدا به‌ڕووماندا داخراوه. ئه‌م ڕاگه‌یاندنه بۆ بنکه‌ی ڕێکخستن‌و جه‌ماوه‌ری یه‌کێتی‌و ڕای گشتی کوردستان‌و عێراق بڵاوده‌که‌ینه‌وه:

١-گرووپی باڵاده‌ستی ناو یه‌کێتی ئه‌و شه‌رعیه‌ته‌ی نییه بڕیار له‌چاره‌نووسی ئه‌ندامان‌و پێکهاته‌ی سه‌رکردایه‌تی ی.ن.ک بدات، چونکه جگه له‌وه‌ی ئێمه سێ یه‌کی کۆمیته‌ی سه‌رکردایه‌تی پێکده‌هێنین، بۆ هه‌شت ساڵیش ده‌چێت گرووپی باڵاده‌ست ڕێگریی کردووه له به‌ستنی کۆنگره‌و په‌یڕه‌وی ناوخۆی پێشێلکردووه، ته‌نانه‌ت بۆ زیاتر له چه‌ند مانگێک ده‌چێت نه‌یانویستووه کۆبوونه‌وه‌یه‌ک له‌سه‌ر ئاستی کۆمیته‌ی سه‌رکردایه‌تییش بۆ تاووتوێکردنی کێشه که‌ڵه‌که‌بووه‌کان گرێ بدرێت. ئه‌ڵبه‌ته ته‌نیا ئه‌و گرووپه‌ش ئۆباڵی قووڵبوونه‌وه‌و ئاڵۆزبوونی ئه‌و کێشانه له ئه‌ستۆ ده‌گرێت که گه‌یشتوونه‌ته ئه‌م ئاسته پڕ قه‌یرانه.

٢-بازنه‌ی بڕیاردانی سیاسی له‌ناو یه‌کێتیدا ڕۆژ به‌ڕۆژ به‌رته‌سکتر ده‌بێته‌وه، به‌جۆرێک جگه له به‌ڕێز سکرتێری گشتیی‌و چه‌ند که‌سێک که شه‌خسی خۆی دیارییان ده‌کات، هیچ ئه‌ندامێک، ته‌نانه‌ت له ئاسته به‌رزه‌کانیشدا ئاگاداری ورده‌کارییه‌کانی وه‌رگرتنی بڕیار نییه. ئه‌م دۆخه ئه‌و حیزبه‌ی به‌ره‌و تاکڕه‌ویی زیاتر بردووه، هیچ ده‌رفه‌تێکی بۆ بڕیاری هاوبه‌ش‌و سه‌رکردایه‌تی به‌کۆمه‌ڵ نه‌هێشتووه‌ته‌وه.

٣-یه‌کێتی به‌ره‌و حیزبێکی ته‌واو تۆتالیتارو پاوانکار هه‌نگاو ده‌نێت، نه‌ک له‌سه‌ر ئاستی سیاسی، به‌ڵکو له‌سه‌ر ئاستی ئابوورییش. ئێستا بودجه‌و ئابووری ئه‌و به‌شه‌ی هه‌رێمی کوردستان که له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی یه‌کێتیدایه، به‌شێکه له به‌رژه‌وه‌ندیی‌و ئابووری یه‌کێتی‌و ته‌نیا گرووپی باڵاده‌ست ئاگاداری ورده‌کارییه‌کانی ئه‌و بودجه‌و ئابوورییه‌یه. گرووپی باڵاده‌ست ماف ده‌به‌خشێته خۆی دارایی خه‌ڵک‌و وڵات‌و به‌رژه‌وه‌ندیی ئابووری حیزب وه‌ک چه‌کی کڕینی ویژدان‌و ئیبتزاز و نانبڕین به‌کاربێنێت بۆ کپکردنی ده‌نگ‌و هه‌ڵوێستی ناڕازیی ئه‌ندامه ڕه‌خنه‌گره‌کان‌و یه‌کلایی کردنه‌وه‌ی هه‌موو جیاوازییه‌کان له به‌رژه‌وه‌ندیی خۆیدا.

٤-گـرووپـی بـاڵاده‌سـتـی نـاو یه‌کێتی سیاسه‌تی «خۆساغکردنه‌وه» له‌گه‌ڵ ئه‌ندامانی حیزبدا به‌کاردێنێت‌و هیچ بوارێکی بۆ ڕای جیاواز نه‌هێشتووه‌ته‌وه، کادیرو پێشمه‌رگه‌و ئه‌ندامان ناچارده‌کات که یان وه‌لائی ڕه‌ها بۆ ئه‌و گرووپه بسه‌لمێنن، یان خۆیان ساغ بکه‌نه‌وه‌و یه‌کێتی به‌جێبێڵن. بۆ ئه‌و مه‌رامه په‌نا ده‌به‌نه به‌ر هه‌ڕه‌شه‌ی نانبڕین‌و مووچه‌بڕین‌و سه‌ندنه‌وه‌ی پۆست، که ئه‌ڵبه‌ته ئه‌مه ڕه‌فتارێکی زۆر نادیموکرات‌و ناشارستانییه‌و له دنیای شارستانی‌و ژیانی حزبیی مۆدێرندا نموونه‌ی به‌دیناکه‌ین.

٥-له‌کاتێکدا ئه‌م ڕوونکردنه‌وه‌یه بۆ جه‌ماوه‌ری یه‌کێتی‌و ڕای گشتی بڵاوده‌که‌ینه‌وه، دووپاتی ده‌که‌ینه‌وه که ئێمه به‌شێکی دانه‌بڕاوی کۆمیته‌ی سه‌رکردایه‌تی یه‌کێتین‌و به‌بێ ئێمه هیچ بڕیارێکی یه‌کێتی شه‌رعیی نییه، تا ئه‌و کاته‌ی کۆنگره‌یه‌کی فراوان له بارێکی ئاساییدا به‌شێوه‌یه‌کی شه‌فاف‌و دیموکراتییانه، له‌سه‌ر بنه‌ماو میکانیزمی دروست، به‌ڕێوه‌ده‌چێت‌و کۆمیته‌یه‌کی سه‌رکردایه‌تی نوێ هه‌ڵده‌بژێردرێت.

٦-له‌کاتیکدا گرووپی باڵاده‌ستی ناو یه‌کێتی به‌زۆر ده‌یه‌وێت جیابوونه‌وه‌ی خۆمان له یه‌کێتی ڕابگه‌یه‌نین، به‌ڵام ئێمه ئاماده نین بڕیاری له‌و جۆره بده‌ین‌و خۆمان‌و هه‌موو ئه‌و پێشمه‌رگه‌و ئه‌ندام‌و کادیرو تێکۆشه‌رانه‌ی که ڕۆژانه له ئۆرگان‌و ڕێکخستنه‌کان ده‌رده‌کرێن‌و ڕه‌فتاری نادیموکراتییانه‌یان ده‌رهه‌ق ده‌کرێت، به به‌شێکی دانه‌بڕاو له سه‌روه‌رییه‌کانی یه‌کێتی‌و ئێستاو ئاینده‌ی ده‌زانین.

٧-داوا له دامووده‌زگا حکومیی‌و داراییه‌کان، پارت‌و ڕێکخراوو فیدراسیۆن‌و دۆسته‌کانمان له‌سه‌ر ئاستی ناوخۆو جیهان ده‌که‌ین ئه‌و واقعه په‌سه‌ند نه‌که‌ن که گرووپی باڵاده‌ستی ناو یه‌کێتی ده‌یه‌وێت‌و به‌شێوه‌یه‌کی تاکڕه‌وانه‌و ناشه‌فاف به‌زۆر بیسه‌پێنێت، چونکه ده‌بێته سه‌ره‌تایه‌کی ترسناک دژی دیموکراسی‌و ته‌نیا به زه‌ره‌ر به‌سه‌ر یه‌کێتیدا ناشکێته‌وه، به‌ڵکو کۆی ئه‌زموونی سیاسی‌و یاسایی‌و دیموکراتی له‌سه‌ر ئاستی کوردستان‌و عێراق ده‌خاته به‌ر مه‌ترسی.

له کۆتاییدا ئومێد ده‌که‌ین ئه‌م ڕاگه‌یاندنه ببێته مایه‌ی ئاگاداربوونه‌وه بۆ به‌ڕێز سکرتێری گشتی‌و گرووپی باڵاده‌ستی ناو یه‌کێتی، تا به‌خۆیاندا بچنه‌وه چیتر بێباکانه نه‌ڕواننه کێشه مه‌ترسیدارو که‌ڵه‌که‌بووه‌کانی ناو یه‌کێتی.

www.netewe.com

# خزمەتگوزاریی بەشێکە لە شکستەکانی ئی

شارا عەبدولڕەحمان

لە سەروبەندی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا حیزبو میدیای حیزبی لە هەوڵی ئەوەدان کەمتەرخەمییەکانی حکومەتی هەرێم تەنیا لە مەسەلەی خزمەتگوزارییدا پیشانبدەنو شکستو کەمتەرخەمییەکانی بوارەکانی دیکە فەرامۆش بکرێن. بەوهیوایەی بەو پرۆژانە خەڵکی لەخۆیان ئاشتبکەنەوەو وایان تێبگەیەنن کە کاریان بۆ دەکەن، ئەمە لەکاتێکدا لە کوردستاندا چەندین کێشەی هەنووکەییو سیاسی هەیە کە دوای (١٨)ساڵ، بێ چارەسەر ماوەتەوە.

یەکێک لە کێشە هەنووکەییە سیاسییەکان، تێکەڵاویی حیزبو حکومەتو باڵادەستی حیزبە بەسەر هەرسێ دەسەڵاتی (یاسادانان، دادوەریی و جێبەجێکردن)، لەوبارەیەشەوە کەسانی سیاسەتمەدارو یاساییو چاودێرانی سیاسی، بیروڕای جیاوازیان هەیە.



**نیعمەت عەبدوڵڵا سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان:**

**ئەو بودجەیەی کە پرۆژەی پێ ئەنجامدەدرێت، بودجەی میللەت خۆیـــــ**

**بودجەیە بەشی هەموو حیزبەکانو هەموو لیستەکانی پەرلەمانی تێدایـــــ**

**نییە تا بیکەنە پڕوپاگەندە بۆ خۆیان**

## تەنیا خزمەتگوزاریی

بەبڕوای قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، کێشەی سەرەکیی هەرێمی کوردستان، حوکمڕانی حیزبە لەدەرەوەی یاساو دامەزراوە حکومییەکان.

قادر عەزیز دەڵێت: «بڕیاری حیزب لەسەرووی پەرلەمانو حکومەتو یاساوەیە، مەسەلەی خزمەتگوزارییو تەواونەکردنی پرۆژەکان بەشێکی زۆر کەمن لەو کێشانەی کە لەمڕۆدا هەوڵی چارەسەریان دەدرێت، حوکمڕانیی حیزبەکان لە رێگای دامەزراوەو یاساوە نییە، سێ دەسەڵاتەکەی هەرێم سەربەخۆ نینو حیزب سەرپەرشتییان دەکات».

لە سەروبەندی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا،

**قادر عەزیز:**

**مەسەلەی خزمەتگوزارییو تەواونەکردنی پرۆژەکان بەشێکی زۆر کەمن لەو کێشانەی کە لەمڕۆدا هەوڵی چارەسەریان دەدرێت**

لە میدیا حیزبییەکاندا رۆژانە باس لە ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاریی دەکرێتو پڕوپاگەندەی پێوە دەکرێت، بەشێوەیەک لە چەندین ساڵی رابردوودا بەشێوەی ئەم دوو مانگەی رابردوو بەڵێنی جێبەجێکردنی پرۆژە بە خەڵکی نەدراوە.

لەوبارەیەشەوە د.سالار باسیرە، مامۆستای زانکۆو چاودێری سیاسی، پێیوایە «ئەنجامدانی پرۆژە لەم کاتەداو لەنزیک وادەی هەڵبژاردن، بەرتیلدانە بە هاوڵاتییان».

د.باسیرە بە رۆژنامەی وت: راستە ئەوەی کە میللەت پێویستی پێیەتی نانو ئازادییو خزمەتگوزارییە، بەڵام «ئەنجامدانی ئەو هەموو پرۆژەیە لەم کاتەداو بەشێوەیەک کە حکومەت هەر دیوارێک دروستبکات دەیگوازێتەوە بۆ میدیا، بەبڕوای من بەرتیلدانە بە هاوڵاتییان، چونکە ئەگەر دەسەڵات ئەو هەموو پارەیەی هەیە، ئەی بۆچی لەم چەند ساڵەی رابردوودا ئەمە نەکراوە، دواتر ئەم کارانە وادەکات کە خەڵکی دەسەڵات بە فڕوفێڵاوی تێبگات».

نیعمەت عەبدوڵڵا، سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، لەوبارەیەوە بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو بودجەیەی کە پرۆژەی پێ ئەنجامدەدرێت، بودجەی میللەت خۆیەتیو پێویست ناکات باسبکرێت، هاوکات ئەو بودجەیە بەشی هەموو حیزبەکانو هەموو لیستەکانی پەرلەمانی تێدایە، خۆ حکومەت هەر حکومەتی پارتیو یەکێتی نییە تا بیکەنە پڕوپاگەندە بۆ خۆیان، بەبڕوای من ئەوە خۆو خەڵک خەریککردنەو پێویست ناکات دەسەڵات خۆشیو خەڵکیش بەوە سەرقاڵ بکات، بەڵکو پێویستە بەرنامەی تۆکمە نیشانی خەڵک بدرێت نەک پرۆژە».

## میللەت چی دەوێت؟

دەسەڵات وای دەردەخات کە میللەت تەنیا پێویستییەک کە هەیبێت، پرۆژەیە بۆ گەڕەکەکەیو شارەکەی، ئەمە لەکاتێکدا کوردستان لەبەردەم چەندین مەسەلەی چارەنووسسازدایە کە یەکلایی نەکراوەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی رەنگە خەڵکی ئاسایی لێی بێدەنگ بێت، دەسەڵاتیش بێدەنگیی لێکردووەو تەنیا بە پرۆژە چاوبەستی لە خەڵک دەکات.

دکتۆر فایەق گوڵپی، سیاسەتمەدارو وتەبێژی لیستی هیوا کە بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دەکات، چەندین کێشەی هەنووکەیی لە کوردستاندا دەبینێت کە پێویستیان بە چارەسەرە، هەروەک وتی: «کێشەی هەرێم لە دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستانو گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکاندا خۆی دەبینێتەوە، کە دوای (١٨) ساڵ لە حوکمڕانیی دەسەڵاتی کوردی نەیتوانی یەکلایی بکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە هەرێمی کوردستان بێ دەستوورە، ئابووریی وڵات لەلایەن هەردوو حیزبی باڵادەستەوە کۆنترۆڵکراوەو بە نهێنی کۆدەکرێتەوەو بەسەر ئەندامەکانی خۆیاندا دابەشدەکرێت، ئەوەی لەو ئابوورییە دەمێنێتەوە، بۆ ئەوە بەکاردێت کە تاکی کورد نەبێتە تاکی بەرهەمهێن، بەڵکو مشەخۆربێت، ئەمانە زوڵمێکی گەورەن کە لە میللەت دەکرێتو هاوکات بە بەڵێنی پرۆژەی خزمەتگوزاریی، جێگاکەیان پڕدەکرێتەوە».



**د. سالار باسیرە:**

**ئەنجامدانی ئەو هەموو پرۆژەیە لەم کاتەداو بەشێوەیەک کەحکومەت هەر دیوارێک دروستبکات دەیگوازێتەوە بۆ میدیا، بەبڕوای من بەرتیلدانە بە هاوڵاتییان، چونکە ئەگەر دەسەڵات ئەو هەموو پارەیەی هەیە، ئەی بۆچی لەم چەند ساڵەی رابردوودا ئەمە نەکراوە، دواتر ئەم کارانە وادەکات کە خەڵکی دەسەڵات بە فڕوفێڵاوی تێبگات**

ئەمە جگە لەوەی کە بەبڕوای سالار باسیرە ،دەوڵەتی یاساو بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری بۆ میللەت، دەبێت لەپێش ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزارییەوە بێت، «خەڵک دەوڵەتی یاسای دەوێت، دەستوورو یەکسانیی کۆمەڵایەتی دەوێت، جیاکردنەوەی سێ دەزگاکەی لەیەکتر دەوێت، پەرلەمانی بەهێزمان دەوێت، جیاکردنەوەی حکومەتمان لە پەرلەمان دەوێت، دادوەری ئازادمان دەوێت، خەڵک سەروەریی یاسای دەوێت، نەمانی رۆتینی دەوێت، کەمبوونەوەی گەندەڵی دەوێت، خەڵک دەیەوێت ئەم هەموو پارە خواردنو ناعەدالەتییەی کە هەیە سنوورێکی بۆ دابنرێت».

## پەرلەمانو جێبەجێنەکردنی یاساکان

بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان سەر بە کوتلەی سەوزو زەردی پەرلەمانو دەنگ بۆ هەموو ئەو یاسایانە دەدەن کە حیزبەکانیان بیەوێت، بەپێی راپرسییەکی رێکخراوی پۆینت بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان، کە لە چەند مانگی رابردوودا لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدرا، ٣٦٪ی بەشداربووان پێیانوایە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان فەرمانبەری هەردوو پارتە سیاسییە باڵادەستەکەی کوردستانن، ٥٩٪ی بەشداربووانیش لەئاستی کاری پەرلەمان ناڕازین، ئەمە جگە لەوەی ٤٩٪ی بەشداربووان پێیانوایە کە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان شایستەی ئەو ئەندامێتییە نین.

عوسمان بانیماراني، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت: پەرلەمان گوێرایەڵی هەردوو حیزبەو تەوجیهات لەوانەوە وەردەگرێتو نەبووە بە مەرجەعیەتی خەڵکی کوردستان، بەڵکو لەپشتییەوە مەرجەعیەتی دیکەی هەیە، ئەمەش بۆ داهاتووی گەلەکەمان مەترسیدارەو بەرەو دواوەمان دەگەڕێنێتەوە».

هاوکات کارپێنەکردنی یاساکانی پەرلەمان لەلایەن حکومەتەوە، یەکێکی دیکەیە لەو رەخنانەی کە لەلایەن خەڵکەوە لە حکومەتو دەسەڵات دەگیرێت.



**کوێستان محەمەد:**

**حکومەت نەیتوانیوە بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەستێتو ناتوانێت وەک پێویست وەڵامی داخوازییەکانی خەڵک بداتەوەو یاساکان جێبەجێبکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەت ئەدایەکی خراپی هەیە**

# دەستلەکارکێشانەوە مەکتەبەکانیشی گرتەوە

فەلاح نەجم
پشتیوان سەعدوڵڵا

دوێنێ لێپرسراوو جێگرەکەی‌و چەند ئەندامو کادیرێکی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستیان لەکارکێشایەوە، هاوکات جێگری لێپرسراوی هەمان مەکتەب دەڵێت: لەبەر ئەوە هاتینە دەرەوە بیروڕای جیاوازمان هەیەو لێیان قبوڵنەکردووین‌و ئێمە وازمان لەیەکێتی نەهێناوە، بەڵکو وازمان لەپلەوپایە هێناوە.

دوای ئاگادارکردنەوەیان بۆ خۆیەکلاییکردنەوە لەماوەی چەند هەفتەی رابردوودا دەیان بەرپرس‌و کادیری نێو ئۆرگانەکانی یەکێتی دەستیان لەکارکێشایەوەو چوونەوە ماڵەوە، هاوکات دوێنێ (٥/٢٦) هەریەک لە (شەماڵ عەبدولوەفا) ئەندامی سەرکردایەتی‌و لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی‌و (سەرکۆ عوسمان)ی جێگری‌و (نەسرین جەمال) ئەندام‌و بەرپرسی ئیدارەی مەکتەب، (دڵخواز قادر) ئەندامی مەکتەب‌و (بەهرە شێخ محەمەد) کادیری مەکتەبەکە دەستیان لەکارکێشایەوەو هەردوێنێ سەعدی ئەحمەد پیرە، بەڕەسمیی بووە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی.

شەماڵ عبدولوەفا، لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی بەرۆژنامەی راگەیاند: ئێمە وەکو ئەندامانی سەرکردایەتی سەربەباڵی ریفۆرم لەکۆبوونەوەکەی پێرێدا بانگ نەکراین، بۆیە هەڵوێستمان وەرگرت‌و ئەمرۆش زۆر بەڕێزو حورمەتەوە دەریانکردین.

هەرلەوبارەیەوە سەرکۆ عوسمان، جێگری لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی وتی: ئەمرۆ مەبدەئی خۆساغکردنەوە هاتووەتە پێشەوە، کە هەموو کەس دەبێت خۆی یەکلاییکاتەوە، ئێمە لەبەرئەوە هاتینە دەرەوە بیروڕای جیاوازمان هەیەو لێیان قبوڵنەکردووین‌و ئێمە وازمان لەیەکێتی نەهێناوە، بەڵکو وازمان لەپلەوپایە هێناوە، چونکە ئەو بڕیارەکانی ماوەی رابردووی مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتی تەندروست نەبوون، هەروەها دەمێکە پەیڕەوی ناوخۆ لەناو یەکێتیدا کاری پێناکرێت، لەبەرزترین ئاستی یەکێتییەوە تا نزمترینیان، پەیڕەوی ناوخۆیان پێشێلکردووە».

لەلای خۆیشییەوە سەعدی ئەحمەد پیرە، کە دوێنێ وەکو لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی دەستبەکاربوو باس لەوەدەکات، کە یەکێتی مافی خۆیەتی ئەو کەسانە دووربخاتەوە.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی‌و لێپرسراوی تازەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی بەرۆژنامەی راگەیاند: ژمارەیەک لەکادیران‌و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاریانداوە کار بۆ لیستێک بکەن لەدەرەوەی یەکێتی، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆو بڕیاری مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتی ناتوانن لەناو یەکێتیدابن‌و کار بۆ لیستێک بکەن لەدەرەوەی یەکێتی، یەکێتی مافی خۆیەتی کە دووریان بخاتەوە، بۆیە ئەوانەی مووچەی حکومییان هەیە دەستکاری ناکرێت، بەڵام ئەوانەی مووچەی حیزبیان هەیە، مووچەکەیان دەبڕدرێت.

رۆژی (٥/٢٥) لەشاری سلێمانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی بەبێ شەش سەرکردەکەی باڵی ریفۆرم کۆبووەوەو بەوتەی ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، تاکاتی کۆنگرە چالاکییەکانیان «سڕدەکرێت».

سەعدی ئەحمەد پیرە وتی: «ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی کە وازیانهێناوە لەکۆنگرەدا هەڵبژێردراون، تاکاتی کۆنگرەی داهاتووی یەکێتی چالاکیەکانیان سڕدەکرێت‌و تائەوکاتە ناتوانرێت دەربکرێن».




# پیشەوەرانی ناوچەی پیشەسازیی سلێمانی خۆپیشاندان دەکەن

ستارەعارف
سیروان عەول

سەدان فیتەرو دوکانداری ناوچەی پیشەسازیی سلێمانی خۆپیشاندانیان بۆ کردنەوەی دەروازەی رێگای سەرەکی ناوچەکەیان سازدا.

دوێنێ (٤٠٠ بۆ ٥٠٠) کەس لەدوکانداراو فیتەرەکانی ناوچەی پیشەسازیی سلێمانی خۆپیشاندانێکیان سازکردو چوارڕێیانی سەرچناریان گرت‌و رێگایان بەهیچ ئۆتۆمبێلێک نەدا تێپەڕێت‌و داوایان لەحکومەت کرد رێگای سەرەکی بەردەم پێشانگای سەرداریان بۆ بکاتەوە، کە بەوتەی ئەوان بژێویی زیاتر لە (١٥) هەزار خێزانی لەسەرە.

هاوڵاتی (محەمەد حسێن)ی دوکاندار بەرۆژنامەی راگەیاند: «رێگای ناوچەی پیشەسازیی چوار مانگە گیراوەو کاری تێدا ناکەن، گەر ئەو رێگایە بکەنەوە کێشەکەمان چارەسەر دەبێت، کە بژێویی (١٠-١٥) هەزار خێزان لەسەر ئەم رێگایەیەو ناتوانن بێن‌و سەردانمان بکەن‌و ئێمەش بەهۆی گیرانی ئەو رێگایەوە کارمان وەستاوەو کرێی دوکان دەدەین‌و باجیان لەسەرمان دەقات زیادکردووەو سێ مانگە کارمان نییە»

(نەوزاد حسێن)یش، کە یەکێکە لەفیتەرە بەشداربووەکانی ئەو خۆپیشاندانە ئاشکرایکرد، کە کارەباو باج‌و پێویستیەکانیان لەسەر گرانکردوون، داواشی لەحکومەت کرد کە ئەو رێگایەیان بۆ بکەنەوە، وتیشی: «کۆمپانیایەکی ئێرانی هەستاوە بەچاککردنی چوارڕێیانی سەرچنار دەڵێن نووسراو بۆ پارێزگار کراوە کە رێگاکەمان بۆبکەنەوە، بەڵام خاوەنی کۆمپانیاکە وتویەتی پیاو نییە ئەم رێگایەم پێ بکاتەوە، تائێستا وەڵاممان نەدراوەتەوەو چاوەڕوانین شتێکمان بۆبکەن».

لەبەرامبەریشدا عومەر مەحوی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی رایگەیاند: «هەوڵدەدەین لەبری یەک دەروازە دوو دەروازە بۆ ناوچەی پیشەسازیی سلێمانی دروست بکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەم کێشەیە هەوڵدەدەین کارەکان بخەینە شەوەوە بەرۆژیش رێگای هاوڵاتییان بکەین بۆ هاتوچۆکردن»



# هەرێم دواکەوتنی هەڵبژاردن دەخاتە ئەستۆی بەغدا

پشتیوان سەعدوڵڵا

بەوپێیەی کە تائێستا حکومەتی عێراق بودجەی هەڵبژاردنی کوردستانی دابین نەکردووە، حکومەتی هەرێم بڕیاریدا وەفدێک رەوانەی بەغدا بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، لەهەمانکاتیشدا بڕیاریدا (پێشینە) بۆ ئامادەکارییەکانی پرۆسەکە دابینبکات.

٥/٢٤ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەکی ئاسایی ئەنجامدا، بەپێی هەواڵێکی سایتی حکومەتی هەرێم، لە کۆبوونەوەکەدا ئەنجومەنی وەزیران نیگەرانی خۆی لە بەرامبەر هەڵوێستی حکومەتی عێراق دەربڕیوە کە تائێستا بودجەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی نەناردووە، لەکاتێکدا بودجەی هەڵبژاردن دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراقی‌و هەر دواکەوتنێکی بودجە، ئەنجامی نێگەتیڤ دەخاتە سەر هەڵبژاردنەکان، لەوەش تەنیا حکومەتی عێراق بەرپرسیارە.

محەمەد قەرەداغی، سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەپێی دەستووری عێراق بودجەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆی حکومەتی عێراقی فیدراڵە، هەرچەند حکومەتی عێراقی پێشتر بەڵێنی سەرفکردنی بودجەکەی دابوو، بەڵام لەئێستادا دەڵێن ١٧٪-ەکەی هەرێم بودجەی هەڵبژاردن دابیندەکات، کە ئەوەش پێچەوانەی دەستوورە.

چەند مانگێک پێش ئێستا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، داوای لە حکومەتی عێراق کرد بری (٣٧) ملیۆن دۆلار دابینبکات بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە وابڕیارە ٧/٢٥ بەڕێوەبچێت، هەرچەند نوری مالیکی سەرۆک وەزیران، پێشتر بە زارەکی بەڵێنی دابینکردنی ئەو بودجەیەی دا، بەڵام تائێستا ئەو مەسەلەیە یەکلایی نەکراوەتەوە، بەو هۆیەوە حکومەتی هەرێم بەنیازە وەفدێک بنێرێتە بەغدا.

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم وتیشی: «بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بودجەی هەڵبژاردن، لەم ماوەیەدا وەفدی حکومەتی هەرێم سەردانی بەغدا دەکات، بەڵام بۆئەوەی هەڵبژاردن دوانەکەوێت، لە کۆبوونەوەکەدا حکومەتی هەرێم بڕیاریدا سلفە بە کۆمسیۆن بدات».

# دەرکردنی فەرمانبەرە حکومییەکان لەسەر کاندیدبوونیان پێچەوانەی یاسایە

فەلاح نەجم

سەرۆکی زانکۆی کۆیە هۆکاری لابردنی راگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆکەی دەگەڕێنێتەوە، بۆئەوەی کاندیدی پەرلەمانەو ناکرێت لە یەک کاتدا دوو کاری هەبێت، ئەوە لەکاتێکدایە چەند مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانیش لە لیستی کوردستانیدا کاندیدی پەرلەمانن‌و تائێستا دەوام دەکەن، هاوکات بەپێی یاسای هەموارکراوی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، نابێت هیچ فەرمانبەرێکی حکومیی لەسەر کارەکەی لاببرێت، ئەگەر خۆی کاندید بکات.

لە دوایین هەوڵی دەرکردنی مامۆستاو راگری زانکۆکاندا، مەکتەبی سیاسی یەکێتی بڕیاریدا بە دەرکردنی د.جەعفەر رەسوڵ، راگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە رانیە سەر بە زانکۆی کۆیە، دەرکردنی ئاراس ئەحمەد مامۆستای پەیمانگای گەشتوگوزاری دوکان، کەسی یەکەم ناوی لە لیستی گۆڕاندایەو دووەمیش پشتگیری لە لیستەکە کردووە، ئەوە لەکاتێکدایە لیستی کوردستانی ژمارەیەک مامۆستای زانکۆی تێدایەو تائێستاش دەوام دەکەن‌و هیچ کێشەیەکیان نییە.

د.جەعفەر رەسوڵ، راگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی کۆیە، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو بڕیارەی دژی من دراوە، بڕیارێکی مەدەنی‌و حکومی نییە، بەڵکو مەکتەبی سیاسی بەسەر زانکۆی کۆیەدا سەپاندوویەتی.

د.خدر مەعسوم، سەرۆکی زانکۆی کۆیە، پاساوی دەرکردنی د.جەعفەر بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە پاڵێوراوی لیستی گۆڕانە بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەو پێیەش بووەتە پاڵێوراوی لیستێک، دەبێت هەر راگر سەرۆک بەش‌و مامۆستایەک ببێتە پاڵێوراوی هەر لیستێک دەست لەکاربکێشێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا چەندین مامۆستاو راگری کۆلێژەکان ئێستا لە زانکۆی سلێمانی‌و هەولێر دەوام دەکەن‌و سەر بە لیستی (کوردستانی) پارتی‌و یەکێتین، سەرقاڵی دەوامن‌و تائێستا لەسەر کارەکانی خۆیان ماونەتەوە.

هاوکات بەپێی یاسای هەموارکراوی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، نابێت هیچ فەرمانبەرێکی حکومیی کە خۆی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کاندید دەکات، بەهیچ شێوەیەک لەسەر کارەکەی لاببرێت.

زانا رۆستایی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، رایگەیاند: دەرکردنی د.جەعفەر هیچ بنەمایەکی یاسای نییەو بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەو یاسایەیە کە هەفتەی رابردوو لە پەرلەمانی کوردستان هەموارکرا، وتیشی: «راگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان مافی ئەوەی هەیە لە دادگا داوای یاسایی لەسەر ئەو کەسانە تۆماربکات کە لەسەر کارەکەی لایانداوە».

ئەو ئەندامەی پەلەرمان پێیوابوو، ئێستا پارتی‌و یەکێتی سەرجەم پۆستە حکومییەکان وەک پۆستێکی حیزبی سەیردەکەن، بۆیە ئەو مافەیان داوە بە خۆیان کە بەهۆی هەڵوێستی جیا لە ئەوانەوە ئەو فەرمانبەرانە دەربکەن.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە وتاری دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنەکان، لەکاتی وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامانی پەرلەماندا، بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە رێگا بەهیچ کەسێک نادرێت هەڕەشە لە فەرمانبەرە حکومییەکان بکات، یان بیانترسێنێت بۆئەوەی دەنگ بە لایەنێکی دیاریکراو بدات، یان پشتگیری لەلایەنێکی دیاریکراو بکات، هەروەها نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانییدا هەمان وتەی سەرۆکی هەرێمی دووپاتکردەوە.

بۆ بەدواداچونی زیاتر، رۆژنامە پەیوەندی بە ئیدریس هادی، وەزیری خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمەوە کرد، بەڵام ناوبراو لەوبارەیەوە ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک بدات.

هەر لەو چوارچێوەیەداو لە سەروبەندی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکاندا بەهۆی پەیوەندییان بە لیستی گۆڕانەوە، چەند مامۆستایەکی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان لەسەر کارەکانیان دەرکراون.

# میدیای کوردی لەنێوان تاوانبارکردنی بەکاری سیخوڕیی‌و گەیاندنی ڕاستییەکاندا

## نێچیرڤان بارزانی: جەنگێکی موخابەراتیی لەدژی ئێمە لەگۆڕێیەو ڕاگەیاندنەکانمان جێبەجێی دەکەن

## «دەسەڵاتی سیاسی‌و حیزبەکان جەیشی وڵاتانی دراوسێی هێناوەتە هەرێمەوە، نەک ڕۆژنامەکان»

دلێر عەبدولخالق

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆرینەی کەناڵەکانی میدیای کوردی «بەجێبەجێکاری پلانی موخابەرات تۆمەتباردەکات‌و پێیوایە نابەرپرسانە کارەکانی رایدەکات‌و جۆرێکە لەفەوزاو بەرەڵایی»، لەبەرامبەریشدا بەشێک لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕەخنەی توند ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەکەن‌و پێیانوایە ئەوەی جەیشی وڵاتانی دراوسێی هێناوەتە هەرێمەوەو مەترسی دروستکردووە، ئەوە «دەسەڵاتی سیاسییە» نەک «ڕۆژنامەکان».

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت، نێچیرڤان بارزانی ئاماژە بەوە دەکات، زۆرینەی کەناڵەکانی میدیای کوردی لەبارەی گەندەڵییەوە وێنەیەک دەخولقێنن لەچوارچێوەی جەنگێکی موخەباراتییە بەپاڵپشتی وڵاتـانـی دراوسـێ لەدژی حکومەت‌و لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانمانەوە جێبەجێدەکرێت. پێشیوایە بەهۆی ئەوەی زۆربەی ڕۆژنامەنووسان پیشەیی نین لەڕایکردنی کارەکانیان، دۆخەکە جۆرێکە لەنابەرپرسیارێتی‌و فەوزا.

لەبەرامبەردا ڕۆژنامەنووسانی میدیای ئەهلی ڕەخنەی توند ئاراستەی لێدوانەکانی سەرۆکی حکومەت دەکـەن‌و پێیانوایە ئەوجۆرە لێدوانانە جگەلەوەی زیان بەکایەکانی کۆمەڵگا دەگەیەنێت، بۆ


نێچیرڤان بارزانی

کەسایەتی سەرۆکی حکومەتیش لەکەیەکی گەورەیە، چونکە بێ بەڵگە ئەو قسانەی کردووە، ئەگەریش بەڵگەی لەسەر ئەو حاڵەتانەی میدیا هەیە پێویستە ئاشکرای بکات.

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو لێدوانانەی نێچیرڤان بارزانی پێش ئەوەی بۆ سومعەی میدیاو کەلتوورو ڕۆشنبیریی کۆمەڵگای کوردی زیانمەند بێت، بۆ بەهاو کەسایەتی خۆی وەک سەرۆکی حکومەت لەکەیەکی گەورەیە، چونکە ناکرێت یەکێک لەپۆستی سەرۆکی حکومەتدابێت بێ بەڵگە قسەبکات‌و تۆمەتی ئیشکردنی موخەبەراتی لەمیدیا بدات. وتیشی: «چەندینجار وتوومانە یەکێتی‌و پارتی‌و حکومەتی هەرێم دەزگای سیخوڕی گەورەیان لەبندەستە، بۆیە ئەگەر بەڵگە، یان دۆکیۆمێنتێکیان لەسەر ئەو حاڵەتەی میدیای کوردی هەیە، حەقە ئاشکرای بکەن».

هاوڕا لەگەڵ بۆچوونی سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، کەمال ڕەئـوف سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتی دەڵێت: «حکومەت ئیشی چییە، ئەگەر دەزانێت لەناو میدیادا خەڵکی نابەرپرس‌و سیخوڕ هەیە، بۆچی نایەت دەستبخاتە سەر ئەو خەڵکانەو بیانداتە دادگا، خۆ ئەگەرنا ئەوان داوا لەڕۆژنامەنووسان دەکەن بەبەڵگەوە قسەبکەن، کەواتە ناکرێت سەرۆکی حکومەت ئەو مافە بەخۆی بدات، بێ بەڵگە قسەبکات». ئاماژەی بەوەشکرد، ئەوەی تائێستا حکومەتەکان‌و جەیشی وڵاتانی دراوسێی هێناوەتە کوردستان، ئەوە ڕۆژنامەکان نین، بەڵکو دەسەڵاتی سیاسی‌و حیزبەکان بوون.

بەشێکی دیکە لەڕۆژنامەنووسان ئاماژە بەوە دەکەن چەندینجار سەرۆکی حکومەت لەبەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا، دانی بەوەداناوە لەکوردستان گەندەڵی ئیداریی هەیە، بەڵام ئێستا لەوچوارچێوەدا ئەو ڕاگەیاندنە بە «شەڕێکی موخابەراتی» لەباسکردنی گەندەڵی تۆمەتبار دەکات.

ئاسۆس هەردی بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاوێنە بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە ڕۆژانـە لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا «بەحیزبییەکانیشەوە» چەندین بەڵگە لەسەر ئەو گەندەڵی‌و پێشێلکارییانە بڵاودەکرێنەوە، کە لەم هەرێمەدا هەن‌و کەس ناتوانێت نە بیانشارێتەوە، نە نکۆڵییان لێبکات. هیچ شتێکیش لە «نەبوو» دروست ناکرێت، کەواتە کە گەندەڵی بەوشێوەیە لەکوردستاندا هەیە، ئەرکی سەرشانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە بەدویدا بچن‌و ئاشکرای بکەن. وتیشی: «ئەگەریش فەوزا لەبەدواداچوونی گەندەڵیدا هەبێت، بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت کە شەفافییەتی مالی‌و ئیداریی تێدانییە، نەک ڕۆژنامەنووسان. دیسان ئەگەر سەرۆکی حکومەت بەڕاستییەتی‌و بەڵگەی لەسەر ئەو تۆمەتانەی هەیە، پێموایە دەبێت لێی بپرسینەوە، کە چۆن «ئەو تاوانبارانە» ناگرێت‌و نایانداتە دادگا!؟ چونکە ئەوەی کاری موخابەراتی بۆ دەوڵەتانی دراوسێ بکات «ئەو دەوڵەتانەی کورد دەچەوسێننەوە»، بەکوردییەکەی مانای جاسووسە. بێدەنگبوونیش لەسەر جاسووسی، لانیکەم مانای چاوپۆشیکردن لەخیانەت دەگەیەنێت».

بەبڕوای ئەحمەد میرە سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، پێویستە خەڵکی کوردستان‌و ڕای گشتی داوای لێپێچینەوە لەسەرۆکی حکومەت بکەن، هەروەک ڕۆژنامەنووسان‌و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش داوای یاسایی تۆماربکەن، بەوهۆیەی بەبێ بەڵگە تۆمەتی لەمیدیای کوردی داوە.

مامۆستایەکی ڕۆژنامەگەریش لەزانکۆی سلێمانی ئاماژە بـەوەدەکـات، ئەگەری تێوەگلانی بەشێک لەڕۆژنامەگەری کـوردی، بەکاری موخابەراتی‌و دەزگـا هەواڵگرییەکان پێویستی بەلێکۆڵینەوەو بەدواداچوون هەیەو ئەگەر ئەو بەڵگانە سەلمێندران، پێویستە حکومەت ئیجرائاتی خۆی بکات.

هەڤاڵ ئەبوبەکر مامۆستای ڕۆژنامەگەری لەزانکۆی سلێمانی، پێیوایە تاوانبارکردنی بەشێک لەڕۆژنامەگەری کوردی بەوەی تێوەگلابێت بەکاری موخابەراتی پێویستی بەلێکۆڵینەوەو بەدواداچوون هەیە، هــەروەک ناکرێت حکومەت ڕێگەبدات ڕۆژنامەیەک بەدەستی خەڵک لەدەرەوە دەربچێت، واتە ئەگەر ئەمانە بەبەڵگە دەسەلمێندرێن، پێویستە شکاتیان لێبکرێت‌و داوایـان لەسەر تۆماربکرێت‌و بدرێنە دادگا، بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ تۆمەتبارکردن‌و ناشیرینکردنی میدیا بێت ئەویش پێویستی بەسەلماندن هەیە. وتیشی: «بڕواناکەم ئەوانەی لەکوردستان ڕۆژنامە دەردەکـەن کەمتر لەسەرۆکی حکومەت‌و خەڵکانی دیکە، کوردستانیان خۆش بووێت، کەواتە نایانەوێت هەرێم ببێتە جێ تەراتێنی هێزی داگیرکەر، ئەمە لەکاتێکدا هێزە سیاسییەکان پێشتر بەئاشکرا دەستی ئەو دوژمنانەیان بۆ کوردستان ڕاکێشاوە».

لەبارەی ئـەوەی میدیای کـوردی کەوتووەتە جۆرێک لەدۆخی نابەرپرسانەو فــەوزا، ئاسۆس هەردی نووسەرو ڕۆژنامەنووس پێچەوانەکەی دەبینێت‌و دەڵێت: «خزمەتکردن بەوڵات، لەڕێگەی تۆمەتبارکردن‌و شاردنەوەی کەموکوڕییەکانەوە ناکرێت، بەڵکو دەبێت جورئەت بکەین ناشرینییەکانی خۆمان ببینین‌و گفتوگۆیان لەسەر بکەین، لێرەوە ئــەوەی ڕاگەیاندنی کــوردی دەیـکـات، کارێکی بەرپرسیارانەیە لەپێناوی بنیاتنانی سیستمێکی دیموکراسی‌و کراوەدایە، کە هاوڵاتی ئەم هەرێمە لەسایەیدا خاوەنی ماف‌و ئازادیی‌و ڕێزە». وتیشی: «بێگومان دەشێت لێرەو لەوێ کەموکوڕیی‌و هەڵە لەکاری ڕۆژنامەوانیشدا هەبێت، بەڵام ئەمە بەهیچ جۆرێک نابێتە بیانووی ئەوەی زۆرینەی ڕاگەیاندنی کوردی بەنابەرپرسیار تۆمەتبار بکرێت، چونکە وەکو دەڵێن: تەنیا ئەو کەسانە هەڵەناکەن، کە هیچ کارێک ناکەن».

پێشتریش‌و لەسەروبەندی پەیدابوونی لیستە جیاوازەکان بۆ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان ڕۆژنامەگەری کوردی دیاردەیەکی نوێی بەخۆوە بینی، کە خۆی لەشەڕی ڕاگەیاندنی حیزبی‌و کەناڵە ئەهلییەکانەوە بینیوە. ئەم حاڵەتەش دوای ئەو هەوڵە ڕێکخراوە هات، کە لەڕاگەیاندنی حیزبییەوە دژی کەناڵە ئەهلییەکان ئاراستەدەکرا، کە بەبڕوای سەرنووسەری هاوڵاتی ئەو لێدوانەی سەرۆکی حکومەت ئـەوەی سەلماند، کە دەستی حکومەت لەپشت ئەو شەڕەوەبووە کە لەڕاگەیاندنی حیزبیەوە بەرامبەر میدیای ئەهلی دەکرا.

کەمال ڕەئوف پێیوایە، ئەو لێدوانانەی نێچیرڤان بارزانی بەرامبەر میدیای کـوردی کردوویەتی، ڕاکـردن‌و خۆدزینەوەیە لەواقیع، هـەروەک ئەمە یەکەمجار نییە، لەمیدیاکانی حیزبییشەوە ئەو هێرشانە دەکرێت، بەڵام ئەو لێدوانەی سەرۆکی حکومەت دەریخست دەستی خۆیان‌و حکومەت لەپشت میدیای حیزبیەوەیەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ کەناڵە سەربەخۆکان‌و وتـی: «ئـەو هەوڵانە بۆ تیرۆرکردنی میدیای ئازادە».

لەبارەی ئـەوەی، ئایا دەکرێت ئەو پەیامەی نێچیرڤان بارزانی بەشێکی ئاراستەی ڕاگەیاندنی حیزبیش کرابێت، ئەحمەد میرە دەڵێت: «ئەو پەیامە تەنیا بۆ ئەو کەناڵە ئەهلییانەیە کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئیش دەکـەن‌و ڕاگەیاندنی حیزبی ناگرێتەوە، چونکە ڕاگەیاندنی حیزبی خۆی چەکێکە لەپشت نێچیرڤان بارزانی‌و حکومەتەکەی وەستاوەو بەرگری لەناشیرنییەکانی دەکات».

ناپیشەیبوونی ڕۆژنـامـەنـووسـان لەناو ڕۆژنامەگەری کوردییدا، یەکێکە لەو ڕەخنانەی بەشێوەی بەربڵاو ئاراستەی ڕاگەیاندنکارەکانی ناو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەت ئەهلییەکان دەکرێت، هەروەک لەچوارچێوەی ئەو بۆچوونەدا دەردەکـەوێـت ئـەم دیـاردەیـە زۆرجـار وای لەڕۆژنامەنووسان کردووە «بابەتیانەو زانستیانە» ڕوومالی مادەکانی بەردەستیان نەکەن.

هـەڤـاڵ ئەبوبەکر پێیوایە، پیشەیبوونی ڕۆژنامەنووسان لەئاستێکی زۆر لاوازدایـە، بەشێکی زۆریان ئاشنانین بەیاساکان، بەئیتیکی ڕۆژنامەگەری، لەبەرئەوە زۆرجـار ڕوومالی بابەتەکان بەشێوەیەکی زانستی نییەو بەڵگەو دۆکیۆمێنتی لەپشتەوە نییە، بەڵام ئەوەش دەڵێت: «تائێستا پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێم یاسایەکیان نییە بۆ گەیشتن بەزانیاری، زۆربەی بابەتە گرنگو هەڵپەسێردراوەکان زانیاری لەسەریان بەئاسانی دەست ناکەوێت، حکومەتیش ئەو هەوڵەی وەک سانسۆرێک دانـاوە بۆئەوەی ڕۆژنامەنووسان بەئاسانی زانیارییان دەست نەکەوێت، تانانەت ئەوانەی پیشەیشن». ئاماژەی بەوەشکرد، ڕۆژنامە حیزبیەکانیش ناتوانن ئەو زانیاری‌و داتایانە وەربگرن، کەواتە ئەوان ئامادەنین ئەو زانیارییانە بدەنە کەناڵەکانی خۆشیان، چ جای بیگەیەننە کەناڵە ئەهلییەکان.


ئاسۆس هەردی


هەڤاڵ ئەبوبەکر


ئەحمەد میرە


کەمال ڕەئوف

ژمارە (477) چوارشەممە 2009/5/27
birura.rozhnama@gmail.com
رۆژنامە

## عەرەبەکان لیستی (٢٢)ی تەمموز پێکدەهێنن

# ئەزموونی حەدبا لە کەرکوک دووبارە دەبێتەوە



دیمەنێک لە شاری کەرکوک   فۆتۆ: ئاکۆ محەمەد شوانی

**هەستیار قادر**

عەرەبەکانی کەرکوک بە بەشداری (٦٠) حیزب‌و لایەن‌و کەسایەتی عەرەبی ناوچەکە، لیستێکی نوێ بە ناوی (٢٣)ی تەممووزەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک پێکدەهێنن، ئەندامێکی لیستی برایەتی کەرکوکیش پێکهێنانی ئەو لیستە بە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی لیستی حەدبای موسڵ لە کەرکوک لەقەڵەمدەدات.

رۆژی هەینی رابردوو (٦٠) حیزب‌و لایەن‌و کەسایەتی عەرەبی کەرکوک لە گوندی (ئیمان ئیسماعیلی) سەر بە قەزای حەویجەی کەرکوک، کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامداو دواتر پێکهێنانی لیستێکیان راگەیاند بەناوی لیستی (٢٢)ی تەمموز، وەک ئاماژەیەک بۆ ریکەوتنی (٢٢)ی تەممووزی ساڵی ٢٠٠٨ی چەند لایەنێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەمەبەستی پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەبێ رەزامەندی کورد، کە ئامانج لێی کۆکردنەوەی لایەنە عەرەبییەکانە لەو لیستەدا تا بتوانن بە هێزەوە بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای داهاتووی کەرکوکدا بکەن، کە بڕیارە لەدوای کۆتاییهاتنی کارەکانی لیژنە پەرلەمانییەکەی مادەی (٢٣) یاسایەکی تایبەتی بۆ دابنرێت‌و بەپێی ئەو یاسایە هەڵبژاردن لە کەرکوکدا ئەنجامبدرێت.

محەمەد تەمیمی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی بەرەی دیالۆگی نیشتمانی عێراقی کە یەکێکە لە پێکهێنەرانی ئەو لیستە، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئامانج لە پێکهێنانی لیستی (٢٢)ی تەمموز، کۆکردنەوەی لایەنە عەرەبییەکان‌و دەنگی هاوڵاتییانی عەرەبی کەرکوکە، تا پەرتەوازە نەبن‌و بتوانن لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا رۆڵی خۆیان هەبێت‌و پەراوێز نەخرێن.

پێکهێنانی ئەم لیستە عەرەبییە مەترسییەکانی دووبارەبوونەوەی ئەزموونی لیستی حەدبای موسڵی هێناوەتە ئاراوە کە لەدوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ، لیستی کوردی لە حکومەتی محەلی‌و پۆستە ئیدارییەکان بێبەشکردووەو ئاڵۆزییەکی سیاسیی لەو پارێزگایە دروستکرد.

محەمەد تەمیمی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، لە رێگای ئەو لیستەوە دەیانەوێت هێزێکی هاوشێوەی لیستی حەدبای موسڵ لە کەرکوک بنیادبنێن، کە تێیدا مامەڵەکردن لەسەر بنەمای سێ نەتەوە سەرەکییەکە بێت لە کەرکوکدا، نەک تەنیا یەک نەتەوە.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پێیوایە، پێکهێنانی لیستی (٢٢)ی تەمموز دووبارەکردنەوەی ئەزموونی لیستی حەدبای موسڵە لە کەرکوکدا، وتیشی: «ناوی لیستەکە ئاماژەیە بۆ کودەتای (٢٢)ی تەممووزی پەرلەمانی عێراق، ئەو ناونانەش بۆ خۆی ئیفتیزازییە بۆ کورد»، بەڵام عەسکەری ئەوەی بەدوورزانی لەرووی کردارییەوە بتوانن هەمان هەنگاوی لیستی حەدبای موسڵ بنێن لە کۆنترۆڵکردنی یەکە ئیدارییەکانی شاری کەرکوکدا، بەو پێیەی بە وتەی ناوبراو، «کورد لە کەرکوکدا زۆرینەن‌و لیستی (٢٢)ی تەممووزیش ناتوانێت لەگەڵ لیستی تورکمانەکاندا هاوپەیمانێتی بکات».

# حەسانە لەسەر ١١ پەرلەمانتار هەڵدەگیرێت

**بەهادین یوسف**

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دۆسیەی (١١) پەرلەمانتار ئاراستەی دادگای باڵای فیدراڵی دەکات بۆ هەڵگرتنی پشتەوانەی یاسایی (حەسانە) لەسەریان بە تۆمەتی «گەندەڵی‌و کاری تیرۆریستی»، زۆربەی ئەندامەکانیش سەر بە بەرەی تەوافوقن.

لیژنەی لێکۆڵینەوەی پەرلەمانیی لە عێراق‌و راسپێردراو بە وردبینی لە رێوشوێنە یاساییەکان، لەسەر داوای هەڵگرتنی حەسانەی پەرلەمانتاران ئاشکرایکرد: (١٠٥) نوێنەر لە هەموو لیستەکان ئیمزایان کردووە بۆ هەڵگرتنی حەسانە لەسەر (١١) پەرلەمانتار، داواکەش ئاراستەی دادگای باڵای فیدراڵی کراوە بۆ لێکۆڵینەوەو بڕیار لەسەردانی، زۆربەی تۆمەتەکانیش لەسەر مەسەلەی تیرۆرو گەندەڵی‌و ناوزڕاندنە.

پاڵە باوانی، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: زۆربەی ئەو ئەندامانە لەسەر بەرەی تەوافوقن، داوای لابردنی حەسانە لەسەر ئەو پەرلەمانتارانە دوای دانپێدانانەکانی ئەبو عومەری بەغدادی ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق دێت، کە لەسەر هەندێکیان کردوویەتی.

وتیشی: «چەند بەڵگەنامەیەک هەیە لەسەریان کە دەستیان لەگەڵ قاعیدە تێکەڵکردووە یان خەڵکیان کوشتووە، تۆمەت‌و بەڵگەنامەکان سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران دەیداتە ئەنجومەنی نوێنەران تا دەنگی لەسەر بدرێت‌و حەسانەیان لەسەر هەڵبگیرێت، تا دادگا بتوانێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات یان دەستگیریان بکات».

ئیمان ئەسەدی، ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوەکان، بە رۆژنامەی حەیاتی راگەیاندووە، لیژنەکەیان داوای لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران کردووە مەسەلەی هەڵگرتنی حەسانە لەسەر ئەو پەرلەمانتارانە بخرێتە دەنگدانەوە، خواستێکی سەرەکیش هەیە لەناو پەرلەماندا بۆ کۆتاییهێنان بەو کێشەیە، بۆئەوەی یاسا بە رۆڵی خۆی لە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کەسانە هەستێت.

ئاماژەی بەوەشکرد «داوای هەڵگرتنی حەسانە بۆ سوکایەتی‌و شکاندنی ئەو ئەندامانە نییە، دواتر ئەگەر یاسا بێتاوانیانی سەلماند، ئەوە متمانەیان بۆ دەگێڕدرێتەوە».

ئەو ئەندامانەش کە تائێستا ناویان لە لیستەکەدا هەیە (عەدنان دلێمی سەرۆکی بەرەی تەوافوق کە کوڕێکی بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیرکرا لەماڵەکەیدا، د.سەلیم جبوری وتەبێژی تەوافوق‌و چەند ئەندامێکی دیکەی ئەو بەرەیە، سامی عەسکەری ئەندامی لیستی ئیئتیلاف لەسەر سکاڵایەکی هۆشیار زێباری، موفید جەزائیری پەرلەمانتاری حیزبی شیوعی عێراق کە پێشتر وەزیری رۆشنبیریی بووەو تۆمەتی گەندەڵی لەسەرە، ئوسامە نجێفی لەسەر داوای لیستی هاوپەیمانی کوردستان).

بەپێی مادەی (٦٣) لە دەستووری عێراق، حەسانە لەسەر پەرلەمانتار هەڵناگیرێت مەگەر تاوانبارکرابێت بە تۆمەتێک، یان لە تاوانێکەوە گلابێت، هەروەها لەلایەن دادگاوە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەستگیرناکرێن، تا لانەبردنی حەسانە لەسەریان بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی نەبێت، دوای رەزامەندیی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران.

بەوتەی ئەندامەکەی لیستی هاوپەیمانی، ئەو پەرلەمانتارانە هەندێکیان پەیوەندییان بە گروپە چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقەوە هەیە، وتیشی: «زیاتر لە (١٠) کەسی قاعیدە لە موسڵ دەستگیرکراون، ئیعترافیان لەسەر ئوسامە نوجێفی‌و براکەی کردووە، بەڵام پێش هەڵبژاردن لەبەر بارودۆخی سیاسی، لێکۆڵینەوە نەکراوەو ئێستا کار بۆ ئەوە دەکرێت ئەو مەسەلەیە بوروژێنرێتەوە».

لەماوەی کارکردنی ئەم خولەدا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق حەسانەی لەسەر چوار پەرلەمانتار هەڵگرتووە، ئەوانیش (مەشعان جبوری لەساڵی ٢٠٠٦دا، ناسر جەنابی ساڵی ٢٠٠٧، محەمەد داینی لەسەر ئاراستەکردنی تۆمەتێک لەلایەن دادگاوە، هەروەها میسال ئالوسی لەسەر بەشداریکردنی لە کۆنگرەیەک لە ئیسرائیل، کە دواتر دادگای دەستووری عێراق حەسانەی گەڕاندەوە بۆ ئالوسی).



سامەڕایی جولەی خستەوە پەرلەمان

## جەبار یاوەر: هەواڵەکە بۆ ترساندنی تورکیایە

# «ئەمریکا چەکەکانی بۆ هێزی پێشمەرگە جێدەهێڵێت»

محەمەد ساڵح حەمەلاو

ڕۆژنامەیەکی تورکی بڵاویکردەوە، ئەمریکا دوای کشانەوەی هێزەکانی، چەکو پێداویستییە سەربازییەکانی بۆ سوپای عێراقو هێزی پێشمەرگە جێدەهێڵێت. وتەبێژی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێمیش رایدەگەیەنێت، «هەواڵەکە دوورە لە راستییەوەو تەنیا بۆ ترساندنی سوپاو دەسەڵاتدارانی تورکیایە».

بەگوێری هەواڵێکی ڕۆژنامەی (رادیکاڵ) تورکیا، وابڕیارە لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، چەکو پێداویستییە سەربازییەکانی بۆ سوپای عێراق بەجێبهێڵێتو هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش پشکی خۆی بەردەکەوێت.

جەبار یاوەر، ئەندامو وتەبێژی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەواڵەکەی ڕۆژنامەی رادیکاڵ دوورە لە راستییەوەو هیچ ڕێککەوتنێک بۆ جێهێشتنی چەکو تفاقی جەنگی لەنێوان ئەمریکاو عێراقدا بوونی نییە».

بەپێی ڕێککەوتنێکی نێوان ئەمریکاو عێراق کە بە ڕێککەوتنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ناسراوەو ڕێککەوتنەکەش خۆی لە (٣٠) مادەدا دەبینێتەوە، بەڵام یاوەر وتی: «لە هیچ مادەیەک لەو مادانەدا باسی ئەوە نەکراوە دوای گەڕانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، چەکو کەرەستە سەربازییەکان بۆ سوپای عێراقو هێزی پێشمەرگە جێبهێڵرێت، کاتێک ئەمریکا هاتە عێراقەوە لەسەرەتادا (٣٠٠) هەزار سەربازو سەدان تانکو تۆپی گەورەو هەزاران ئامێری گواستنەوەو سەدان هێلیکۆپتەری جەنگیو جبەخانەیەکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا».

وتەبێژی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم پێیوابوو، «جێهێشتنی ئەو چەکو جبەخانە گەورەی ئەمریکا بۆ سوپای عێراقو هێزی پێشمەرگە، شتێکی مەحاڵە».

وەک لە ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا قۆناغ بە قۆناغ دەبێت، سەرەتا کشانەوەکە لە شارەکانەوە دەستپێدەکاتو دواتریش سەربازگەو لەدوای ساڵی ٢٠١٠شەوە ئەمریکا بە قۆناغ دەست دەکات بە کشانەوەی تەواوی هێزەکانی.

بەپێی زانیارییەکان ئەو کشانەوەیە بەشێوەی قۆناغ بۆ ئەوەیە کە ئەمریکا دەیەوێت بە قۆناغ چەکو پێداویستییە سەربازییەکانی بکشێنێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئێستا ئەمریکا بۆ ئەوە دەگەڕێت کە ئایا گەڕانەوەکەی لە ڕێگای تورکیاوە بێت یان لە ڕێگایەکی دیکەوە.

وتەبێژی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە، «دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، هەموو چەکو جبەخانەکەی لەگەڵ خۆی دەبات، لەدوای خۆی هیچ شتێک جێناهێڵێت بۆئەوەی دابەشبکرێت بەسەر هێزەکانی عێراقو پێشمەرگەدا»


جەبار یاوەر

هەر بەگوێرەی هەواڵەکەی ڕۆژنامەی (رادیکاڵ)، بڕیارە هێزی پێشمەرگە کە بە (١٣٠) هەزار چەکدار مەزەندەی دەکات، بە شێوازێکی مۆدێرن ڕێکبخرێن، بۆئەوەی لە داهاتوودا ئەرکی پاراستنی (١٠) بنکەی سەربازیی ئەمریکییان پێ بسپێردرێت کە لە هەرێمی کوردستاندا دروستدەکرێن.

دەربارەی ئەوەش کە ئایا بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە لەئێستادا چ لێکدانەوەیەک هەڵدەگرێت؟ یاوەر باسی لەوەکرد «بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانە بۆ ئەوەیە ترسێک بخەنە ناو سوپاو دەسەڵاتدارانی تورکیاوە، بەو مانایەی کە ئەگەر ئەمریکا لە عێراق کشایەوە، ئەوا ئەو چەکانە دەکەونە دەست هێزی پێشمەرگەو مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە دروستدەبێت، بەڵام ئەوە لەگەڵ مەنتقی سەربازیدا ناگونجێت، چونکە ئەو چەکانەی بەدەست ئەمریکییەکانەوەیە چەکی ناتۆو پێشکەوتوون، تائێستاش ئەو چەکانەی بەدەست سوپای عێراقو هێزی پێشمەرگەوەیە چەکی خۆرهەڵاتین، ئەوە جگە لەوەی کە تائێستاش سوپای عێراقو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر بەکارهێنانی چەکی ناتۆ ڕاهێنانیان پێ نەکراوەو شارەزاییان لە بەکارهێنانیدا نییە، هەربۆیە ئەو کەسەی ئەو هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە، هیچ شارەزاییەکی لە بواری سەربازیدا نییە».

## نەژاد نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆباما دیاریدەکات

جەمال ئیختیار



سەرۆکی ئێران پێشنیازدەکات لە نەتەوەیەکگرتووەکان دیالۆگی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا ئەنجامبدات، ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی مانگی داهاتوودا بۆ پۆستەکەی هەڵبژێردرێتەوە.

ئاژانسی (ئەسۆشیەتد پرێس) لە زاری ئەحمەدی نەژاد بڵاویکردەوە، ئەو بانگەشانەی بۆ هاوسەنگی هەڵوێستەکانی ئەمریکاو دۆستەکانییەتی کە گوشار دەخەنە سەر ئێران لەمەڕ مەسەلەی ئەتۆمی، وتیشی ئێران هیچ کاتێک واز لە بەرنامەی خۆی بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم ناهێنێت.

ئۆباما داوایکردووە لەدوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئێران، هەوڵێکی جدیی بدرێت بۆ کۆتاییهێنان بە نزیکەی ٣٠ ساڵ ساردیی لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا. سەرۆکی ئەمریکا وتبووی کە ئەمریکا سەرگەرمی خۆئامادەکردنە تا سزای نێودەوڵەتی زیاتر بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، ئەگەر ئێران مل بە داواکارییەکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی نەدات، ئۆباما تا کۆتایی ئەمساڵ موڵەتی داوە بە ئێران کە پیشانی بدات ئایا لەگەڵ ئەمریکا دانوستان دەکات یان نا، ئێران لەم دواییەدا موشەکێکی دوورمەودای تاقیکردەوە کە مەودای ڕۆشتنی دوو هەزار کیلۆمەترەو دەگاتە ئەورووپای خۆرهەڵات، ئیسرائیلو بنکەکانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

پێشنیازەکەی ئەحمەدی نەژاد بۆ ڕووبەڕووبونەوەو دیالۆگ لەگەڵ ئۆباما لە نەتەوەیەکگرتووەکان، زیاتر بە ریکلامی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەچێت، بەڵام دەکرێت وەک پشتیوانی شکاندنی بەربەستی گفتوگۆ لەنێوان ئەو دوو وڵاتەشدا سەیربکرێن. نەژاد وتویەتی ئەگەر هەڵبژێردرێتەوە، ئامادەیە بۆ گفتوگۆ لەسەر مەسەلە جیهانییەکانو ئاشتیو ئاسایش بکەن، ئەمەش لەکاتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی کۆڕی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە مانگی ئەیلولی داهاتوو.

واشنتۆن هیچ کردەوەیەکی کتوپڕی دژی بەرامبەر قسەکانی ئەحمەدی نەژاد پیشان نەداوە.

دەربارەی مەسەلەی ئەتۆمی ئێران ئەحمەدی نەژاد وتویەتی، بەرنامەی ئەتۆمی ئێران شەفافەو ئەو وڵاتە تەنیا لە چوارچێوەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی نەتەوەیەکگرتووەکاندا مەسەلەکە باسدەکات.

نەژاد پێشتر ڕەخنەی لە سەرۆکی پێشووی ئێران محەمەد خاتەمی گرتبوو، کە بە قبوڵکردنی ڕاگرتنی پرۆسەی پیتاندنی یۆرانیۆم بووەتە هۆی شەرمەزاری ئێران، لەکاتێکدا نەژاد خۆی ئەوە بە مافێکی ڕەوای وڵاتەکەی دەزانێت.

ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) نووسیویەتی: هەموو کاندیدەکانی پۆستی سەرۆکایەتی ئێران بانگەشەی ئەوە دەکەن سەرەڕای سزاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، درێژە بە بەرنامەی ئاشتیخوازانەی ئەتۆمی ئەو وڵاتەو پیتاندنی یۆرانیۆم دەدەن، ڕۆژنامەکە نووسیویەتی: هەموو کاندیدەکان هاوبەشن لە دوژمنایەتی بۆ ئیسرائیل، بەڵام ڕکابەرەکان دەڵێن کە ئێران دەبێت لە دوورەپەرێزی لە کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا ڕزگاربکرێتو تۆنی هەڵوێستی ئێران دەبێت نەرمتر بکرێت، سیاسەتی دەرەکی ئێرانو زۆربەی مەسەلە گرنگەکانی ئێران زیاتر لەلایەن ڕێبەری باڵای ئایینی ئەو وڵاتەوە، عەلی خامنەیی دیاریدەکرێت، کە لەم دواییەدا لەسەردانی خۆی بۆ پارێزگای کوردستان داوای لە هاوڵاتییانی ئێرانی کردبوو کە دەنگ نەدەن بەو کەسانەی کە لایەنگریی خۆرئاوا دەکەن.

ڕۆژنامەکە دەنووسێت، کە ئەحمەدی نەژاد بەو قسانەی ڕایگەیاندووە کە لایەنگری خۆرئاوا نییە.

پەیوەندی دیبلۆماتی نێوان ئێرانو ئەمریکا هەر لەسەرەتای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە پچڕاوە، ئەمریکا هەڵوێستەکانو پێگەی سیاسی ئێران لەناوچەکەدا بە گونجاو نازانێتو بە هۆکارێکیان لەقەڵەمدەدات بۆ پشێوییو ناسەقامگیریی ناوچەکەو جیهان، جگە لە هەوڵە ئەتۆمییەکانی ئێران کە لەلایەن خۆرئاواوە بە هەوڵی چاکسازیی ئەتۆمی لەقەڵەمدراون، ئێران تۆمەتبارە بەوەی کە یارمەتی گروپە توندڕەوەکانی ناوچەکە دەدات لەپێناو ناسەقامگیریدا.

ئەمریکا بەردەوام هەوڵیداوە کە وڵاتانی دیکە لەگەڵ خۆی لە دژی ئێران هاوڕابکاتو گوشاری زیاتر بۆ سەر ئێران دروستبکات، بۆ ناچارکردنی بە وازهێنان لە بەرنامەی ئەتۆمی.

# مەترسیی سەرەکی.. دەرەکی یان ناوەکی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات کامیان لەسەر حەقن



سۆران عەبدولقادر کۆستە

(٢-٢)

**مەترسیە ناوەکییەکانی سەر هەرێمی کوردستان:**

مەترسییەکانی ناوەوەی دەسەڵاتو ئیدارەی سیاسی هەرێمی کوردستان هیچی لەمەترسییە دەرەکییەکان کەمترنییە، ئەگەر زیاتر نەبێت. ژمارەیەکی زۆر لەم مەترسییانە کاریگەرییان لەسەر کرمۆککردنی دەسەڵاتی کوردیو لاوازکردنی ئینتیمای نیشتمانیدا هەیە. کاریگەرییان لەسەر خەڵکی کوردستانو یەکریزیی هێزە سیاسییە جیاوازەکان لەبەرامبەر مەترسییە دەرەکییەکاندا هەیەو بەجۆرێک ئەم توانایە بێهێز دەکاتو لەتوانای دەخات، کە مەترسییە دەرکییەکان چەند هێندە بکاتەوە. بەم پێیەش ئەگەر مەترسییە دەرەکییەکان یەکلایەنەبن، ئەوا مەترسییە ناوەکییەکان چەند ئەوەندەو چەند فاقنو کاریگەرییان لەسەر ئاراستەو دوورییەکی زیاترە.

گەندەڵی یەکێکی هەرە سەرەکییە لەنێو گرفتە نێوخۆییەکانی هەرێمی کوردستاندا، بنەمای ئەم گەندەڵیەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە: لەوانە سستبوونی هزری سیاسی کوردی کە لەماوەی (١٨) ساڵی رابردوودا نەیتوانیوە خۆی نوێ بکاتەوەو بەردەوام خەڵکی بێتواناکردووە، نەک بەپێچەوانەوە، ئەمەش لەرێگای جێگرتنەوەی میکانیزمی رکابەریکردنی رەوا بەرکابەریکردنی ناشەرعیو نارەوا، کە لەسیستمی پەروەردەکردنی سیاسەتمەداردا بەروونی رەنگیداوەتەوە. بەم پێیەش هەمیشە ئەو خەڵکانە بەرەو پۆستو جێگە هەستیارەکانی پەیکەری دەسەڵات هەڵکشاون کە تواناییان نییە. دواجار بەهۆی خەلەلو کەموکورتییەکانیانەوە میکانیزمی سیاسیان دووچاری قەیرانو شکست کردووە. لەلایەکی دیکەوە گرفتێکی دیکەی گەندەڵی، گەندەڵی دارایيو ناکارایی بەگەڕخستنی سەرمایەی تەرخانکراوە بۆ کوردستان، کە پێدەچێت ئەمجۆرە لەگەندەڵی مەبەستداربێت، چونکە هەموو دیاردەکان بەرچاونو زۆربەی گوناهەکانیش دەخرێنە پاڵ کۆمپانیاکانو گرێبەستەکانیان، کە زۆربەیان کۆمپانیای تورکیو ئێرانینو بەهاوبەشی لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی دیاریکراوی ناوخۆییدا کارەکانیان ئەنجامەدەدەن.

چەند دیاردەیەکی دیکەی گەندەڵی ترسناک بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتووەو زۆر بەئاستەم چارەسەر دەکرێت، هۆکاری سەرەکیش بۆ دەسەڵاتی سیاسی دەگەڕێتەوەو ئەوانەش ئێکستۆرشنو پاترۆنەیجو گرافتو ئیمبەزلمێنتو نیپۆتیزمو کرۆنیزمن. (داوای لێبووردنێکی زۆر لەخوێنەری کوردستان دەکەم کە ئەم زاراوانەم بەزمانی کوردی دەست نەکەوتوون). ئێکستۆرشن یەکێکە لەدیاردەکان کەخەڵکی دەسەڵاتدار تاوانو سەرپێچی دەکاتو هیچ هێزو دامەزراوەیەک نییە بتوانێت لێی بپرسێتەوە، لەمجۆرەش لەهەرێمی کوردستاندا زۆرە، باشترین نموونە کە بەبەرچاوەوە بێت چەندین پۆلیسی هاتوچۆمان بینیو بەدەست پاسەوانو خەڵکی بەرپرس لێدانیان خواردو کەسێکیش نەبوو لێپرسینەوەیان بەرامبەر بکات، ئەو ژنانەی تیرۆرکران..تاد، پاترۆنەیج: جۆرێکی دیکەیە لەگرفتی گەندەڵیو زۆر بەئاشکرا بەهەرێمی کوردستانەوە دیارە، لەڕووی زانستییەوە کاتێک دەسەڵات گرنگی دەداتە هەندێک لەڕێکخراوەکانو هەندێک کەس لەبەر خاترێک یان هۆکارێکی ناعادیل ئەوا دەڵێین ئەو دەسەڵاتە تووشی پاترۆنەیج بووە، لەنموونەی ئەمەشمان زۆرە، ئەو ڕێکخراوانەی کە موڵکی دەسەڵاتی کوردینو بەلێشاو پارەیان بۆ هەڵڕژاوە تەنانەت هەندێکیان هەیە بودجەکانیان لەبودجەی وەزارەتەکان گەورەترە، هەروەها هونەرمەندو قەڵەمی تایبەتی دەسەڵات هەیە، کە پارەو زەوی تایبەتو ئۆتۆمبێلو ..تادیان بۆ تەرخانکراوە، گرفت، گرفتێکی دیکەی گەندەڵییە کە تیایدا سوود لەدەسەڵاتی سیاسی وەردەگیرێت بۆ پاوانکردنی موڵک یان بەرژەوەندییەکی پاشەڕۆژی، بۆ نموونە هەردیارییەک بۆ سەرۆکی ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بچێت نابێت لە (٢٠٠) دۆلار زیاتر بێت، یان بۆی نییە لەماوەی حوکمرانی خۆیدا هیچ موڵکێک بکات بەناوی خۆیو کەسە نزیکەکانیەوە..تاد، یەکێکی دیکە لەگرفتەکانی گەندەڵی ئیمبەزلمێنتە، کاتێک دەسەڵاتی سیاسی پارەو پوولێکی زۆری لەبندەستەو دەیانخاتە پڕۆژەی وەبەرهێنانی تایبەتەوەو کاتێکیش پێویستبوو بیگەڕێنێتەوە بڕی ئەو قازانجەی کە کردوویەتی لەبنەڕەتی پارەکە زۆر زیاتری کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش مرۆڤی کورد دەتوانێت لەسەر مەسەلەی گومرک لە (١٩٩١)ەوە تائێستا لێپێچینەوە بکاتو مافی خۆیەتی داوای بەشە وەبەرهاتووەکانی سامانەکەی بکات. دواجار نیپۆتیزمیش بەواتای دامەزراندنی خەڵک لەپۆستو کارە جیاجیاکاندا لەسەر بنەمای خزمایەتیو پەیوەندی خوێن.. گەر هەرکەس تێبینی بکات هێزی سیاسی باڵادەست لەکوردستاندا لەماوەی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر لەپۆستە هەستیارو گرنگەکانی لەسەر بنەمای خوێنو خزمایەتی دابەشکردووەو ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی لەسەر متمانەی خەڵکی کوردستان بۆ دەسەڵات درووستکردووەو زۆربەی پۆستەکانی بەخەڵکی بێتوانا پڕکردووەتەوە. جۆرێکی دیکەی گەندەڵی کرۆنیزمە، کە ئەویش بریتییە لەدامەزراندنو بەخشینەوەی پۆست لەسەر بنەمای ئینتیمای حیزبیو گوێڕایەڵی ئەندامانی حیزبی، کە خۆی لەتەکەتوولو بەدەوروخولهاتندا بۆ کەسی بەرپرس دەبینێتەوە. جارێکی دیکە ئەم ئالیەتە لەسیاسەتی گەندەڵکردنی حیزبو حکومەتو دامەزراوە سیاسیەکانیدا کاریگەرییەکی زۆری لەهێنانە سەرکاری خەڵکی کەمتوانا بۆ پۆستە سیاسیو هەستیارەکان هەیە.

مەترسییەکی دیکەی ناوخۆیی نەبوونی بڕیاری سیاسی حەکیمانەو نەبوونی ستراتیژو نەخشەڕێی گونجاوە بۆ پیادەکردنی پلانە ستراتیژییەکان. گومانی تێدانییە کە دەسەڵاتی کوردی ستراتیژێکی روونو دارێژراوی نییە، ئەگەر هەشی بێت ئەوا ستراتیژی تاکە کەسیە یان ستراتیژێکی نەخشە بۆکێشراو نییە، واتە ستراتیژی عەوامە. بەم پێیە ئەم مەترسییە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بەڕێکردنی حوکمی هەرێمی کوردستانو عێراقیش داناوە. نەبوونی نەخشەڕێیەک کە لەپاش ژمارەیەکی دیاریکراو لەساڵ ئەنجامێکی پێشوەختی خوازراومان بۆ بەدەست نەهێنێت دەلالەتە لەسەر نەبوونی ستراتیژێکی تەواو، هەر بۆیەش ناتوانین بەئاسانی بچینە هاوپەیمانێتییەوە لەگەڵ هێزە باڵادەستە جیهانییەکاندا. باشترین نموونە ئێمە ئەمڕۆ لەجیهاندا چەندین جەمسەر بەدیدەکەین، جەمسەری ئەوروپایی، جەمسەری ئەمریکایی، جەمسەری عەرەبی، جەمسەری ئیسرائیلی، جەمسەرە خۆرهەڵاتییەکانی وەک چینو ئێرانو روسیامان هەیەو لەناوچەکەدا تورکیاش وەک جەمسەرێکی ناوچەیی کاریگەریی هەیە. لێرەدا پرسیار دەکەم ئایا لەماوەی چەندساڵی رابردوودا، لەماوەی (١٨) ساڵی حوکمو لەماوەی (٤) ساڵی دەسەڵاتی شەرعی خۆیدا هێزە باڵادەستەکانی کوردستان لەگەڵ کام لەم جەمسەرانەدا توانی بچێتە هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژو درێژخایەنەوە کە بەشێکی لەپاشەڕۆژی بۆ دابینبکات؟ پاش تێپەڕینی زیاتر لە دەساڵ کۆمەکی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان تاکە دەستکەوتی سیاسی ئێمە گلەییکردنە لەبەڵێنەکانی ئەمریکا، کە کەس نازانێت کامانەبوون ئەو بەڵێنانە.

بەپێی لۆجیکو زانست هەموو دەستەو تاقمو کەسێک دەتوانێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، تەنیا دیاریکراو بەکەفائەتەوە حوکمڕانی بکات، چونکە پاش ئەم ماوەیە پێویستی بەخۆ تازەکردنەوەی مەعریفیو فیکریو سیاسی هەیە. کاتێک هێزێکی سیاسی خەریکی حوکمڕانیە ناتوانێت خۆی نوێ بکاتەوەو خۆی بۆ قۆناغو مێژوویەکی نوێ کۆبکاتەوە، بۆیە دەبێت هێزێکی شاراوە هەبێت خۆی ئامادەکات بۆ داهاتوو، ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەحیکمەتە پەیپێنەبراوەکانی دیموکراتیو نهێنییەکانی ململانێی ئاشتیانەی ئازاد. لەماوەی رابردوودا هێزە باڵادەستەکان دەرفەتی خۆ نوێکردنەوەیان نەبووە، چونکە بەردەوام لەحوکمدا بوونو هەمان ئەقڵییەتی (١٨) ساڵی پێش ئێستایان هەیە، ئەمە جگە لەئیزافەی چەند ئەزموونێک، کە بەداخەوە بەهۆی گرفتی گەندەڵییەوە ئەو ئەزموونە نەبوونی باشتربوو. بۆیە بڕیاری سیاسی بڕیارێکی لاوازەو ناتوانێت بەر بەمەترسییە ناوخۆییەکان بگرێتو لەبەرامبەر مەترسییە دەرەکییەکانیشدا هیچ پشتیوانییەکی ناوخۆیی بۆ کۆناکرێتەوە.

یەکێکی دیکە لەمەترسییەکان لاوازبوونی ئینتیماو پێکهاتەی سیاسی حیزبە باڵادەستەکانە، خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ باوەڕی بەکاری حیزبی نەماوە بەوشێوازەی حیزبە باڵادەستەکان پەیڕەوی دەکەن. بەشێوەیەکی یاساییش ئەم حیزبانە هەڵناستن بەبەستنی کۆنگرەکانیان، چونکە کۆنگرە لەژیانی حیزبی سیاسیدا یەکێکە لەوجورعانەی کەژیان بەبەری حیزبدا دەهێنێتەوەو ئەقڵی نوێ دەخاتە کایەکانی کارکردنەوە. نوێنەبوونەوەی حیزبە سیاسییەکانو شکڵییەتی کۆنگرەو پلینیۆمو کۆبوونەوە فراوانەکانیان لەخۆیدا یەکێکی دیکەیە لەگرفتە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان کە کەرەستەی سیاسی پەکخستووە لەنوێبوونەوەو بەخشینی گوڕوتین بەژیانێکی نوێی سیاسی لەکوردستاندا.

یەکێکی دیکە لەمەترسییە ناوەکییەکان، دارمانی دامەزراوە مەعریفیەکانو ناوەندەکانی دیراساتو دۆزینەوەی چارەسەری زانستییە. زانکۆکانی کوردستانو خوێندنی باڵا لەگەورەترین قەیرانی خۆیدا دەژیو دەتوانین بیشوبهێنین بەقۆناغە تاریکەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. هەموو ئەو توێژینەوەو باسانەی لەم زانکۆیانەوە پێشکەشدەکرێن نازانستیو ناکۆکن لەگەڵ پێویستی سەردەماو بەتەواوی بەحیزبی کراونەتەوە بەجۆرێک هیچ تروسکاییەک نابینرێتەوە بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەی زانستی بۆ چارەسەری کێشەکانی کوردستان چ لەسەر ئاستی سیاسی، یان کارگێڕی یان تەکنیکی... تاد. ئەم ناوەندانە لەبری بەرهەمهێنانی کادیرو کەسی پسپۆڕ کەسی بێتواناو لەقاڵبدراو بەرهەمدەهێنن، ئەمە جگە لەوەی هیچ چارەسەرێک لەم ناوەندانەدا نادۆزرێتەوە.

مەترسییەکی دیکەی ناوەکی دارمانو هەرەسهێنانی سیستمی رۆشنبیرییە، کە نەلەسەر ئاستی هونەریو نەلەسەر ئاستی مەعریفی بەرهەمەکانی کوردستان باش نەکراونو بەردەوام وەرگێڕانی خراپو هەڵە، بەردەوام بەرهەمی بێپێزو ناشایستە لەبازاڕەکاندا دەبینرێنەوە.. ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەمەترسییەکان کە هۆشمەندیيو هزری کۆمەڵگا بەرەو دارمانو قەیرانی قووڵتر دەبات. مەترسی زۆرنو قوڵبوونەوە تێیاندا بێئومێدمان دەکات، کە ناکرێت لەدووتوێی ئەم نووسینەمدا تیشک بخەمە سەر یەکبەیەکی مەترسییەکانی وەک پەروەردەو تەندروستیو سەربازییو هەڵئاوسانی دامەزراندنو...تاد.

**حەقی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات بەسەر یەکترەوە:**

ئالێرەوە پرسیار دەکەینەوە، ئایا مەترسیی دەرەکی بەردەوامە یان تەواو بووە؟ ئایا مەترسیی دەرەکی ترسناکترە یان مەترسیی ناوەکی؟ گومانی تێدانییە کە مەترسیی دەرەکی مەترسییەکی بەردەوامەو هەرگیز ناکرێت هیچ هێزێکی سیاسی خۆی لەپرسە مەترسیدارە دەرەکییەکان بدزێتەوە، بەڵام ئەوەی سەرچاوەی غەمە، ترسناکی مەترسییە ناوەکییەکانە، چونکە هۆکاری مەترسییە دەرەکییەکان بەپلەی ناپاب، مەترسییە ناوەکییەکانن، کە کاردەکاتە سەر چەندجارەبوونی هێزی مەترسییە دەرەکییەکان لەسەر هەرێمی کوردستانو ئەزموونەکەی.

لەماوەی رابردوودا ئەوەمان پیشاندا، کە مەترسییە ناوەکییەکان کاریگەرییەکی بەهێزیان هەیە لەسەر لاوازکردنی جەستەی سیاسی هەرێمی کوردستانو هەر ئەمەشە دەبێتە هۆکار بۆ بەرگەنەگرتن لەبەردەم مەترسییە دەرەکییەکاندا. بۆیە ئەگەر بەجۆرێک لەڕاستگۆییەوە شرۆڤەی ئەودوو رایە بکەین سەبارەت بەمەترسیی ئەوا دەڵێین: خۆدزینەوە لەمەترسییە ناوەکییەکان بەگەورەکردنی مەترسییە دەرەکییەکان نابێتو ئۆپۆزسیۆنیش تەواوی مەترسییە دەرەکییەکانی فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو وتەکان سەقامگیر دەکەینو دەڵێین مەترسیی ناوەکی هێندە کوشندەیەو هێندە بەکاربەرە بۆ وزەو تواناکانی خەڵکی کوردستان مەترسییە دەرەکییەکانی لەسەرەکییەوە بەلاوەکی کردووە.

# کەمئەندامەکانی پەرلەمان

دانا نەوزەر عەلی



من لە هەر لە منداڵیمەوە سۆزێکی تایبەتیم هەبووە بۆ کەمئەندام، ئەو کەسەی کە لەڕووی جەستەییەوە ئەندامێکی نییە یا لەدەستی داوە، ئەم سۆزەش زیاد لە بەزەیی، بەرمەبنای رێزو داننان بووە بەو راستییەدا کە ئەوان سەرەڕای ئەوەی لەڕووی فیزیکییەوە چانسێکی کەمتریان هەیە، بەڵام توانیویانە بەردەوام بن لە ژیانو چێژ لە جوانیەکانیوەربگرن، هەر بەو ئارامگرتنو بەردەوامبوونەیان، ببنە سیمبولووانە بۆ ئەوانی دیکە، هەربۆیە نووسینەکەم بە داوای لێبووردن لە هەموو ئەو هاوڕێیانە دەکەمو پێیان دەڵێم، کە ئیدی ئەوە گەمەکانی زمانن کە ناچارینوشەکان بەکاربهێنینو لە سیاقە جیاوازەکاندا مانایان پێ ببەخشین، بەڵام ئەی کەمئەندامی پەرلەمان کێیە؟ کەمئەندامی پەرلەمان کەسێکە کە هەموو چانسێکی ژیانی لە پارەو خانوو و ئۆتومبێلو رێزو حەسانەی هەیە، بە دەنگو پشتگیریو شەونخونیو هەڵمەتی ئیعلامی جەماوەر هەڵبژێردراوە، لەنێو فەرمانبەرانی حکومەتدا کەمترین دەوامی هەیە نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە حکومەت گەورەترەو مافی لێپرسینەوەو سەرزەنشتکردنو لابردنی ئەندامانی حکومەتی هەیە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم چانسە گەورانە، یان بێدەنگە یان دەنگێکی نەشازی هەیە، ساڵی دوو جار دەنگ دەکات، یەکەمجار ئەوکاتەی کە سوێندی یاسایی دەخواتو دووەم جار ئەوکاتەی کە مووچەکەی دوا دەکەوێت. ئەوکاتەی لە پەرلەماندا باس لە کێشەی میللەت دەکرێت خەو دەیباتەوەو یەک لەدوای یەک باوێشک دەدات، کە دێتە سەر مەدحی سەرۆکیش، دەقەی دوانزە جار دەستی بەرزدەکاتەوە بۆئەوەی قسەبکات. کەمئەندامی پەرلەمان ئەو کەسەیە کە میللەت دەنگی داوەتێ بۆئەوەی وەک (ئەندامێک) کاربکات، بەڵام ئەو وەک (کەمئەندامێک) کاردەکات، لەئاست وتنی راستییەکاندا دەمی گۆ ناکاتو ئەوەی مێشکی بەلایدا ناچێت پرسیارە، گوێی داواکارییەکانی خەڵک نابیستێتو چاوی لەئاست کەموکوڕییەکاندا نابینایە.

کەمئەندامی پەرلەمان کەسێکە کە (لەبەر بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەمان) ورتە ناکات، لەبەر (ناسکی بارودۆخەکە) رەخنە ناگرێتو (بەهۆی بوونی مەترسی دەرەکییەوە) لێپرسینەوە ناکات.

کەمئەندامی پەرلەمان کەسێکە کە لەگەڵ وەرگرتنی یەکەم مووچەو سازدانی یەکەم سەیرانی دۆستانە، لە پرسیار دەچێتەوەو لەبیری دەچێت کە رۆژانێک کوڕو کچی گەنجی نیشتمانی خۆیان ماندوو کرد بۆئەوەی ئەوان ئەو پۆستە بەدەستبهێنن. لێرەدا رووی دەمم لەوانەیە کە ئومێدێکمان پێیان هەبوو، هەربۆیە زۆر بە حەیفی دەزانم کە گەنجە خاوەن بەهرەکانی نیشتمان، ئەوانەی کە لە بەبێ پەنجە نیگاری سیحراوی دەنەخشێننو بەبێ بینایی، پەسنی جوانییەکانی سروشتی نیشتمان دەکەنو بەبێ پەردەی گوێ، مۆسیقا دەچڕن، حەیفە کە بە کەمئەندام ناوببرێن، ئەوانە نەک کەمئەندام نین، بەڵکو زۆریشیان لەو ئەندام پەرلەمانانە زیاترە کە هەموومانیان بێئومێد کردو بوونە نموونەیەکی خراپ بۆ هەر کەسێک کە بیری لە گۆڕین دەکردەوە لەنێو پەرلەمانەوە.

# دیموكراتیەتێكی دیكتاتۆر



ڤینۆس فایەق

**«ئەم دیموكراسیەتە دەناسمەوە، لە شوێنێكی دیو زەمەنێكی دی بە بەرگی دیكتاتۆریەتەوە بینیومە، بەڵام لێرە چی دەكات؟ ئەم دیموكراتیەتە تەواو لە دیكتاتۆریەت دەچێت»**

جیاوازیی لەنێوان دیموكراتیەتو دیكتاتۆریەتدا چییە؟ ڕەنگە تاڵەموویەك بێت، ڕەنگە زنجیرەیەك لە باوەڕو پرەنسیپو فیكرو فەلسەفەی بەرجەستەكراوو بەرجەستەنەكراو لەسەر ئەرزی واقیع بێت، ئەگەرچی هەموومان، گەورەو بچووك، خوێندەوارو نەخوێندەوار لە جیاوازیی نێوان هەردوو چەمكی دیموكراتیەتو دیكتاتۆریەت تێدەگەینو هاوڕاینو دەتوانین ئاماژەی پێبدەین، لانیكەم لەڕووی زمانەوە دوو وشەی پێچەوانەی یەكترن، لەڕووی ناوەڕۆكو وەكو سیستمێك بۆ بەڕێوەبردنو حوكمكردن زۆر جیاوازو دژبەیەكن، دواتر پێویستە بڵێین لەو شوێنەی دیموكراتیەت هەیە، دیكتاتۆریەت نامێنێت، لەو شوێنەش دیكتاتۆریەت سیستمی بەڕێوەبردنە، دیموكراتیەت ونە. وەلێ وردبوونەوەیەك لە بارو زروفو واقیعی ئێستای كوردستان، دەبینیت تیكەڵبوونێكی سەخت هەیە لەنێوان ئەو دوو چەمكەدا، بێگومان لەڕووی تێگەیشتنەوە نا، چونكە لەڕووی تیۆرەوە كەس كەمتەرخەمی ناكاتو بە دروشمو گوتار هیچ نەماوەتەوە بوترێت، بەڵكو لەڕووی كردارو پراكتیكو پیادەو بانگەشەوە، لەڕووی ئەوەی كەسانێكی حیزبیی بەتینو هێزێكی بێوێنەوە تەنزیر بۆ پیادەكردنی دیموكراتیەتێكی دیكتاتۆری دەكەن، ئەمەش زۆر بە ڕوونیو ئاشكرا لەناو ڕۆحو ناواخنی گوتارە سیاسییەكاندا چڕبووەتەوە، كە هەموو ماناكانی چەمكی دیكتاتۆریەتی هاویشتووەتە ناو توێكڵو بەرگە زەرەقووەرەقەكانی دیموكراتییەوە، واتا هەموو تۆوەكانی دیكتاتۆریەت لەسەر خاكێكی دیموكراتی دەچێنێتەوە..

لەنێوان دیكتاتۆریەتو دیموكراتیەتدا یەك هەنگاو هەیە، یان دەچێتە پێشێ یان دەچێتە دواوە، بێگومان كەس پێویستی بەوەنییە باس لە هەموو دەستكەوتەكان بكات كە لەسایەی دیموكراتیەتدا بەدەستدێت، وەلێ تەنیا یەك هەڵوێستی دیكتاتۆریانە لە كەشوهەوایەكی دیموكراتیدا وەكو پەڵەیەكی ڕەش وایە بەسەر پەڕۆیەكی سپییەوە، زۆر بە ئاسانی دەبینرێتو دەستی بۆ درێژ دەكرێت، ئەگەرچی پەڕۆكەی كوردستان ڕووبەری سپیاییەكەی زۆر كەمبووەتەوە، بەڵام شتێكی ئاساییە كە ڕۆژانە (بەتایبەت ئەم ڕۆژانە)، قسە لە كردارو هەڵوێستەكان بكرێت كە زۆر بە ئاسانی لەناو خانەی دیكتاتۆریەتدا پۆلین دەكرێن، وەكو لەسەر كار لابردنی كارمەندو كاربەدەستو بەرپرسە بەرزو نزمەكانی ناو دەزگا حیزبیو حكومییەكانی سەر بە یەكێتی نیشتمانیی كوردستان، ڕاگرتنی ئەندامێتی تەواوی ئەندامانی كۆمیتەیەك... هتد، بەتۆمەتی ئەوەی پشتگیریی لە باڵی ریفۆرمو بزووتنەوەی چاكسازیی دەكەن، یاخود ناویان وەكو كاندید لەسەر لیستی گۆڕان هاتووە.

> **كەسانێكی حیزبیی بەتینو هێزێكی بێوێنەوە تەنزیر بۆ پیادەكردنی دیموكراتیەتێكی دیكتاتۆری دەكەن، ئەمەش زۆر بە ڕوونیو ئاشكرا لەناو ڕۆحو ناواخنی گوتارە سیاسییەكاندا چڕبووەتەوە**

بێگومان حكومەتی حیزبیی ئا بەم پرەنسیپە كاردەكات، بێباكانە بە هەموو بەها ئینسانییەكان بێگوێدان بە هیچ باوەڕو پرەنسیپێكی ئەخلاقی، بە نوكە قەڵەمێك جاشێك دەكاتە نیشتمانپەروەرو تێڵایەكی دەداتە دەست، هەر بە نوكە قەڵەمێكیش نەخوێندەوارێك دەكاتە ئەندام پەرلەمانو نوێنەرایەتیی سەرتاپای گەلی پێدەكات، ئەمە هەموو سیفەتو نیشانەكانی حكومەتی حیزبییە كە لە غیابی سەرۆكی هەرێمو حكومەتدا، جێگری سەرۆكی حكومەت وەكو منداڵێكی لاسار ڕەوانەیماڵەوە دەكات، ڕاگری كۆلێژێك لە وانەوتنەوە رادەگرێت، مامۆستایەكی خوێندنگا لە پرۆسەی پەروەردە رادەگرێت.. ئەمە تەواو ئەو دیموكراتیە دیكتاتۆرەیە كە میللەتی كورد ڕاپەڕینی بۆ نەكرد.. تەواوی لایەنگرانی بزووتنەوەی چاكسازیی، بێكارو ترۆكراو دەكات، چونكە داوای گۆڕان دەكەن، چونكە ئەسڵەن ڕاپەڕین بۆ گۆڕان نەكراو ئەسڵەن كە ڕاپەڕینیش كرا، قسەی چاكسازیی لەگۆڕێ نەبوو.

خۆ ئەگەر ئەوەی ئێستا لە كوردستان ڕوودەدات، لە بەغدا ڕوویبدات، زۆر بە ئاسانی عەرەب بەوە تاوانبار دەكەن كە شۆڤێنینو ڕقیان لە كوردەو لە ماناو پێناسەكانی دیموكراتیەت تێناگەن، ئەوەتا بە بەرچاوی جیهانەوە جارێكی دیكە دەنگی كوردو هەوڵەكانی دیموكراتیەت پێشێل دەكرێت، زۆر ئاسانە عەرەبو توركو فارس بە شۆڤێنیەتو دیكتاتۆرو دژ بە دیموكراتیەت پێناسە بكرێن، لەكاتێكدا نەویستنی یەكترو دژایەتیكردنی یەكترو ملشكاندنو پاشقولگرتن، سیماو نیشانەكانی ئەو فەزا (دیموكراتیەت)ەیە كە قسەی لێدەكەنو قبوڵیان نییە هیچ ڕایەكی جیاواز هەبێت، پێیان سەختە هێزی ئۆپۆزسیۆن دروستبێت، چونكە دژی پرەنسیپی دیموكراتیەتێكی دیكتاتۆرییە.

فرانسیس فۆكۆیامای فەیلەسوف لە كتێبێكیدا بەناوی (كۆتایی مێژوو و دوایین مرۆڤ)، پێمان دەڵێت: «مێژووی چەوسانەوەی مرۆڤ ئەوكاتە تەواودەبێت كە جیاوازیی چینایەتی نەمێنێت»، بەڵام ئەگەر ئەم بیرۆكەیە بە مێژووی بەدەسەڵاتبوونی ئەو حیزبە گەورانەی كوردستان بپێوین، دەبینین هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی كوردستانی باشوور، لەسەر هیچی لە ئاستەكانی كۆمەڵایەتیو ئابووری هیچ گۆڕانكارییەكی ڕیشەیی لە كوردستاندا ڕووینەداوە، بگرە عەدالەتی كۆمەڵایەتی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕووی لە پەككەوتنو لاوازییە، باری ئابووریو ئاستی هۆشیاریی خەڵك ڕووی لە نزمیو ڕووخانە، تەنانەت لەڕووی ئەخلاقیو فەرهەنگیو پرەنسیپی كۆمەڵایەتییەوە زۆر لە پاشخانی فیكریو مەعریفیو جیهانبینی تاكی كورد ڕووی لە دوو ئاراستەی زۆر دژبەیەك كردووە، یەكەم بەرزبوونەوەی هەتا ئاستی دژایەتیكردنێكی سەختی دەسەڵات، دووەم نزمبوونەوە هەتا ئاستی سەرهەڵدانو بڵاوبوونەوەی زۆر دیاردەی كۆمەڵایەتیی دزێوو پاشەكشەكردنێكی سەختی نۆرمو بەها مرۆڤایەتییەكان بۆ داوەوەو بۆ تاریكی.

ئەمە هەمووی لەكاتێكدا كە ئامانجی هەموو شۆڕشەكان بەدرێژایی مێژوو، گۆڕانە لەسەر هەموو ئاستەكان لە سیاسیو سەربازییەوە هەتا دەگاتە ئابووریو كۆمەڵایەتیو هۆشیارییو زانستیو ئەخلاقیو فەرهەنگی، بەڵام ئەوەی لە كوردستان ڕوویداوە، ڕاپەڕینی سیاسیو سەربازیی كرا، ڕۆڵە سیاسییەكان گۆڕدرایەوەو ڕۆڵبینەكانی سەر شانۆی عێراق بە گشتیو كوردستان بەتایبەت، زۆر جوان دەستاودەست كرا، بەڵام هیچی لەو خاكە بۆگەنەی تۆوەكانی دیكتاتۆرییەت لەسەری چەكەرەی كرد، هەڵنەدرایەوەو ئیشی تێدا نەكرا، بگرە ئاویشی دراو سەوزیشی كرد.

لەڕووی كۆمەڵایەتیو نۆرمو بەهای مرۆڤایەتییەوە هیچ دەستكەوتێك نییە، هیچ قسەیەكی ئەوتۆی لەبارەوە بكرێت، بگرە زەرەری گەورە لە تاكی كورد كەوت، بەوەی كە لە هەموو ڕوویەكەوە ژیانی پێكەوت، جگە لەوەی قوربانییە گەورەكەی دا، شەهیدێكی زۆری دا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش جیاوازیی چینەكانو ڕێژەی هەژاریی لە زیادبووندایە، هەموو بوارە ژیانییەكان كە دەبوو لەدوای ڕاپەڕینو ئامانج لەو شۆڕشانەی كران ببوژانایەتەوە، بەپێی ئەو هاتوهاوارەی ڕۆژانە بەناوی پرەنسیپی دیموكراتیەتەوە دەكرێت، كەچی هەرهەموو بوارەكان، لە پەروەردە، خوێندن، كۆمەڵایەتیو ئاستی هۆشیاریی بەرەو دواوە دەچێت، لەئاكامی مومارەساتی دژ بە بنەماو پرەنسیپەكانی دیموكراتیەت كە لەو حیزبانە بەردەوامو بە درێژایی كات دەوەشێتەوە.

لەدوایین وتارمدا كە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوبووەوە، دەڵێم: لەو شوێنەی زیاترین قسە لە دیموكراتی بكرێتو دروشمە زەقەكان بەرزبكرێنەوە، نیشانەی ئەوەیە كە زیاترین پێشێلكاریی بۆ پرۆسەی دیموكراسی هەیە، چونكە كە تۆ لەسەر ئەرزی واقیع بە كردار پرەنسیپەكانی دیموكراتیەتت بەرجەستەكرد، چ پێویست بەو هەموو هاتوهاوارە دەكات؟

ئەگەر بشگەڕێمەوە دوێنێیەكی نزیك خودی مام جەلال، بە پرۆژەیەكی بەناو چاكسازییەوە خۆی كرد بەناو حكومەتی هەرێمو خەیاڵی خەڵكدا، بەڵام چاكسازیی بۆ چاكسازیی نا، چاكسازیی بۆ دژایەتیكردنی پرۆژەیەكی دیكەی چاكسازیی، كەچی هەموو شتێك باسوخواسی هەیە چاكسازیی نەبێت، دواجار یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان هەموو شتێكە یەكێتی نییە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە خەڵك لەوەزیاتر ئەوەی ڕوودەدات پێ قبوڵ نییە، نیشانەو ئاماژەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەكی سەخت كە لانیكەم ڕەنگە شۆڕشێكی كۆمەڵایەتیی وای لێبكەوێتەوە، هەموو نەخشەی سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئەخلاقیی كوردستان لەگەڵ خۆی بگۆڕێت..

**تێبینی: پێش ناردنی ئەم وتارە بۆ بڵاوكردنەوە بۆ برادەرێكم خوێندەوە، پێیوتم: زمانەكەی ڕەقو زبرە، منیش لە وەڵامدا وتم: چونكە ئەوەشی لە كوردستان ڕوودەداتو لەو حیزبانە دەوەشێتەوە، لەوە ڕەقترو بێڕەحمترە.**

kurdish@venusfaiq.com
www.venusfaiq.com

# ئەو تێگەیشتنەی هاوڵاتییان بەرامبەر ڕاگەیاندنەكان هەیانە

دیار بەكر

١- لەئێستادا ڕەنگە زۆربەمان پێمانوابێت ئەوەی كە لەو چەند ڕۆژانەدا سەبارەت بە ڕەهەندەكانی هەڵبژاردن لە میدیاكانەوە دەوترێتو دەبیسترێت، یان پیشاندەدرێنو دەنووسرێن بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژانی پێش وادەی بڕیاری دیاریكردنی ڕۆژی هەڵبژاردن، ساتەوەختێكی دەگمەنە لە چوونە ناو دنیایەكی مۆدێرنترەوە، ساتەوەختێك تێیدا ئەگەر ئەمجارەش هاوڵاتییە بەش مەینەتییەكانی وڵاتی ئێمە لە سایەی بەرفراوانتربوونی پانتایی ئازادییەكانو ئەو بانگەشە دیموكراسییەی دوای هەژدە ساڵ بوونی هەیە، دڵنیابنو ئازادبن لەوەی كە دەتوانن لە كەشوهەوایەكی ئارامدا ڕاشكاوانە پرۆسەی متمانە پێدانەوەی دەنگی خۆیان بە كێ دەدەنەوە، ئەوا بێگومان بە ئومێدێكی دیكەوە دەچنەوە سەر سندوقەكانی دەنگدان، ئومێدێك تژی لە خۆزگەو خەونی نوێبوونەوە، حەزی ئەو خۆزگەو خەونانەی كە لەئێستادا زیاتر لە هەر شتێكی دیكە خولیای لایەنگری گۆڕانە، گۆڕان لە هەوڵی گۆڕینی ئیرادەی قسەوە بۆ ئیرادەی جێبەجێكردن، گۆڕانێك كە لە تەجروبەی واقیعێكو دەرهاویشتەی ناو نەستی عەقڵێكی مەعریفیو خوێندنەوەی دنیابینییەكی نوێوە سەرچاوەی گرتووە، لە پێویستبوونی هەڵگۆڕینێكی زانستیانەو كاردانەوەی خراپی دیاردە نەشیاوو تەقلیدییەكانەوە بەرەو شوناسێكی نوێ، بەڵام لەسەر بنەمای ڕەچاوكردنی دادو عەدالەتو چەسپاندنی بنەما دیموكراسییەكان!

٢- پرسی گۆڕان لەلای ئێمە لە بیرۆكەیەكی دیموكراتیانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەقەد ئەوەی هەڵەو كەمكورتیو ناعەدالەتییە كۆمەڵایەتییەكان تێیدا هۆكارن، بۆیە ئەگەر لەسەر بنەمای تێڕوانینێكی زانستیانەو ڕەخنەیەكی دروستەوە بڕوانینە واقیعەكە، ڕەنگە ئەوە هەر بەتەنیا (كۆمپانیای وشە) نەبێت كە لە ڕێگای دەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە دیدێكی ئاوای بۆ خوێندنەوەی بارودۆخەكە هەبێت، بەڵام دەشێت بڵێین ئەوە جورئەتی یەكەمین هەڵوێستێكە كە بە پێشەنگی ناو ڕووبەڕووبوونەوەی كاروفرمانە دژبەیەكە سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابوورییەكانی ناو ئەو فۆرمە دوو ڕەهەندییە حیزبییەی سەریهەڵداوە، وایكردووە خەمخۆریو ئاگایی ڕاستەقینەی ئەوەی ئێستا بە ناوی (لیستی گۆڕان)ەوە هەیە، وەك هۆكارێكی شۆڕشگێڕانە لێی بڕوانرێتو بەگوێرەی پێویستبوونی هەلومەرجی ئەو شێوە خەباتەی ئەمڕۆ دەیخوازێت، ببێتە نوێنەری هەموو خەمو پلانە هاوبەشەكانی خەڵكی كوردستان!

٣- بۆ پێناسەی چارەسەری كێشەكان بەتەنیا هەر قسەكردنو لێدوانو لێكدانەوەو پاساوی بارودۆخەكان بەس نییە، بۆیە ئەگەر هاوڵاتییان بەشێوەیەكی گشتی تارادەیەك لە هەستكردنیان بەرامبەر بە ڕاستییەكان ئەو تێگەیشتنەیان نەبوایە، نەیاندەتوانی باوەڕ بە سەرهەڵدانی ئاراستەكانی خواستی گۆڕان بكەن، لەهەمانكاتیشدا ئامادەیی خۆیانیان بۆ پشتیوانیكردنی هاوپەیمانی لیستی گۆڕان دەرنەدەبڕیو گوێیان بۆ پەیامەكانی ڕانەدەگرت!

٤- ئەم هۆكارانە پێكەوە ئامادەبوونێكی دەروونییان لە حەز ویستی هاوڵاتییان بۆ باری سەرنجدانە ڕاگەیاندنەكانی (كۆمپانیای وشە) سەبارەت بە ئەگەرەكانی نزیك بە دڵنیایی، بەهای شایستەیی خۆی وەرگرتووە، لەبارەی ئەوەی كە ڕاستگۆیانەو بەبێ هەڵاواردن بەسەرهاتی ناو دیاردەو ڕووداوەكانو كارە سەرەكییەكانی خودی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك تاوتوێ دەكات، دواجاریش ئەو بەرچاوڕوونیو زانیاریانە دەخاتە بەردەست، كە بەشێكی زۆری هاوڵاتییان لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا كەڵكو سوودی لێوەردەگرێت، لەهەمانكاتدا یارمەتییان دەدات بۆ تێگەیشتنیان لە لێكدانەی ڕەوتی ژیانیان، هۆكارێكی دیكەشە بۆ ڕەوینەوەی تارماییەكانی سەر ئەو ماناو دەلالەتانەی لەپشت مەبەستی گوتارە بێ وەعدو ئاراستەكراوەكانەوە ڕاگەیاندنی دەسەڵات پێیانەوە سەرقاڵی چەواشەكردنی ڕاستییەكانە، بۆیە ڕاستگۆیی ( كۆمپانیای وشە) بۆ ئێستای بابەتە گەرماوگەرمەكانی باری سیاسیو ئابووریو كۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییو تێكڕای لایەنە پەیوەندیدارەكانی بەم باسەوە لەلای خەڵك بەگشتی، وەك پێویستییەكی حەیاتی لێهاتووەو بووە بە ئەڵقەیەكی گرنگ لەو زنجیرە ڕووداوو پەیوەندییانەی ڕۆژانە خەڵكێكی زۆری بە سەرنجدانی هەواڵو بابەتەكانیەوە پەیوەستكردووە، ئەوە وای لە هاوڵاتییان كردووە كە بە گەشبینییەوە لەگەڵ دیاردەو ڕووداوەكانی ڕۆژانەدا بەردەوام پەیوەندی بكەن، بەم هۆیەشەوە بتوانن گوزارشت لە بەرئەنجامی ململانێ جیاوازەكان بكەنو لە ئاراستەی خواستو بەرژەوەندییەكانیشیان تێبگەن!

٥- ئەمجۆرە تێگەیشتنەی هاوڵاتییان لەئێستادا كە بەرامبەر بە ڕاگەیاندنەكانی (كۆمپانیای وشە) هەیانە، جۆرێك لە میسداقیەتی هەندێك لە ڕاگەیاندنەكانی بەجۆرێك هێناوەتە خوارەوە بۆ ئاستێك كە گومان لە شتە ڕاستییەكانیشیان بكات، ئەوەش لەكاتێكدایە لەبەرئەوەی تائێستا لە كوردستاندا ڕای ئازاد نەیتوانیوە بەتەواوەتی ڕاستی ڕووداوەكان وەك خۆی چۆنە ئاوای باس بكات، بۆیە هەر كەسێك كە بە دیقەتەوە گوێ لە دەنگوباسو بابەتە هەواڵیو زانیاری ڕاگەیاندنە جۆربەجۆرەكان بگرێت، لەوە تێدەگات كە ئەوەی باسدەكرێتو ڕادەگەیەندرێت، تەنیا هەر لایەكی مەسەلەكەیە! ئەوەش بۆ هاوڵاتییان گرنگە كە بزانن لەئێستادا چ جۆرە ڕاگەیاندنێك لە كوردستان دەستبەكارە؟!

# پارەی سپی حکومەت بۆ رۆژی رەشی حیزب

**عومەر رەشید**

بەڵگەهێنانەوە بۆ هاوکێشەیەکی سەلماو تەنیا بۆ برِوابوونی زیاترە نەک سەلماندنی راستییەکە، وەک بەڵگەهێنانەوە بۆ دەسەڵاتی حیزب لە بەرگی پەرلەمانو حکومەتدا، چونکە ئەو هاوکێشەیە لە بەرواری ١٩٩٢/٥/١٩ لە هەرێمی کوردستاندا سەلماو برِایەوە، ئیتر هەرچی لەوبارەیەوە دەنووسرێتو دەوترێتو وێنەدەگیرێت تەنیا بۆ برِوابوونی زیاترە بەوەی کە لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا دوو حیزب لە بەرگی حکومەتدا کارەکان بە ویستی خۆیان رادەپەرِێنن، ئەوان دەرچوویەک دادەمەزرێنن، ئەوان بەرِێوەبەرەکان دادەنێن، ئەوان دەزگای ئاسایشو فەوجەکانیان داناوە، ئەوان.... تاد.

وتەکەی سەرۆک کۆماری عێراق کە لەم دواییەدا پرۆژەی جیاکردنەوەی حیزبی لە حکومەت راگەیاند، ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەو هاوکێشە راستەی سەلماند کە حکومەت هیچ نییە جگە لە حیزب، پرۆژەکەی تالەبانی راگەیاندراو دۆستو دوژمن تەنیا لەوەدا جیاوازبوون کە خیتابی لایەنگرییو بێلایەنیان دەردەبری ئەویش تەنیا بە قسە، بەڵام لە پراکتیزەکردندا هەموو یەک دەنگ بوون لەسەر پێچەوانەی پرۆژەکە، لەسەر ئەوەی کە دەبێت حکومەت حیزب بێتو لە حاڵەتی کردەییدا هەموو دۆست بوونو کۆدەنگییان پێکهێنا.

پاش پرۆژەکەی سەرۆک کۆماری عێراق ئەو راستییە زیاتر سەلما کە حکومەتی هەرێم حیزب تێیدا کارەکتەری حکومەت وەک دەستکەوتی ئەو دوو حیزبە، ئەمەش لە بەرواری ٢٠٠٩/٥/٥ بە وتەکانی سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان لە رۆژی راگەیاندنی دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنەکان دەستیپێکرد، کە زیاتر وەک سەرۆک چالاکبوونی یەکێتیو پارتی وەک شانازی خۆیان باسیدەکەن، ئەمەش گومان لە حیزببوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناهێڵێت.

دووەمیان تەواوکردنی پرۆژە ناتەواوەکانی حکومەتە، بەیانی لە خەو بەهێزە، دوو سەلماندنی تازە هاتە کایەوە، ئەوانیش پروپاگەندەی پێش پروپاگەندەی هەڵبژاردنو تەواوکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییە ناتەواوەکان.

یەکەمیان بە دوو شێوە دەستیپێکرد، یەکێکیان تەشهیرو جنێودان، کە من لێرەدا هیچی لەسەر ناڵێم، ئەوی دیکەیان باسکردنی پرۆژە تەواوکراوەکانی حیزبێک باسی چالاکییەکانی حکومەتی دەکرد لە کردنەوەی قوتابخانەو نەخۆشخانەو هۆڵو.... تاد، هەموو پرۆژە تەواوکراوەکانی حکومەت لەو بەروارەوە کرایە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان لەلایەن ئەو دوو حیزبەوەو بەردەوام لە کەناڵەکانیانەوە ئەو پرۆژانە نیشاندەدرێن، وەک هەڵدەستی چەند شەقامێک قیرکراوە یان ئەو پرۆژانەی شیشەکانی ژەنگیان گرتووە کرێکارو وەستای لەسەر دەبینرێت، ئەم کارانە خۆی لەخۆیدا جێگای دەستخۆشین، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە، باشە بۆ چەند ساڵە ئاوا بە گەرموگورِی کار نەکراوەو بودجە تەرخان نەکراوە؟ تۆ بڵێی چەند ساڵە پارەی سپی حکومەتی هەرێم بۆ رۆژی رەشی حیزب کۆنەکرابێتەوە؟ کە دەکرا شەقامەکان ئاوا بەزوویی قیر بکرێنو شۆستەکان جوان بکرێنو بازارِەکان خاوێن بکرێنەوەو.... تاد، بۆ پێشتر نەدەکرا؟ کە دەکرا کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان رێزی زیاتری مادیو مەعنەوییان لێبنرێت بۆ نەکرا؟ هەموو ئەم پرسیارانەش لە یەک ناوەرِۆکدا کۆدەبنەوە، کە حکومەت دەکرا خزمەت بکات بۆ نەیکرد تا پێش هەڵبژاردنەکانی حیزب؟ ئەی بۆ گەندەڵییەکانی بەهەند وەرنەدەگرت؟

> **باشە بۆ چەند ساڵە ئاوا بە گەرموگورِی کار نەکراوەو بودجە تەرخان نەکراوە؟ تۆ بڵێی چەند ساڵە پارەی سپی حکومەتی هەرێم بۆ رۆژی رەشی حیزب کۆنەکرابێتەوە؟**

ئەمە حاڵی ئەم حکومەتەیە کە داوای دەکرد حکومەتی عێراقو چواردەور سوود لە نموونە دیموکراسییەکەیان وەربگرن، بەڵام کاتێک کەمێک چاویان کردەوە بینییان حکومەتی عێراق لەماوەیەکی کەمدا سەدان گەزی دیموکراتی کوردستانی جێهێشتو ئامادەش نەبوو ببێتە قوتابی ئەم مەدرەسە حیزبییە، ئەمەش شاهیدیی چەندین رۆشنبیرو سیاسییو بەئاگای کوردە، ئەمانە هەمووی لەلایەک، ئەوەی زیاتر قورِەکە خەست دەکاتەوەو گۆمەکە دەشڵەقێنێت ئەمەیە، کە ئەو حکومەتە عێراقییەی لە ئەزموونی دیموکراسیدا پێش حکومەتی هەرێمی داوەتەوەو تێپەرِاندووە، بە دووەم یان سێیەم حکومەتی گەندەڵی هەموو جیهان دادەنرێت، جا دەبێت ئەو هەرێمەی لەم دواکەوتووە حاڵی چۆن بێت؟

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە: ١٨٧/کەتن/٢٠٠٨
وەزارەتی داد رۆژ: ٢٠٠٩/٥/١٠
دادگای کەتن لە سید صادق
بۆ/ تۆمەتبار ابوبکر حمه نجیب عبدالکریم

بابەت/ ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووین لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٣/٣٠ سەرەرِای ئاگادار کردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە (ئامادە نەبوون) بە شێوەی ئاشکرا لە داوای کەتنی ژمارە (١٨٧/کەتن/٢٠٠٨)وە برِیاردرا تۆمەتبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ١/٢٣ لە یاسای هاتووچۆ
حوکم درا بە سەرتا بە شەش مانگ (٦ مانگ) بە حەبسی سووک
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بە نزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (أعتراض)ت هەیە لەم برِیارە بە گوێرەی یاسا.

دادوەر
نجاة احمد حسن

---

دادگای کەتن ژمارە/ ٥٢/ج/٢٠٠٩
لە خانەقین بەروار/ ٢٠٠٩/٥/٧
ب/ جاردان
بۆ تۆمەتبار/ عماد سعدي مصطفى جێ نیشتەجێبوونی نادیار
تۆ تۆمەتباری لە کێشەی ژمارە ٥٢/ج/٢٠٠٩ بەپێی بەندی ٤٣٤ لەی سزاکان وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بەپێی رونکردنەوەی پێراگە یەنەر بۆیە ئەم دادگایە برِیاریدا بە ئاگادارکردنت لە رێگای دوو رۆژنامە ناوخۆییەوە بۆ ئامادەبونت لە بییشی ئەم دادگای لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/٦ و بە پێچەوانەوە بە پاشملە دادگای دەکرێت بەپێی یاسا.
دادوەر
حسن احمد عباس

---

ئەنجومەنی دادوەری ژمارە/ ٤٦٥/استملاک/٢٠٠٨
دادگای بەرایی سلێمانی/ ١ بەروار/ ٢٠٠٩/٥/٢١
ئاگاداری
داواکاری بە موڵک ـ مستملک/ سەرۆکی شارەوانی سلێمانی سەرەرِای کارەکەی بریکاری مافناس ئاسودە عبدالله
داوا لەسەرکراوی بە موڵک ـ مستملک منه/ خدیجه رمضان حسین
بۆ کەسی سێیەمەکانی خراونەتە پاڵ داوا لەسەرکراوی بە موڵک/
١ ـ حلیمه ابراهیم عزیز ٢ ـ جمال حسین اسماعیل
داواکاری بە موڵک ئەم داوایەی تۆمارکردووە لەسەرتان بە مەبەستی جێبەجێ کردنی نەخشەی بنەرِەتی شاری سلێمانی بەنیازە موڵکی ٦/١٧٧ م٣ جوگنە بە روبەری ٢٠٠ م٢ خۆماڵی بکات بە پارە وە لەبەر ئەوەی ئێستا هەردوکتانە شوێنی نیشتەجێ بونتان نادیارە ئاگادارتان ئەکەینەوە لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆ کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/٣ سعات ٩/٣٠ی بەیانی ئامادەبن لەم دادگایە بە پێچەوانەوە بە غیابی دادبینی دەکرێن.
دادوەری یەکەم
خدر حسن محمد

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادنووسی سلێمانی/ دووەم
بەروار: ٢٠٠٩/٥/٤
ئاگاداریو بڵاوکردنەوە
تۆمارکردنی ئامێری کارگەی محمدی بۆ دروستکردنی نان و کولێرەی ئێرانی لە کورستان
بە گوێرەی داواکاری لە لایەن بەرِێز (کامران عمر نوری) لە رۆژی (٢٠٠٩/٤/٢٨) کە تیایدا داوای کردووە ئەم ئامیرانەی خوارەوە بە ناویەوە بۆ تۆمار بکەین. جا هەرکەس پەیوەندی هەیە پێیانەوە با بێتە لامان وە بەڵگەنامەی رەسمی بهێنێت تا ماوەی (١٥) رۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە لە رۆژنامەدا تاوەکو کارەکە رابگرین وە بە پێچەوانەوە ئێمە ناچار ئەبین کە ئەو ئامێرانە تۆمار بکەین بە ناویانەوە بە گوێرەی یاسای تۆمارکردنی ئامێر، ژمارە (٢٥) ساڵی (١٩٥٢) وە بروانامەی تۆمارکردنی ئەدریتی.
دادنووسی سلێمانی
ئامێرەکان:
١ ـ ئامێری فرنی دوار دروستکراوی ئێرانی(٢،٥) گن بێ ژمارە کارەبای و گازی
٢- ئامێری هەویر شێل (٨٢کغم) دروستکراوی ئێرانی بێ ژمارە.
٣- ئامێری پانکردنەوەی گونک دروستکراوی ئێرانی بێ ژمارە کارەبایی.
٤- ئامێری مۆلیدەی کارەبایی (گازی) جۆری kipor بێ ژمارە (٣٠) ئەمپێر.

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە: ١٢٣/ج/٢٠٠٩
وەزارەتی داد بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٨
دادگای کەتن دوکان
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو/ فاتح مولود اسماعیل
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٧٦ی ساڵی ٢٠٠١) لە یاسای (سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (پیرەمگرون) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە برِیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٢) لە بەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
دادوەر
کامران حسن فرج

---

هەرێمی کوردستان ژمارە: ١٤٥/ج/٢٠٠٨
ئەنجومەنی دادوەری بەروار: ٢٠٠٩/٣/١
دادگای کەتن لە شارەزوور
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو/ قاسم احمد محمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٦) لە یاسای سزادان لە پەرِاوی (١٤٥/ج/٢٠٠٨ دادگاکەمان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (شارەزوور) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە برِیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی (٢٠٠٩/٦/٣) لە بەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
دادوەر
کاروان ووریا علی سۆرانی

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە: ٢٤/کەتن/٢٠٠٨
وەزارەتی داد رۆژ: ٢٠٠٩/٥/١٠
دادگای کەتن لە سید صادق
بۆ/ تۆمەتبار کاروان حسن حمه عبدالرحمن
بابەت/ ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووین لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٢/٢٣ سەرەرِای ئاگادار کردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە (ئامادە نەبوون) بە شێوەی ئاشکرا لە داوای کەتنی ژمارە (٢٤/کەتن/٢٠٠٨)وە برِیاردرا تۆمەتبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٢٤٩ لە یاسای سزاکان
حوکم درا بە سەرتا بە یەک ساڵ بە حەبسی سووک
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بە نزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (أعتراض)ت هەیە لەم برِیارە بە گوێرەی یاسا.

دادوەر
نجاە احمد حسن

---

ئەنجومەنی دادوەری ژمارە/٢٤٦/ب/٢٠٠٩
دادگای بەرایی دوکان رۆژ/ ٢٠٠٩/ ٥/٢٤
ئاگانامە
داواکار ( رسول حمه مراد ) پیرەمەگرون/ شەهیدان
داوالێکراو : راستگری تۆماری باری شارستانی لە (سورداش) وێرای کارەکەی داواکار (رسول حمه مراد) داوای سەرەوەی لە دادگاکەمان تۆمار کردووە بۆ گۆرِینی ناوی لە (رسول) بۆ (پەیوەند) بۆیە برِیارماندا بە بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەیەکدا بە پێی مادەی(٢١) لە یاسایی باری شارستانی جاهەر کەسێ مافی رێگرتنی (إعتراض)ی هەیە لە ماوەی (١٠) رۆژدا لە دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیەوە سەردانی دادگاکەمان بکات بە پێچەوانەوە داواکەی ئەبینرێ بە پێی یاسا.
دادوەر
کامەران حسن فەرەج

---

خاوەنی ئیمتیاز:
**کۆمپانیای وشە**

سەرنووسەر:
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەرِێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستەی نووسەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولرەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی**
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێریو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەرِێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارریانی حەمرین، تەنیشت بەرِێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# هه‌ڵبژاردن له‌نێوان ئازادیی‌و پێشێلکاریدا

ره‌ئوف محه‌مه‌د ئالانی

له ئه‌زموونی ئه‌م هه‌ژده ساڵه‌ی ده‌سه‌ڵاتی کوردیدا، زۆر دیارده‌ی سه‌یرو سه‌مه‌ره به‌دیده‌کرێت، ئه‌وه‌ی مه‌به‌ستمه له‌م وتاره‌دا ئاماژه‌ی پێ بده‌م، ئازادیی‌و پێچه‌وانه‌که‌یه‌تی که پێشێلکردنی ئازادیی تاکه، حیزبی کوردی که‌سانی سه‌ر به‌خۆیان وا راهێناوه که ئه‌وه‌ی ئه‌مرۆ له کوردستاندا هه‌یه ئازادییه‌و به‌رهه‌می خوێنی شه‌هیدانه، بۆیه پێویسته بیپارێزین، به‌ڵام له ناوه‌رۆکدا مه‌به‌ست له پاراستنی ئه‌و ئه‌زموونه‌ی ئه‌وان باسیده‌که‌ن، پاراستنی مانه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵات‌و داهات‌و به‌رژه‌وه‌ندی خۆیانه نه‌ک ئه‌وه‌ی خه‌ڵک ده‌یه‌وێت، دیاره ئه‌و مه‌به‌ستانه‌شیان بۆ هاتووه‌ته‌دی، چونکه هه‌لومه‌رجی کوردستان ناجێگیر بووه که هه‌ر خۆیان بوونه هۆکاری ناجێگیریی بارودۆخی کوردستان له هه‌ڵگیرسانی شـه‌ڕی ناوخۆی حیزبه‌کان، که بۆ جارێکی دیکه گیانی رق‌و تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه‌و قبوڵنه‌کردنی به‌رامبه‌ریان له‌ناو خه‌ڵکدا زیاتر کردو ئه‌و گیانه‌ی که خۆیان له شاخ خوویان پێوه‌گرتبوو، هه‌ر ئه‌وان بوون عه‌قڵی شاخ‌و ململانێی خۆیان خسته ناو کۆمه‌ڵگای کوردستان، پاشان هه‌ر خۆشیان فه‌زایه‌کی نادروستیان له‌ناو کوردستاندا خولقاند که که‌س نه‌وێرێت هیچ بیرورایه‌کی ئازادو جیاواز له خۆیان ده‌رببڕێت‌و ئاراسته‌بکرێت، چونکه تۆمه‌تباریان ده‌کرد به حیزبی ناکۆک یان به گێره‌شێوێن‌و ده‌ستی ده‌رکی تۆمه‌تباریان ده‌کرد، تا بتوانن به‌ئاسانی ئه‌و ده‌نگانه کپ بکه‌نه‌وه‌و باشترو چاکتر خۆیان بسه‌پێنن، دیاره ئه‌مه‌ش شێوازێکی نه‌گونجاوه‌و به‌ده‌ره له یاساو شێوازه‌کانی داننان به ئازادیی‌و مافی مرۆڤ.

له‌پاش رووخانی به‌عس‌و هاتنی ئه‌مریکاو هه‌وڵدان بۆ دامه‌زراندنی ده‌وڵـه‌تـی عێراقی، حیزبه کوردییه ده‌سه‌ڵاتداره‌کانی کوردستان وازیان له ستراتیژی دوری کـورد هێنا که که‌رکوک‌و دامه‌زراندنی حکومه‌تێکی یه‌کگرتوو بوو، هه‌ر خه‌ریکی خزمه‌ت به بێگانه‌و رێکخستن‌و ناوبژیوانی ئه‌وانه بوون که ئێستا هیچ به کورد ره‌وا نابینن، زۆرجاریش له کۆڕو کۆبوونه‌وه‌کاندا ده‌ڵێن ئێمه له به‌غدا شـه‌ڕی کورد ده‌که‌ین، کاتێک نزیک هه‌ڵبژاردنه‌کانیش ده‌بینه‌وه، ده‌که‌ونه ناو خه‌ڵک‌و سه‌دان به‌ڵێن به خه‌ڵکی ده‌ده‌ن‌و ئاکامه‌که‌شی هه‌ر وه‌ک ئه‌م هه‌ژده ساڵه‌وایه، که دێنه سه‌ر شیعاره بریقه‌داره‌کانی هه‌ڵبژاردن، وه‌ک مه‌ده‌نیه‌ت‌و دیموکراسی‌و مافی مـرۆڤ‌و ئـازادیـی‌و... چه‌ندانی دیکه، به‌ڵام که هه‌ست ده‌که‌ن هێزێک ده‌بێته ئه‌ڵته‌رناتیڤ بۆ ئه‌وان، ده‌سه‌ڵاته‌که‌یان به توندوتیژیی‌و هێزی سه‌ربازیی‌و پاره‌ی حکومه‌ت خۆیان مکوم ده‌که‌ن‌و هه‌وڵده‌ده‌ن به هه‌ڕه‌شه‌و به‌خشینه‌وه‌ی پاره‌و ده‌مانچه خه‌ڵکی له خشته به‌رن، وه‌ک پێشتر له هه‌ڵبژاردنی ئۆرگانه‌کانی حیزبه‌کاندا هه‌ستی پێکراوه، به‌ڵام ئه‌مجاره مه‌ترسیه‌کانیان زۆر زیاتره، بۆیه له بالاترین ده‌سه‌ڵات تا نزمترین ئاست که‌وتوونه‌ته خۆیان، چونکه ده‌نگی ئه‌م هه‌موو خه‌ڵکه‌یان پێ ناکڕدرێت‌و نـاتـوانـن هـه‌ڕه‌شـه‌و توندوتیژیی به‌کاربهێنن له‌به‌ر بوونی چاودێرانی بیانی‌و که‌ناڵه‌کانی راگه‌یاندن.

خه‌ڵکی کوردستان له هه‌ڵبژاردنی ئه‌مجاره‌ی په‌رله‌مانی کوردستاندا زۆر له جاران به گه‌رموگوڕتر پێشوازی له‌و پرۆسه‌یه ده‌که‌ن، چونکه ئومێدو هیوای گۆڕانی سه‌ره‌تایی سیستمی ده‌سه‌ڵاتدارییه له کوردستاندا، بۆیه لای زۆر که‌س بووه‌ته خه‌ونی خۆشی ئاینده‌ی به‌دیهاتوو.

# ده‌روێشه موهه‌ریجه‌کانی پارت‌و حیزبه‌کان



حه‌مه کاکه‌ڕه‌ش

سوید

عه‌قڵیه‌تی سه‌رانی حیزب‌و پارته‌کانی کورد هه‌ر له سه‌ره‌تاوه هه‌ڵگری عه‌قڵیه‌تێکی کۆنه‌خوازی ده‌ره‌به‌گانه‌ی پڕ توندوتیژیی‌و له‌ناوبردنی دژه‌کانی‌و پێشێلکردنی مافی جه‌ماوه‌ری کورد بووه، هیچ درێغی له‌وه‌دا نـه‌کـردووه که به دوژمنایه‌تی نانه‌وه‌و سووتاندنی ماڵ‌و حاڵی خه‌ڵک، کوشتنی دژه سیاسییه‌کانی خۆی به به‌ردو بلۆک‌و نینۆک‌و دان ده‌رهێنان‌و دارکاریکردن‌و به‌شوڵ لێدان، لنگه‌و قوچ هه‌ڵواسین‌و ده‌یان جـۆر ئه‌شکه‌نجه‌ی دیکه‌ی جه‌سته‌یی‌و ده‌روونـی بمێنێته‌وه‌و جه‌ماوه‌ری کورد هه‌رده‌م چاوترسێن بکات. سه‌یریش نییه که توانییان پاش (١٨) ساڵ له حوکمکردنی هه‌رێمی کوردستان، جه‌ماوه‌رێکی بێئیراده‌و بێده‌سه‌ڵات دروستبکه‌ن، که لای ئه‌و تاڵه‌بانی‌و مالیکی‌و بارزانی هه‌ریه‌که‌و جیاوازییان نییه؟! له‌مرۆدا دوو حیزبه ده‌سه‌ڵاتداره‌که نازانن چۆن ئه‌و جه‌ماوه‌ره کورده ئه‌کتیڤ بکه‌نه‌وه، پاش ئه‌وه‌ی رای زۆربـه‌ی جـه‌مـاوه‌ری کوردستان به‌بێ چه‌ندوچوون گه‌یشتووه‌ته ئه‌وه‌ی که باشتره عێراق وه‌ک جاران ببێته‌وه به مه‌رکه‌زیی، دارایـی‌و هه‌موو بواره‌کانی دیکه‌ش له مه‌رکه‌زه‌وه کۆنترۆڵ بکرێت، دیاره ئه‌م هه‌ڵوێسته له بۆگه‌نی خه‌ڵکی کوردستانه‌وه نییه، باشه هه‌ر ئه‌و خه‌ڵکه نه‌بوو هه‌میشه له حکومه‌تی به‌عس یاخیبووه، هه‌ر ئه‌و نه‌بوو قوربانیداو راپه‌ڕینی کردو ئه‌م حیزبانه‌شی کرد به که‌ڵه‌گا به‌سه‌ر خۆیه‌وه، که بوونه مایه‌ی کوژرانی چه‌ندین هـه‌زار کوردی هه‌ر چـوار پارچه‌که‌ی کوردستان، هه‌ر له چه‌کدارو هه‌وادارانی پێ.کا.کا-وه تا دیموکرات‌و کۆمه‌ڵه‌ی ئێران‌و... هتد. ئه‌وه‌ی به دوژمنانی کورد نه‌کرا، کورد خۆی بۆ ئه‌وانی کرد، ئاخر له دنیادا بووه حیزبێک به تانک‌و سوپای دوژمنه‌که‌ی شارێکی خۆی داگیربکات‌و میلیشیای هێزێکی چه‌کدار به‌م چه‌شنه‌وه ده‌ربنێت، ئێستاش خۆی ده‌سه‌ڵات بێت، دیاره حاڵی لایه‌نه‌که‌ی دیکه‌ش له‌م باشتر نییه، ئه‌ویش له‌پێناو مانه‌وه‌یه‌دا سوپای پـاسـداری هێنایه سـه‌ر ئه‌وی دیکه. ئیتر بۆ گله‌یی له خه‌ڵکی کوردستان ده‌کرێت که خواخوایه‌تی زوو ده‌سه‌ڵاتی ئه‌م حیزبانه ته‌واوبێت، ئه‌و حیزبانه‌ی که ئه‌ندامه بالاکانی به پێڵاوی لاستیک گه‌ڕانه‌وه کوردستان (هه‌رچه‌نده ئه‌مه شانازییه)، به‌ڵام شوره‌ییه‌که ئه‌وه‌یه به چ سیحرێک به چه‌ند ساڵێک هه‌ریه‌که‌یان بوونه قارون‌و ده‌وڵه‌مه‌ندی خه‌یالیی، که سه‌رۆکی هیچ مافیایه‌ک‌و نه فرۆشیاری تلیاک‌و حه‌شیشه‌و نه بازرگانانی جه‌سته‌ی ئافره‌تان ئه‌وه‌نده‌یان ده‌ستده‌که‌وێت، پرسیاره‌که ئه‌وه‌یه ئه‌مانه به چی ئاوا بوونه خاوه‌نی خانوو و ئۆتۆمبیل‌و ڤێلاو ئاپارتمان‌و ئوتێل‌و رێستۆرانت‌و.. هتد. ئیتر هه‌ر ئه‌مه به‌س نییه بۆئه‌وه‌ی که‌س ده‌نگیان پێنه‌دا؟ یان ئه‌وه‌نده به‌س نییه که هیچ هاوڵاتییه‌کی کوردستان به‌بێ واسته‌و واسته‌کاری له داموده‌زگاو فه‌رمانگه‌کانی هه‌رێمدا کاری ناڕوات، نه‌ک هه‌ر ئه‌وه‌نده، به‌ڵکو هاوڵاتی له داموده‌زگاکانی حکومه‌تدا به چه‌شنێک ره‌زیل ده‌کرێت‌و سوکایه‌تی پێده‌کرێت، که ده‌بێت بۆ ته‌واوکردنی موعامه‌له‌یه‌کی ئاسایی، چه‌ندین رۆژ چاوه‌ڕێ بکات‌و ده‌ست له کارو کاسبی هه‌ڵگرێت، که‌چی خاوه‌ن واسته‌که به‌بێ ئه‌وه‌ی پێ بنێته ناو هیچ ده‌زگایه‌که‌وه، به ته‌له‌فۆنێک هه‌موو ئیشی ماشییه، باشه ئه‌م حکومه‌تی هه‌رێمه‌ی هه‌ردوو حیزبه‌که، خۆ ئه‌م هه‌موو سیخوڕو جاسوس‌و ده‌روێش‌و پیاوانه‌یان هه‌یه، با بۆ ماوه‌یه‌ک چه‌ند دانه‌یه‌ک له‌مانه بنێرن بۆ چاودێریی ئیشوکاری فه‌رمانگه‌و داموده‌زگا جوانه‌کانیان، که پڕن له فه‌رمانبه‌ری بێکارو نه‌خوێنده‌واری دوای راپه‌ڕین دامه‌زرێنراو، که زۆربه‌یان که‌سوکاری مه‌سئوله‌کان‌و به‌یانیان پاش سه‌عاتێک چاخواردنه‌وه ده‌ستده‌که‌ن به ئه‌شکه‌نجه‌دانی هاوڵاتییانی موراجیع‌و نازکردن به‌سه‌ریانداو گێچه‌ڵ دۆزینه‌وه بۆ دواخستنی کاره‌کانیان، با هه‌ردوو بنه‌ماڵه پێش ئه‌وه‌ی داوا له خه‌ڵکی کوردستان بکه‌ن هه‌ڵیانبژێرن، ئه‌م فه‌رمانگه ناشیرینانه‌ی خۆیان چـاک بکه‌نه‌وه‌و گه‌نده‌ڵیی تێدا نه‌هێڵن‌و که‌سوکاره به واسته دامه‌زراوه‌کانی خۆیان بنێرنه‌وه ماڵه‌وه، له‌جێیان ئه‌و گه‌نجه بێکارانه دابمه‌زرێنن که ئینتیمایان بۆ حیزبه‌کانیان نییه‌و بگره نه‌فره‌تیشیان لێده‌که‌ن؟!

به‌ڵام ئاشکرایه ده‌روێشی حیزبه‌کان هه‌موو ئه‌و گه‌نده‌ڵیانه نابینن، یان ده‌یبینن‌و کاریان وا ده‌گه‌ڕێت که نه‌یبینن‌و هه‌ر به شان‌و شه‌وکه‌تی حیزبه‌کانیاندا هه‌ڵبده‌ن، به‌داخیشه‌وه به‌شێکی زۆری ئه‌م ده‌روێشانه به‌ناو رۆشنبیرانی کـوردن.. بوونه‌ته ده‌روێشی حیزبه‌کانیان‌و ناتوانن کاره خـراپ‌و دزێوه‌کانی حیزبه‌کانیان ببینن، وا فێرکراون بـه‌رده‌وام به کـۆرس هه‌ر سـروودی ستایش‌و خۆبردنه پێشه‌وه بخوێنن، بۆ جارێکیش نه‌مانبینی له‌پێناوی خه‌ڵک‌و دیموکراتیی‌و دادپه‌روه‌ریدا نایه‌ک له ده‌میانه‌وه بێته ده‌ره‌وه‌و ناڕازیبوونێک بدرکێنن‌و باس له‌و هه‌موو دزیی‌و تالان‌و بـردن‌و نانبڕین‌و نادادپه‌روه‌رییه بکه‌ن، چونکه ده‌زانن دیموکراتیی‌و دادپه‌روه‌ریی ئاغاکانیان هێنده کرچ‌و کاڵه به‌رگه‌ی نایه ناگرن‌و دۆو دۆشاو تێکه‌ڵ ده‌که‌ن‌و نانبڕاو ماڵوێران ده‌بـن، له‌وانه‌شه باجی نایه‌ک کوشتن یان تێهه‌ڵدان‌و گۆشه‌ی زیندان بێت، ئه‌م شێوه په‌روه‌رده‌کردنه وایکردووه ده‌روێشه‌کانی حیزب به‌هه‌مان هه‌ستەوه که‌سانی دیکه ببینن‌و وا تێگه‌یشتوون که‌سانێک که قسه‌ده‌که‌ن‌و مه‌یلێکیان هه‌یه بۆ گـۆڕان‌و لیستی گـۆڕان، ئه‌مه‌ش به ده‌روێشی بۆ لیستی گۆڕان‌و نه‌وشیروان مسته‌فا ده‌زانن، ئیتر ئاوا په‌روه‌رده‌کراون که بڕوایان به‌وه نییه که‌سانێک له‌ده‌ره‌وه‌ی هه‌موو به‌رژه‌وه‌ندییه‌کی تایبه‌ت، ئاماده‌بن قسه‌بکه‌ن له‌پێناوی گۆڕان‌و دادپه‌روه‌ریی‌و به‌رژه‌وه‌ندیی گشتیدا، ده‌روێشه‌کانی حیزب ئێمه به ده‌روێشی نه‌وشیروان مسته‌فا ده‌زانـن‌و کوێرانه هات‌و هه‌رای ئه‌وه‌یانه که ئه‌م هه‌موو نووسین‌و ناڕازیبوون‌و قسه‌کردنه له‌پێناوی نه‌وشیروان مسته‌فادایه، بۆیه لێره‌دا به ده‌روێشه‌کانی حیزب ده‌ڵێم تکایه چاوه‌کانتان بکه‌نه‌وه‌و هه‌وڵده‌ن که‌مێک ئه‌و یه‌ک ره‌نگیی‌و یه‌ک ده‌نگییه بشکێنن که خه‌ریکه کوێرتان ده‌کات، هه‌وڵبده‌ن بزانن بۆچی ئێستا پارتی‌و یه‌کێتییه‌ک که پنبه‌ردو داری کوردستان نه‌ما کوڕی خه‌ڵکی لێ به‌کوشت نـه‌ده‌ن، بزانن بۆ رۆژگارێک شه‌ڕی مه‌سڵه‌حه‌تی گیرفانه‌کانیان کردبووه شه‌ڕی بیروباوه‌ڕو شه‌ڕی ئازادیی تاک‌و دیموکراتیی‌و مه‌ده‌نیه‌ت له‌گه‌ڵ حیزبی بنه‌ماڵه‌دا، تکایه ده‌روێشه‌کانی حیزب ئێستا بۆ هیچ جیاوازییه‌ک له‌نێوانی پارتی یه‌کێتیدا نییه‌و به کونفه‌یه‌کونێک پارتی یه‌کێتییه‌و یه‌کێتی پارتییه، ئه‌ی کوا جیاوازیی بیروباوه‌ڕ، کـام لا حیزبی ئـازادیـی‌و بیروباوه‌ڕو دیموکراتیی‌و مه‌ده‌نیه‌ت بوو؟ ئه‌ی کام لا حیزبی بنه‌ماڵه‌و پاوانخوازی بوو؟ بۆ چاوتان ناکه‌نه‌وه‌و ناپرسن بۆ ئێستا یه‌کێتی پارتییه‌و پارتی یه‌کێتییه؟ ئایا ئه‌م تێکه‌ڵاوبوون‌و یه‌ک ده‌نگییه به‌رژه‌وه‌ندیی کورد فه‌رزیکردووه یان به‌رژه‌وه‌ندیی گیرفانی ئاغاکان؟ ئه‌ی کـوا بۆ رۆژگـارێـک بـوو تا گیرفانه‌کان یه‌کنه‌خرابوون، پـاڕانـه‌وه‌و دادوبـێـدادی دایکی شه‌هیدان‌و که‌سوکاری ئه‌نفاله‌کان‌و مامۆستایانی ئایینی‌و نووسه‌ران‌و چی‌و چی نه‌مان داوای ئه‌وه‌یان لێنه‌که‌ن که بۆ خاتری کوردو کوردستان‌و خوێنی شه‌هیده‌کان، واز له شه‌ڕ بهێنن‌و باوه‌ش به‌یه‌کدا بکه‌ن، به‌ڵام ئه‌و رۆژگاره به به‌هانه‌ی جیاوازیی بیروباوه‌ڕ شه‌ڕی یه‌کتریان ده‌کردو کوڕی خه‌ڵکیان به‌کوشت ده‌دا، که‌چی که گیرفانه‌کان بوون به‌یه‌ک، رێککه‌وتنی ستراتیژیی هاته ئاراوه‌و به زه‌ره‌بینیش ناتوانرێت پارتی‌و یه‌کێتی له‌یه‌کتر جیابکرێنه‌وه‌و هه‌موو ریکلامکردنی جیاوازیی بیروڕا بوون به بلقی سه‌رئاو.

لێره‌دا ده‌مه‌وێت ئه‌وه بڵێم هیوادارم ده‌روێشه‌کانی حیزب ئه‌م گه‌ڕانه‌وه‌یه‌ی من بۆ رۆژگاری شه‌ڕی ناوخۆ، وا لێکنه‌ده‌نه‌وه که من تاسه‌ی ئه‌و رۆژگاره بکه‌م‌و حه‌ز به شه‌ڕو ماڵوێرانیی بکه‌م‌و رێککه‌وتنی پارتی‌و یه‌کێتیم پێ ناخۆشبێت، هه‌رچه‌نده ئه‌م رێککه‌وتنه وه‌ک ته‌ونی جاڵجاڵۆکه ئاڵۆزه‌و به‌ناو ستراتیژییه، به‌ڵام له ستراتیژی هه‌ردوو بنه‌ماڵه زیاتر هیچی دیکه به‌دیناکه‌ین، مه‌رج نییه ئینسان باسی هه‌رچیه‌کی کرد تاسه‌ی ئه‌و شته بکات، به‌پێچه‌وانه‌وه شه‌ڕی ناوخۆ جگه له وێرانکردن‌و وه‌ستاندنی ژیانی هه‌مووماندا، زۆر هاوڕێ‌و ئازیزی لێشاردینه‌وه‌و بوو به مایه‌ی سه‌دان کاره‌سات‌و ماڵوێرانکردن، ئه‌م گه‌ڕانه‌وه‌یه‌ی من بۆ ئه‌و رۆژگاره بۆ ئه‌وه‌یه که به ده‌روێشه مه‌سته‌کانی پارتی‌و یه‌کێتی بڵێم: عه‌جه‌ب له هه‌موو سه‌رده‌مێکدا هه‌ر مه‌ستن‌و له ستایش‌و خۆڵکردنه چاوی خه‌ڵکیدا ده‌ستێکی بالاتان هه‌یه، هه‌ر رۆژه‌و ئاوازێک ده‌ژه‌نن‌و له کۆرسێکی خه‌والوو زیاتر هیچی دیکه نین، له‌کاتێکدا که حیزب ئه‌م وڵاته‌ی کردبووه دۆزه‌خ‌و وه‌ک گه‌ڵای دار ته‌رمی گه‌نجه‌کان ده‌هاتنه‌وه بۆ شاره‌کان، ئێوه هه‌ر مه‌ست بوون‌و به‌دڵی ئاغاکانی حیزب ئاگری شه‌ڕتان خۆشده‌کردو به‌سه‌دان شێوه ره‌واییتان ده‌دا به شه‌ڕی ناوخۆو سوکایه‌تی دونیاتان به‌یه‌کتری کرد، ئه‌م کۆمه‌ڵگایه‌تان دارزاندو له سێ شاردا دوو حکومه‌ت‌و هه‌زاران ناکۆکی‌و برین‌و داختان خسته دڵی ئه‌م وڵاته‌وه، دواتر که ده‌ورانه‌که گۆڕاو ئیتر تێگه‌یشتن هیچ لایه‌کتان ناتوانن به‌شه‌ڕ یه‌کتری ته‌واوبکه‌ن، پێتان به‌سه‌ر ئه‌و هه‌موو کوژراوو برین‌و گۆمه خوێنه‌ی شه‌ڕدا نا، له‌پێناو نزیکبوونه‌وه‌ی گیرفانه‌کاندا باوه‌شتان به‌یه‌کدا کردو وه‌ک ئه‌وه‌ی نه باتان دیبێت‌و نه باران‌و له گوڵ کاڵترتان به‌یه‌کتری نه‌وتبێت، هه‌موو کوژراوه‌کانی شه‌ڕی ناوخۆ بوونه قوربانی ئاره‌زووه‌کانی ئێوه‌و له‌دوای خۆیان دونیایه‌ک کچ‌و ژن‌و دایکی قوربه‌سه‌ری کورد ره‌شپۆش بوون، هـه‌زاران منداڵ بێ باوک‌و بێلانه که‌وتنه سه‌ر شه‌قامه‌کان‌و سه‌رگه‌ردان بوون، ئێوه‌ش له که‌یف‌و به‌زم‌و ره‌زمی شادی‌و خۆشیدا مه‌ستی مه‌ست بوون‌و له ستایش زیاتر هیچتان نه‌وت، که‌مێک غیره‌تتان نه‌دایه به‌رخۆتان‌و به ئاغاکانتان بڵێن شه‌ڕو تێکدانی حکومه‌ت‌و کۆمه‌ڵگاو کوشتن‌و برین‌و دزینی داهاتی خه‌ڵک‌و هێناوه‌ی سوپای دوژمن بۆ، له‌پێناو چیدا ئه‌م هه‌موو تاوانانه‌تان ئه‌نجامدا؟ ئه‌م وڵاته‌تان کرده دۆزه‌خ هیچتان نه‌وت، ئێستاش له‌م سه‌رده‌مه‌دا که ته‌واوی خه‌ڵک له‌م دوو بنه‌ماڵه‌یه بێزاربووه‌و ئومێدی گۆڕان‌و دادپه‌روه‌ریی‌و یه‌کسانی خه‌ونی هه‌موو تاکێکی ئه‌م وڵاته‌یه، به‌ڵێ له ئێستاشدا وه‌ک رابردوو ده‌ستانکردووه‌وه به ستایشکردنی ئاغاکانتان‌و دژایه‌تیکردنی نه‌وشیروان مسته‌فاو لیستی گۆڕان، به‌بێ ئـه‌وه‌ی که‌مێک هه‌ستی به‌رپرسیارێتی‌و دڵسۆزیتان هه‌بێت بۆ ئه‌م کۆمه‌ڵگایه، ده‌تانه‌وێت ئه‌م دۆخه گه‌نده‌ڵ‌و چه‌قبه‌ستووه هه‌روا بمێنێته‌وه‌و ئێوه‌ش هه‌ر تێرنه‌خۆن له خۆده‌وڵه‌مه‌ندکردن‌و خه‌ڵک برسیکردن، هه‌رجاره‌و کۆمه‌ڵێک لێدوانی به‌تاڵ‌و بێبنه‌ما ده‌ده‌ن، ده‌تانه‌وێت به‌م لێدوانانه ته‌واوی هه‌وڵی نه‌وشیروان مسته‌فاو لیستی گۆڕان بچووک بکه‌نه‌وه بۆ بنیاتنانی کۆمه‌ڵگایه‌کی یه‌کسان‌و ده‌سه‌ڵاتێکی باشتر، دوور له گه‌نده‌ڵی‌و پاوانخوازیی بنه‌ماڵه‌یی‌و دادگایه‌کی سه‌ربه‌خۆو ئازادییه‌کی وه‌کیه‌ک، دڵنیاین به‌و لێدوانانه‌ی که ده‌ڵێن هه‌موو هه‌وڵی نه‌وشیروان مسته‌فا بۆ گه‌یشتنه به لوتکه‌ی ده‌سه‌ڵات، نه‌ک خه‌می گۆڕان‌و دادپه‌روه‌ریی هه‌رتاکێکی ئه‌م کۆمه‌ڵگایه که گوێی له‌م قسه عه‌نتیکانه ده‌بێت پێکه‌نینی به عه‌قڵتان دێت، ئاخر ئه‌گه‌ر هه‌وڵ‌و خه‌می نه‌وشیروان مسته‌فا بۆ گۆڕان‌و دادپه‌روه‌ریی‌و یه‌کسانی نه‌بێت‌و بۆ ده‌سه‌ڵات بێت، خۆ پێشتر نه‌وشیروان مسته‌فا له یه‌کێتی نیشتمانیدا له هه‌ره‌می ده‌سه‌ڵاتدابوو، هه‌موو خولیاو خه‌ونێکی بۆخۆی هه‌بوایه دوور له خه‌می گۆڕان‌و ئازادیی‌و دادی کۆمه‌ڵگا، ده‌یتوانی وه‌ک ئاغاکانی ئێوه هه‌رچی خه‌ون‌و خولیایه‌کی هه‌بێت بۆ خۆی‌و ده‌وروبه‌ره‌که‌ی پێبیبگات، به‌ڵام نه‌وشیروان مسته‌فا چونکه خه‌ون‌و خولیای گۆڕانی ده‌سه‌ڵات‌و دادپه‌روه‌ریی‌و یه‌کسانی بۆ هه‌مووان ده‌وێت، نه‌یتوانی له‌و پۆسته بالایه‌یدا درێژه به مانه‌وه‌ی خۆی بدات، تێگه‌یشت له‌و پۆسته‌دا ده‌وروپشتی به گه‌نده‌ڵ‌و دزو چی‌و چی گیراوه، هه‌ربۆیه بڕیاری ئه‌وه‌یدا له‌ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و حه‌شاماته گه‌نده‌ڵ‌و دزه‌وه هه‌وڵی خۆی بخاته‌گه‌ڕ، لێدوانی ئه‌و ده‌روێشانه هێنده سه‌یره ئاخر چۆن ده‌بێت که‌سێک له هه‌ره‌می ده‌سه‌ڵاتدا بێت‌و وازبهێنێت، جارێکی دیکه له سفره‌وه هه‌وڵی خۆی بخاته‌گه‌ڕ بۆ گه‌یشتن به ده‌سه‌ڵات، هه‌وڵی نه‌وشیروان مسته‌فا بۆ گۆڕین‌و ژیانێکی باشتره بۆ هه‌مووان، ئه‌گه‌ر بۆ ده‌سـه‌ڵات بێت زۆر دووره نه‌وشیروان مسته‌فا پۆستێکی وه‌ک ئه‌وه‌ی خۆی ده‌ستکه‌وێت، دڵنیام خۆشی ئه‌مه چاک ده‌زانێت.

ده‌مه‌وێت نموونه‌یه‌کی دیکه باسبکه‌م، جه‌وهه‌ر نامیق که پارتی بوو، سه‌رۆکی په‌رله‌مان بوو، له‌پێناوی ئه‌وه‌دا که نوقمی ئه‌و گه‌نده‌ڵی‌و دزیـه نه‌بێت‌و که‌رامه‌تی پارێزراوبێت، وازیهێنا، لێره‌دا ده‌پرسم ئه‌م پیاوه ده‌زانێت له‌ده‌ره‌وه‌ی پارتی که جارێکی دیکه نابێته‌وه سه‌رۆکی په‌رله‌مان. ئایا لێره‌دا ئه‌وه نابینین که ئه‌م هاتنه ده‌ره‌وه‌یه له پارتی‌و یه‌کێتی، له‌ده‌ستدانی ده‌سه‌ڵاته له‌پێناوی گـۆڕان‌و دادپـه‌روه‌ریـدا، نه‌ک گه‌یشتن به ده‌سـه‌ڵات، به‌ڵام ده‌روێشه‌کانی ئه‌م دوو حیزبه ناتوانن ئه‌ملاولای خۆیان ببینن، به‌رده‌وامن له دژایه‌تیکردن‌و ناشیرینکردنی ئه‌و که‌سایه‌تیانه‌ی که به‌ڕاستی له خه‌می ئـه‌وه‌دان ئه‌م دۆخه گه‌نده‌ڵ گوماناوییه بگۆڕن، حکومه‌ت‌و په‌رله‌مانی کوردیش ببێته حکومه‌ت‌و په‌رله‌مانی هه‌مووان، ته‌نیا به میزاجی ده‌سته‌و تاقمێک ئیش نه‌کات‌و ته‌واوی خواست‌و داواکانی خه‌ڵکی کوردستان بخاته سه‌ر ره‌فه‌ی بیرچوونه‌وه، دیاره ئێمه‌ش دوور له هه‌موو به‌رژه‌وه‌ندییه‌یه‌کی تایبه‌ت هه‌ر به‌و هه‌سته‌وه داکۆکی له نه‌وشیروان مسته‌فاو لیستی گـۆڕان ده‌که‌ین، ته‌نیا به‌ئومێدی گـۆڕان‌و باشترکردنی ژیانی خه‌ڵکی کوردستان له هه‌موو بواره‌کاندا، ته‌نیا ئه‌و ئومێدی گۆڕان‌و باشترکردنه‌یه ئاوا شێتگیرانه تکا له خه‌ڵکی کوردستان ده‌که‌ین که به‌وێژدانه‌وه بۆ بنیاتنانی حکومه‌تێکی باشتر، ده‌نگ به لیستی گۆڕان بده‌ن، خۆ ئه‌گه‌ر هاتوو سبه‌ی لیستی گۆڕان زۆرینه‌ی ده‌نگه‌کانی هێناو له‌ئاستی داخوازیی خه‌ڵکدا نه‌بێت‌و وه‌ک ئێستای ئه‌م دوو حیزبه پشت له خه‌ڵک بکات، ئه‌وه ئه‌وکات ئێمه چۆن ئێستا ره‌خنه له‌م ده‌سه‌ڵاتی دوو حیزبه ده‌گرین، سبه‌ی ئاماده‌ین به‌هه‌مان هه‌ناسه‌و بگره توره‌تریش ره‌خنه له لیستی گۆڕان‌و نه‌وشیروان مسته‌فا بگرین، چونکه داکۆکیی ئێمه ته‌نیا له‌پێناو گۆڕان‌و باشترکردنی حکومه‌ت‌و ژیانی خه‌ڵکه، نه‌ک وه‌ک ده‌روێشه‌کانی حیزب به‌یه‌ک ئاواز هه‌ر فێری ستایشکردن بین‌و نه‌توانین هیچ خواروخێچییه‌کی ده‌سه‌ڵات نه‌بینین، له‌به‌ر دڵی ئاغاکانی حیزب به ره‌ش بڵێین سپی‌و سه‌ڵاوات له گه‌وره‌یی‌و باشه‌ی ئه‌م ده‌سه‌ڵاته بده‌ین. ئێمه که ئه‌مرۆ ره‌خنه له‌م دوو حیزب‌و ده‌سه‌ڵاته ده‌گرین، بۆ ئه‌وه ناگه‌ڕێته‌وه کوێرانه کۆرسی نه‌وشیروان مسته‌فا بین، بۆ ئه‌وه ده‌گه‌ڕێته‌وه نه‌وشیروان مسته‌فا به‌جدیی له‌پێناو به‌رژه‌وه‌ندیی گشتیداو بۆ گۆڕان‌و باشترکردن، تاقه خه‌مخۆری به‌ده‌نگی مه‌یدانه‌که‌یه‌و ئێمه‌ش خه‌ون‌و ئومێدمان به گۆڕان هه‌یه‌و که‌وتووینه‌ته دوای خـه‌ون‌و ئومێده‌کانی خۆمان نه‌ک که‌سێکی دیکه، به‌ڵام ده‌روێشه‌کانی حیزب به‌تاڵکراونه‌ته‌وه له خه‌ون‌و ئومێد، بۆیه بڕوایان به گۆڕان‌و بنیاتنان نییه‌و هه‌ر به کـۆرس یه‌ک سـروود ده‌ڵێنه‌وه، ئه‌ویش سروودێکی بێماناو هیچه بۆ به‌رده‌وامیی ده‌سـه‌ڵاتـی دوو بنه‌ماڵه دێوه‌زمه‌که‌ی کوردستان، که بێگومان رۆژێـک دادێت رۆژیان ته‌واوبێت‌و ریسوابکرێن‌و له‌سه‌ر تاوانه‌کانیشیان بدرێنه دادگا.



# جەنابی سەرۆک ڕۆژنامەنووسان جاسوسن یان...

فرمان عەبدولڕەحمان

لەژمارەی دوێنێی ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتدا، دیمانەیەکی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بڵاوکراوەتەوەو بەڕێزیان لەوەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەکەدا دەڵێن: «جەنگێکی موخابەراتی لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە لەدژی ئێمە لەگۆڕێیەو ڕاگەیاندنەکانمان جێبەجێی دەکەن».

با لەوەگەڕێین کە قسەکەی سەرۆکی حکومەت تۆمەتێکی ترسناکە دەیخاتە پاڵ ڕۆژنامەنووسان، هەروەک لێرەدا قسەش لەسەر ترسناکی ئەو کۆتەیشنە دۆزەخییە ناکەم، کە مانیفێستێکی ئاشکرای حەڵاڵکردنی خوێنی ڕۆژنامەنووسانە، لەبەرئەوەی تۆمەتبارکراون بەجاسوسیو خیانەت، بەڵکو چەند دێڕێکی سادەو چەند پرسیارێک ئاراستەی سەرۆکی حکومەتو ئەو مەکینە ئیعلامیە زەبەلاحەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار دەکەم، کە دەیانەوێت کارە ڕەخنەییەکانی ڕۆژنامەنووسە ئازاکانی وڵاتەکەم بەهەڵهەڵەی جاسوسیکردنو خیانەت بەتاڵ بکەنەوە.

جێگەی پرسیارو گومانە بۆچی بەرپرسانی هەردوو حیزبو قەڵەمەکانی دەسەڵات بەتایبەت لەمکاتەدا ئەم پرسە دەوروژێنن، من پێموایە ئەمە بەرجەستەبوونی ڕەخنە جدییەکانی میدیای ئەهلیەو حکومەتو دەسەڵات هیچ وەڵامێکی دیکەیان بەدەستەوە نەماوە، تۆمەتبارکرنی ڕۆژنامەنووسان نەبێت بەجاسوسیکردنو خیانەت.

باتەماشایەکی تۆماری دادگاکانی هەرێم بکەین، ئایا دۆسییەی هیچ ڕۆژنامەنووسێکی تێدایە، بەو تۆمەتە دادگایی کرابێت، کە من پێموایە لەوکاتەوەی ڕۆژنامەی ئەهلی لەم هەرێمەدا سەریهەڵداوە، ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک بەهەر شێوازێک سێبەرەکانی ئەو تۆمەتەی لەسەر بوایە، نەک ئێستا حەوت زەمان بوو کرابوو بەداردا، بەڵکو لەسەروو ئەویشەوە سەدان کەرنەڤاڵو میهرەجانی لەسەر ئامادە دەکرا.

بێگومانم ڕۆژنامەنووسانی میدیای ئەهلی نیشتمانیان خۆشدەوێت، زیاتر لەو سیاسیانەی کە سازش نەما نەیکەن لەبەردەم نەیارەکانمان تەنیا بۆ ئەوەی چەند دەستکەوتو ئیمتیازێکی شەخسیو بچووکیان دەستبکەوێت، کە هیچ مرۆڤێکی نەفس بەرز پێی ڕازی نابێت، ئینتیمای نیشتمانپەروەریش ڕووبەرێکە کەس بۆی نییە بەناوی جیاوازەوە قۆرخی بکاتو موزایەدەی پێوە بکات، ئێمە کە ڕەخنە دەگرین خەون بەدونیایەکەوە دەبینین باشتر لەوەی ئێستا سیاسییەکانی هەردوو حیزب شێواندوویانە، کە ڕۆژنامەنوسێکی میدیای ئەهلی ڕەخنە دەگرێت لەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بە تەنیا نییە، بەڵکو ئەوە ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناسیۆناڵو یونامیە ڕاشکاوانەتر ئاماژەی بۆ دەکەن، کە باس لەناشەفافیەتو گەندەڵیو قۆرخکردنی دەسەڵات دەکەین لە لایەن یەکێتیو پارتیەوە، لەئێمە داناترو پرۆفیشناڵانەتر ڕۆژنامەنووسە بیانییەکانی وەکو لینکۆس سامویڵز لەنیوزویکو مایکڵ هاوارد لەگاردیانو کریستۆڤەر ئەندرۆ لەنیویۆرک تایمز باسی دەکەنو ڕای گشتیی جیهانی لێ ئاگادار دەکەنەوە، لێرەدا باسی مایکڵ ڕۆبن ناکەم لەپەیمانگای ئەنتەرپرایزی ئەمریکی، چونکە یەکێتیو پارتی حەساسیەتیان بەو ناوە هەیە، ئەی بەڕێزینە ئەمانەش پیاوی تورکیاو ئێرانن یان سوریا؟!

پێم سەیرە لەوڵاتێکدا بەرپرسانو سیاسییەکان باسی جاسوسیو خیانەت دەکەن، لەکاتێکدا کە دۆسییەو فایلەکانی بەعس ئاشکرابوون، ئەوە ڕۆژنامەنووسانی ئەهلی نەبوون فایلی دوورو درێژو «پرۆفیشناڵ»یان هەبوو، بەڵکو سیاسییەکان بوون، وەیل بۆ ئەو ڕۆژەی دیوارە ئەستوورەکانی دەزگای موخابەراتی ئەو وڵاتانەش دەخرێنە سەرپشت، کە جەنابی سەرۆکی حکومەت باسیاندەکات، ئەوسا دەردەکەوێت ئەوە ئێمەی ڕۆژنامەنووسانین جاسوسین یان سیاسییەکان، دواتریش کە ئێمە وەکو ڕۆژنامەنووس ئەو فایلانە بڵاودەکەینەوە بەتۆمەتی تەشهیر داداگایی دەکرێینو پێماندەڵێن ئێوە ئیتیکی ڕۆژنامەنووسی نازانن!!

دەبوایە سەرۆکی حکومەت سوپاسی ڕۆژنامەنووسانی بکردایە، چونکە ئەوە ڕۆژنامەنووسانی ئازادن پەنجە دەخەنە سەر ئەو برینانەی لە ڕێگەی مشەخۆرییو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە لە لایەن سیاسیەکانەوە کەوتووەتە جەستەی ئەزموونەکەمانەوە.

جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەبری ئەوەی بەجاسوسیکردن تۆمەتبارمان بکەیت، خەیاڵ لە باشکردنی ئەم هەرێمە بکەرەوە کە گەندەڵی هێندەی نەماوە نەک خۆمان نەوەکانی ئایندەشمان نگرۆ بکات.











## بڵاوکراوەی نوێ




چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩

ئابووری
ژمـاره (477) چوارشەممە 2009/5/27 aburi.rozhnama@gmail.com



د. نەرمین مەعروف

## زۆربەی فەرمانبەران لە حاڵەتی بێکاریی دەمامککراودان و هیچ بەرهەمێکیان نییە

ل ٤-٥

بەهای دۆلاری ئەمریکی لە بەرامبەر دیناری عێراقی لە (١١٨,٥٠٠)هەزار دینارەوە بەرزبووەوە بۆ (١١٨,٥٥٠)دینار، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی بانکی ناوەندی لە خستنە بازاڕی دۆلاردا.

% 0.001

بەهای یەک بەرمیل نەوتی خاوی ئەمریکا لە بازاڕەکانی جیهاندا لە (٥٩)دۆلارەوە بەرزبووەوە بۆ (٦١)دۆلاری ئەمریکی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی خواست لەسەر نەوت

%0.33

نرخی یەک مسقاڵ ئاڵتونی عەیارە (٢١) لە بازاڕەکانی کوردستاندا لە (١٥٥)هەزار دینارەوە بەرزبووەوە بۆ (١٥٩)هەزار دینار، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ناجێگیری لە بەهای ئاڵتوندا

% 0.025

### بەرەو گفتوگۆکردنی بودجە

# هیچ ساڵێک بودجەی هەرێم لە کاتی خۆیدا نەچووەتە پەرلەمان



بازرگان، دارا بەگ محەمەد:

## هەندێک بازرگانی «چاوچنۆک» هەن لە پێناو قازانجدا شتی خراپ دەهێننە کوردستانەوە

ل٧

# ...ــودجەی خەملێنـــراوی خۆیاندا دەکەن»



هیوا میرزا سابیر



بایز تاڵەبانی



جوتیار مەجید

بودجەیە کە بەوشێوەیە دێت، ناتوانرێت هەموو فاکتەرەکانی ئـابـووریـی کـوردسـتـان وەک خـۆی جێبەجێ بکرێت، وەک ئەو وتی: «ئەوەتا دەیەوێت لە بودجەی هەرێم پـارە ببڕێتو بـاج لە کۆمپانیاکانی مۆبایل وەربگرێت».

د.فـــازڵ نـەبـی، بـریـکـاری وەزارەتـــی دارایـــی عـێـراق، لە لێدوانێکیدا بە رۆژنامەی وت: «لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەم زۆر کـردووەو چیتر لەسەری قسەناکەم، پەیوەندی بە وەزارەتی دارایـی هەرێمی کوردستانەوە بکەن ئەوان باشتر دەزانن».

لەوبارەیەوە بایز تاڵەبانی، وەزیـــری دارایـــی حکومەتی هەرێم، وتـی: «ئێمە لە رێگای نوێنەرەکانمانەوە بـــەردەوام لە هەوڵداین بۆئەوەی کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین، چونکە ئێمەش دەمانەوێت بەوشێوەیە نەبێت، لەبەرئەوەی کاریگەریی لەسەر پـرۆژەکـانـی هەرێمی کوردستان هەیە».



## ئاماری ورد لەسەر داهات نییە

مـحـەمـەد کـەریـم، سـەرۆکـی مونتەدای ئابووریی کوردستان، وتی: «پێویستە هەموو وردەکارییەکانی داهـــاتو خەرجیی وەزارەتـــەکـــان ئاشکراو شەفافبن، بەڵام تائێستا ئەوە بوونی نییە لە بودجەی کوردستاندا».

د.نەرمین مەعروف، پسپۆڕی بواری ئابووری‌و مامۆستای کۆلێژی کارگێڕی‌و ئابووری، بە پێویستی زانی کە بزانرێت وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پشکی ١٧٪ی هەرێمی کوردستان داهاتمان چەندە، وەک وتی: «دەبێت بزانین داهاتی خۆمان بڕەکەی چەندە، پێویستە هاوڵاتییان بزانن چەندی داهاتی کوردستانەو چەندیشی لە پارەی نەوت بۆمان دێت، بۆئەوەی بزانین حکومەتی هەرێم داهاتی چەندی هەیە».

سەرۆکایەتی لیژنەی دارایـــی پەرلەمان وتی: «ئاماری تەواومان نییە، ئـەگـەر هـەبـێـت، بـەدەسـت فەرمانبەرێکەوەیە کە دەچێتە لای پێیدەڵێت ئەو ئامارانەم بـدەرێ، دەڵێت کاکە ئەوە نهێنییەو پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە، نووسراوی رەسمیت پێبێت ناتداتێ، ئەو کێشانەمان هەیە».

جوتیار مەجید، جێگری لیژنەی دارایـــی، وتـــی: «ســـاڵـی رابـــردوو بە وەزیـــری پلاندانانمان وت کە وردەکاریی خەرجی‌و داهاتەکانی وەزارەتەکانمان بۆ بڵاوبکاتەوە، عوسمان شوانی بەڵێنی پێداین کە هەمووی بڵاودەکەینەوە»، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا سەرۆکی مونتەدای ئابووری وتی: «سایتی وەزارەتـی پلاندانان هەر ناکرێتەوە».

## ٦٥٪ی بودجەی هەرێم بۆ کوێ؟

بەپێی ئەو ئامارەی کە لیژنەی وەزارەتـی دارایی باسیان لێوەکرد، بودجەی هەرێمی کوردستان ٦٥٪ی دەچێت بۆ مووچە، بـەڵام بەپێی ستانداردی جیهانی تا رێژەی ٣٣٪ ئاساییە، چرۆ حەمەئەمین، ئەندامی لیژنەی دارایـی، لەوبارەیەوە وتی: «ئێستاش بەداخەوە ففتی بەففتی نێوان پارتی‌و یەکێتی، فەرمانبەری زۆر زۆر کردو چەندین کەسیان دامەزراند، ئەوانە پێیان دەوترێت مشەخۆر نەک فەرمانبەر، چونکە کاریان نییە، لای ئێمە واستەو واستەکاری تائێستاش بۆ دامەزراندن بەردەوامە، لەلایەکی دیکەوە کەرتی تایبەتمان لاوازە، ئەمانەش بەهۆی نەبوونی یاسای کارەوە».

چرۆ وتیشی: «لە سەردەمی دوو ئیدارەییدا لە کێبڕکێی نێوان یەکێتی‌و پارتیدا لە دامەزراندندا هەبووە، ئەوەش هۆکارێکی زۆری دروستکردووە بـۆئـەوەی تووشی هەڵاوسانێکی گەورەبین لە بوونی فەرمانبەراندا».

سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان وتـــی: «زۆربــــەی ئەو کەسانەی کە فەرمانبەرن، من ناڵێم فەرمانبەر، چونکە بەو کەسە دەڵێن کە فەرمانێک جێبەجێدەکات، بەڵام ئێمە زۆربەمان مووچەخۆرین، بەس مووچەکە دەخۆین، ئێمە هاتووین دامـودەزگـایـەکـی هـەڵاوسـاومـان دروستکردووە، ئەویش یەکێکە لە کاردانەوە خراپەکانی شەڕی ناوخۆ بەڕاستی، ئێشێک کراوە بۆمان چاک ناکرێت، ئێشێک کراوە ئەوەندە گەڵابە بەردمان خستووەتە ناو بیرێکەوە، ئێستا بە هەزار دانا دەرنایەت».

هەروەها د.دلێر وتی: «ساڵانێکی زۆر خەریکی شەڕی ناوخۆ بووین، شەڕی ناوخۆ مۆتەکەیەکی گەورە بووە کە تائێستا کاردانەوەکانی لەناو ئێمەدا سارێژنەبووە، کاریگەریی خراپی لەسەر ئابووری‌و هەموو بوارە جیاوازەکان داناوە».

بایز تاڵەبانی، وەزیـری دارایی حکومەتی هـەرێـم، وتـی: «بـە هیچ شێوەیەک مووچەی فەرمانبەران‌و خانەنشینان کەمناکرێتەوە، بەڵام پلانێکمان هەیە کـە لـە هەندێک وەزارەتدا هەندێک فەرمانبەر زیادن بیانگوێزینەوە بۆ وەزارەتێکی دیکە کە پێویستی بە فەرمانبەرە».

## بایکۆتی دانیشتنەکانی لیژنەی دارایی

هیوا میزا سابیر، ئەندامی لیژنەی دارایـــی پەرلەمانی کوردستان، ئاشکرایکرد، کە «بەهۆی ئەوەی کە لە دوو ساڵی رابـردوودا حکومەت وەڵامـــی تـــەواوی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمانی نەداوەتەوەو بودجە لەکاتی خۆیدا نەهاتووەتە پەرلەمان، بۆیە وەک هەڵوێستێک بایکۆتی دانیشتنی لیژنەی دارایی دەکـەم کە لەسەر بودجە گفتوگۆ دەکەن».

جوتیار مەجید، جێگری لیژنەی دارایـــی، وتـــی: «هەرچەندە ساڵی رابردوو بودجەی هەرێم گفتوگۆی چڕی لەسەر کرا، بەڵام بۆ ئەمساڵ زیاتر گفتوگۆکان بەشێوەیەکی وردو شەفافتر قسەی لەسەر دەکەین».

د.نـەرمـیـن مـەعـروف وتـی: «هـەرکـاتـێـک بـودجـەی هەرێمی کـوردسـتـان هـەمـوو ئـامـارو زانـیـاریـیـەکـانـی لـە خەرجیی‌و داهـاتـەکـانـی حکومەتی هـەرێـم تێدابوو بە هەموو وردەکارییەکەوە، هاوڵاتییانی کوردستان ئاشنابوون بەو بودجەیەو زانییان کە پارەی کوردستان چۆن خەرج دەکرێتو بڕی داهاتەکان چەندن، ئەوکاتە دەڵێن بودجەی هەرێمی کوردستان شەفافو دیارە».

لە چـوارچـێـوەی دەسـتـووری عێراقدا، حکومەتی هەرێم سیاسەتی دارایــــی‌و دراوی سـەربـەخـۆی نییە، لە هیچ سیستمێکی فیدرالیدا سەربەخۆیی دارایی بوونی نییە.

نـەبـوونـی ئـەو سەربەخۆییە کێشەیەکی گـەورەیـەو ئەمەیش وایکردووە کە بودجە لەکاتی خۆیدا نەچێتە پەرلەمان.

هیوا میرزا سابیر وتـی: «هیچ سـاڵـێـک بـودجـە لەکاتی خۆیدا نەهاتووەتە پەرلەمان، بەوپێیە هیچ مانایەک بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بودجە رۆڵی نییە».

**ئەمڕۆ پێشانگای کۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی دەکرێتەوەو ماوەی سێ رۆژ بەردەوام دەبێت**

## بەرەو گفتوگۆکردنی بودجە

# «وەزارەتەکانی هەرێم موبالەغە لە ب

ئارا ئیبراهیم

بە وتەی سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپارلەمانی کوردستان حکومەتی عێراقی بە (٣٦) جار بودجەی ساڵێک بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێت، هەروەک دەڵێت وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم «موبالەغە لە بودجەی خەملێنراوی خۆیاندا دەکەن‌و درەنگ دەیدەن بە وەزارەتی دارایی‌و تائێستا لەوبارەیەوە هیچ لێپرسینەوەیەک نەکراوە»، وەزارەتی دارایی ئەوە روونده‌کاتەوە کە لە مانگی تشرینی دووەم داوایان لە وەزارەتەکان کردووە کە بودجەی خەملێنراوی خۆیان رەوانەی وەزارەت بکەن.

دوای شەش مانگ لە دواکەوتنی، بودجەی هەرێم گەیشتووەتە پەرلەمانی کوردستان‌و چاوەڕواندەکرێت لە هەفتەی ئایندەدا پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکات، لیژنەی دارایی جەختیان لەوەکردەوە کە بودجەی ئەمساڵ بەشێوەیەکی شەفاف پەسەند دەکەن.

یەکێتی ناردندکارانی هەرێمی کوردستان کۆڕێکی بۆ هەریەک لە د.دلێر حەقی شاوەیس‌و جوتیار مەجید سەرۆک‌و جێگری لیژنەی دارایی، چرۆ حەمەئەمین ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان لە هۆڵی ژووری بازرگانیی سلێمانی سازکرد.

لەو کۆڕەدا باسی بودجەی هەرێم‌و ئاستەنگەکانی بەردەمی کرا.

### حکومەتی هەرێم‌و داهاتەکانی حکومەتی عێراق

د.دلێر حەقی شاوەیس سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان وتی: «حکومەتی هەرێم ئاگای لە داهاتەکانی عێراق نیە، ئەو دەزگایەی کە (کۆمپانیای سۆمۆ) چەند هەزار بەرمیل نەوت دەنێرێتە دەرەوە، یەک نوێنەری کوردی تێدانییە، ئێمە نازانین چەند دەچێت‌و چۆنە، هەر لەسەر ئەو ئەساسە بودجە بۆ ئێمە دەنێرن کە نرخی نەوت بە (٥٧) دۆلار دانراوە، لەکاتێکدا چەندینجار نرخی نەوت گەیشتووەتە (١٠٠) دۆلار، ئەمە فێڵێکەو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە».

د.دلێر وتی: «حکومەتی هەرێمی کوردستان خەمڵاندنی داهاتەکانی داوە بە بەغدا، حکومەتی بەغدا خەمڵاندنی خۆی کردووە، بە بۆچوونی خۆم رەنگە تەخمینەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وردنەبێت، بەڵام نزیکترە لە واقیعەوە وەک لەوەی حکومەتی عێراقی، بەڵام عێراق بە خەمڵاندنی خۆی پارە لە حکومەتی هەرێم دەبڕێت».

محەمەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان، وتی: «ئەوە کێشەیەکی سیاسییە نەک ئابووری، بەڵام بە فشارێکی ئابووری دەردەبردرێت، بەوپێیە حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە عەقڵی سیاسیی عەرەبی عێراقی نزیک بکاتەوە لە خواستەکانی کورد».

محەمەد کەریم وتیشی: «کورد ئاگای لە داهاتەکانی عێراق نییە، مانای ئەوەیە کورد وەک ژمێریارێک بودجەکەی خۆی وەردەگرێت‌و دێتە دواوە».

### موبالەغە لە بودجەی خەملێنراودا

د.دلێر باسی لەوەکرد ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم، وتیشی «وەزارەتی دارایی داوایکردووە کە وەزارەتەکان بودجەی خەملێنراوی خۆیان بنێرن بۆ وەزارەتی دارایی، کەچی لەکاتی خۆیدا ناینێرن، ئێمە بە وەزارەتی دارایمان وتووە کە بۆچی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکەن، ئێمە پرسیار دەکەین کەس لێپرسینەوەی لەگەڵدا کراوە؟».

لە راپۆرتی ساڵی رابردوودا لیژنەی دارایی رەخنەیان لە حکومەتی هەرێم گرتووە کە وەزارەتەکان بودجەی خەملێنراوەکانیان موبالەغەی تێدایە، لەوبارەیەوە سەرۆکی لیژنەی دارایی وتی: «وەزارەتێک داوای میزانیەی کردووە، بۆ نموونە وەزارەتی خوێندنی باڵا داوای (١٠) ملیار دیناری کردووە، وەزارەتی دارایی بۆی دەکات بە (٦) ملیار، ئەسڵەن لە ساڵی رابردوودا (١٠) ملیاری نووسیوە، کەچی تەنیا (٣) ملیاری خەرجکردووە، یان ئەوەتا ئەمە موبالەغەیەکی زیادی تێدایە، یان ئەوەتا پێشکەوتنێکی باش روویداوە کە پێویستی بەو هەموو پارەیە نییە».

هەروەها وتیشی: «لەڕاستیدا بۆچوونی یەکەم راستترە، دەزگاکانی ئێمە ئەو پارەیەی کە بۆیان تەرخانکراوە، خەرجی ناکەن، ئەسڵەن کە وەزارەتی دارایی یاخود بەڕێوەبەری حساباتی ئەو وەزارەتە کە بڕەکە دیاریدەکات، بە موبالەغەوە دیاریدەکات، چونکە دەزانێت لە وەزارەتی دارایی لێی دەبڕن، لە وەزارەتی دارایی ئەوانیش دەزانن کە وەزارەتەکە موبالەغەی تێدا کردووە، ئەوانیش لێی دەبڕن».

وەک سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمان وتی: «ئەمە نیشانەی شێواویی‌و شلۆقیی حساباتی دارایی‌و ئیدارییە، کە ئەمساڵ هەمان شت بەشێوەیەکی دیکە دووبارە دەبێتەوەو وەزارەتی دارایی خۆی باسیدەکات‌و شکاتی لەسەر وەزارەتەکان دەبێت».

بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم، وتی: «لەبەرئەوەی بودجەی هەرێم بودجەیەکی دیاریکراوە، ناتوانین هەموو ئەو داواکاریی‌و بودجە خەملێنراوەی وەزارەتەکان کە دیارییان کردووە، دابین بکەین، هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە کە پلان نییە، چونکە لە رێگای بەڕێوەبەری پلاندانانی وەزارەتەکانەوە ئەو بودجەیە دەخەملێنرێت، کە وەزارەتەکان خۆیان خەرجی ناکەن، هەموو ئەو پارانە دەمێنێتەوەو نافەوتێت».

وەزیری دارایی ئەوەشی روونکردەوە، کە لە مانگی تشرینی دووەمدا دوایان لە هەموو وەزارەتەکان کردووە بودجەی خەملێنراوی خۆیان بنێرن بۆ وەزارەتی دارایی، بەڵام وەک ئەو وتی «دوایانخستووەو دواتر ناردوویانە».

سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان وتی: «ئەو موبالەغەکردنە بەهۆی نەبوونی پلانی کۆنکرێتییەوەیە لە وەزارەتەکاندا، ئەو شێوەیە لە چوارچێوەی پلان دەردەچێت‌و وەکو مامەڵەیەکی لێدێت، وەزارەتەکان داوای بودجەی خەملێنراوی زۆر دەکەن‌و وەزارەتی دارایش بۆیان کەمدەکاتەوە».

### ناردنی بودجە بۆ هەرێم

د.دلێر وتی: «حکومەتی عێراقی بە (٣٦) جار بودجە بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێت، واتە هەموو دە رۆژ جارێک بودجە دەنێرێت بۆ حکومەتی هەرێم وەک مووچە، ئەمە کارێکی وادەکات کە کەس خێری لێنابینێت».

محەمەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووری، ئاماژەی بەوەکرد کە حکومەتی عێراقی دەستیگرتووە بەسەر گۆڕانکارییەکاندا، چونکە ئەو


د. دلێر حەقی شاوەیس


د. نەرمین مەعروف


محەمەد کەریم



## بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی: (٨٠) هەزار مامۆستا ئاماری گشتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدەن

# دەمامککراودانو هیچ بەرهەمێکیان نییە»

سەرپەرشتیکردن بەبڕی ئەو پارەیە کە لەناو ئابووریدا هەیە، بەهای ئەم دراوە بەرامبەر بە دراوەکانی دیکە، لێرەدا ئەم سیاسەتە بانکی ناوەند بەرپرسە لە دارشتنو جێبەجێکردنی، کە هەمیشە لە وڵاتێکدا یەک بانکی ناوەند هەیە کە تێیدا سیستمی فەرمانڕەوایەتییەکە حکومەتێکی مەرکەزیی یاخود بوونی حکومەتی مەرکەزو حکومەتی هەرێمەکان وەک ئێستای عێراق، ئەم سیاسەتە تەنیا لە بەرژەوەندیی بانکی ناوەندە، بەڵام ئەم سیاسەتە دەبێت بەجۆرێکی وا دابڕێژرێت کە هەوڵبدات بۆ کەمکردنەوەی بڕی خستنەڕووی ئەو دراوەی کەوا لە بازاڕدا هەیە، بۆ بەرزکردنەوەی بەهای ئەو دراوە بەرامبەر بە دراوەکانی دیکە لە عێراقدا، ئێستا بانکی ناوەند پێچەوانەی ئەو سیاسەتو بەرنامانەی کەوا لە سەردەمی رژێمی پێشوودا پەیڕەو دەکرا کە بە بەردەوامی خستنەڕووی دراو زیاد دەکرا، بەڵام ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکات کە چۆن بڕی ئەو دراوە کەمبکرێتەوە لە بازاڕدا لە ڕێگای کۆمەڵێک بەرنامەی خۆیەوە، وەک کڕینەوەی دیناری عێراقی لە ڕێگای فرۆشتنی دۆلاری ئەمریکییەوە، هەروەها بەرزکردنەوەی نرخی سوود لەسەر قەرزەکان کە لە بانکەکاندا دادەنرێت.

**ڕۆژنامە: کارکردن بەم شێوازەی سیستمی بازاڕی ئازاد تا چ ئاستێک کاریگەریی هەیە لەسەر بەرزبوونەوەی هەڵاوسان؟**

* لە جیهانی ئابووریدا بە گشتی سێ سیستم هەیە بۆ پەیڕەوکردن لەڕووی ئابوورییەوە، ئەوانیش سیستمی ئازادیی ئابووریی، لە بەرامبەریدا سیستمی ئیشتراکی سۆسیالیستیو سیستمی تێکەڵاو واتە هیچ کامێکیان لەخۆنەگرێت، ئەمڕۆ زۆرێک لە وڵاتانی دنیا پەیڕەوی سیستمی تێکەڵاو دەکەن کە تێیدا ڕێگا دەدرێت بە بوونی هەردوو کەرتەکە، کەرتی حکومەتو کەرتی تایبەت، بەڵام ڕەنگە لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە قەبارەی ئەم دوو کەرتە جیاوازبێت، لە کوردستاندا لەدوای ڕاپەڕینەوە دەسەڵات پەیڕەوی سیستمی بازاڕی ئازاد یاخود سیستمی سەرمایەداریی کردووە کە لەساڵی ٢٠٠٣ەوە لەسەرتاسەری عێراقدا ئەم سیستمە پەیڕەو دەکرێت، کە تێیدا پێویستە گرنگیی زیاتر بدرێت بە کەرتی تایبەت، واتە ئازادیی ئابووریی دەستەبەر بکرێت بۆ سەرجەم یەکە ئابوورییەکان لە کڕیارو لە فرۆشیار، حکومەت لەسایەی سیستمێکی لەمجۆرەدا ڕۆڵی نییە ڕاستەوخۆ لەناو ئابووریدا، بەڵکو حکومەت داڕێژەری سیاسەتە ئابوورییەکانە، بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکرێت لە وڵاتی ئێمەدا دەبینین جێبەجێکردنی کارەکان نازانستیانەیە بۆ سیستمی ئازادیی ئابووریی، لەبەرئەوەی یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەم سیستمە ئەوەیە کەوا حکومەت جێبەجێکەری سەرەکی ناو ئابووری نەبێت، بەڵام ئێستا دەبینین کەرتی گشتی قورساییەکی گەورەی هەیە لەناو ئابووریی ئەم وڵاتەدا، زۆرێک لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان هێشتا لەژێر دەسەڵاتی کەرتی حکومەتدایە، لەهەمانکاتدا پێویستە ئەرکی سەرەکی بە کەرتی تایبەت بسپێردرێت لە چالاکییە ئابوورییەکاندا، کە هێشتا کەرتێکی لاوازو بچووکەو نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە ببینێت، بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا لەگەڵ هەڵگرتنی دروشمی بازاڕی ئازاددا، تایبەتمەندیی بازاڕەکانی ئێمە زیاتر بازاڕی قۆرخکارییە واتە دوورە لە بازاڕی کێبڕکێو ململانێوە، لەبەرئەوە ئەمە وایکردووە کەوا پەیڕەوکردنی ئەم سیستمە لە بارودۆخی وڵاتی ئێمەدا زیاتر بووەتە قوڵکردنەوەی کێشەی هەڵاوسان، چونکە دۆخی بازاڕەکانی ئێمە بازاڕی قۆرخکارییە، لەسایەی ئەو ئازادییە ئابوورییەی کەوا دەسەڵات بانگەشەی بۆ دەکات، وەکو سیستمێک ئەوەی کە خەڵک پێیدەڵێت بازاڕی بێسەروبەرەیی نەک بازاڕی ئازاد.



**ڕۆژنامە: لەسەر حکومەت چ ڕێگایەک گونجاوە بیگرێتەبەر تا دیاردەی هەڵاوسان بەرەو چارەسەرکردن ببات؟**

* لەبەرئەوەی کە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە هەندێکیان پەیوەندی هەیە بە بونیادو پەیکەری ئابوورییەوە وەک وڵاتێکی دواکەوتوو، هەندێکیشیان پەیوەندی هەیە بە سیاسەتە ئابوورییەکانەوە، لەئێستادا حکومەت ناتوانێت کاربکات لەسەر هۆکاری یەکەمیان کە ڕاستکردنەوەی لاسەنگی ئابوورییە کە لە وڵاتەکەدا هەیە، بەڵام دەکرێت بەپێی سیاسەتە ئابوورییەکان هەنگاوبنێت بۆ چاککردنەوەی ئەو لاسەنگییەی کە لەناو ئابووریدا هەیە، ئەویش بە داڕشتنی سیاسەتی ئابووریی تۆکمە کە پێداویستییەکانی ئێستاو ئایندە پەیڕەوبکات، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەو سیاسەتانە هەمیشە کاتیی بوون، واتە بۆ قۆناغێکی ئێستایی داڕێژراوە، ئەوەندە بیری لێکراوەتەوە کە کێشەکانی ئێستای پێ چارەسەربکرێت، ئەوەندە بیری لێنەکراوەتەوە کە چ دەرئەنجامێکی داهاتووی دەبێت، بۆ نموونە بەگەڕخستنی دەستی کار لە دامودەزگاکانی حکومەتدا، حکومەت بیری لەوەکردووەتەوە کە کێشەی بێکاریی کەمبکاتەوە، بەڵام لەوکاتەی کە ئەم بڕیارەی داوە، لەلایەکی دیکەوە کێشەکانی دیکەی قوڵکردووەتەوە، لەبەرئەوە پێویستە حکومەت کاتێک کە سیاسەتەکانی لەڕووی دارایی‌و بازرگانییەوە دادەڕێژێت، پێویستە بیر لە دەرئەنجامە دوورەکانی ئەو سیاسەتە بکاتەوەو بەشێوەیەکی وا دابڕێژرێت کەوا ئەم سیاسەتانە تەواوکەری یەکتریبن، نەک حکومەت لە سیاسەتێکدا بەجۆرێک کاربکاتو لە سیاسەتەکانی دیکەیدا بەجۆرێکی دیکەبێت، بەمشێوەیە ناگەینە هیچ دەرئەنجامێک، پێویستە حکومەت گرنگی بدات بە کەرتە ئابوورییە سەرەکییەکانی وەک کشتوکاڵو پیشەسازیی، ئەو گرفتانەی کەوا لەبەردەم کارکردنو بەرهەمهێنانی ئەم کەرتانەدایە کەمی بکاتەوە.

**ڕۆژنامە: ئەو ڕێگایانە چین کە وادەکەن ئەو گرفتانە کەمبکرێتەوە؟**

* ئەگەر لە ڕێگای پێدانی قەرزو کەمکردنەوەی باجو هێنانی کەرەستەو پێداویستییەکان لە ئامێرو کەلوپەلەکان بۆ بەرهەمهێنەران، یان باشکردنی ڕێگاوبانو ئەو پرۆژانەی کە پێیدەوترێت ژێرخانی ئابووری، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کارئاسانی دەکات بۆ بەرهەمهێنەکان یان دووبارە دابەشکردنەوەی هێزی کار لە ناوەندەکانو کەرتە ئابوورییەکاندا، ئەمانە ئەو سیاسەتانەن کە حکومەت دەتوانێت لەچوارچێوەی کارەکانیدا بەئەنجامی بگەیەنێت.

**وەزیری دارایی عێراق: حکومەتی ناوەندی بەنیازە دەستکاری (١٠٠٠) یاسای سەردەمی رژێم بکات، بەمەبەستی پەرەپێدانی باری ئابووری و ئاوەدانکردنەوە**

## د.نەرمین مەعروف:

# «زۆربەی فەرمانبەران لە حاڵەتی بێکاریی

سازدانی: دانا فوئاد



**د.نەرمین مـەعـروف، مامۆستای کۆلێژی کارگێڕیو ئابووریی زانکۆی سلێمانی باس لەوەدەکات لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێکردنی کارەکان نازانستیانەیە بۆ سیستمی ئازادیی ئابووریی، ئاماژە بەوەشدەکات کە حکومەت کاتێک سیاسەتەکانی لەڕووی دارایـیو بازرگانییەوە دادەڕێژێت، پێویستە بیر لـە دەرئـەنـجـامـە دوورەکانی ئەو سیاسەتە بکاتەوەو سیاسەتەکانی پێچەوانەی یەکتر نەبن، هەروەها دەڵێت: «زۆربەی فەرمانبەران لەحالەتی بێکاریی دەمامککراودانو هیچ بەرهەمێکیان نییە».**

**رۆژنامە: دیاردەی هەڵاوسان چییە؟**

* هەڵاوسان یاخود بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان، بریتییە لە دیاردەیەک کە زۆربـەی وڵاتانی دنیای گرتووەتەوە، عێراقیش یەکێکە لەو وڵاتانە بە هەرێمی کوردستانیشەوە، کە تێیدا نرخی سەرجەم کاڵاو خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام لەبەرزبوونەوەدایە، ئەگەرچی ئەم ڕێـژەی بەرزبوونەوەیە رەنگە لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە جیاوازبێت، واتە لە هەندێک کاتدا زۆر بەخێرایی نرخەکان بەرزبوونەتەوەو لە هەندێک کاتی دیکەدا بە کەمتر ئەو ڕێژەیە بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە.

**خەڵکانێک دامەزراون لە دامودەزگاکانی حکومەتدا لەپێشدا لەناو بازاڕدا کاریان کردووە، واتە ئەم بڕیاری دامەزراندنە بۆ خەڵکانێک لە قۆناغێکی دیاریکراودا، هۆکارێک بووە بە دوو ئاراستە کاریگەریی خراپی بەجێهێشتووە لەسەر ئابووری**

**رۆژنـامـە: مـێـژووی هـەڵاوسـان لەجیهاندا لە چ کاتێکەوە دروستبووە؟**

* ناتوانین بڵێین سەرەتایەکی دیاریـکـراو بـۆ دیـاردەی هـەڵاوسـان هەبێت، بەڵام سەرچاوە زانستییەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە لە سەردەمانی کۆندا نزیکەی (٥٠٠) ساڵێک پێش ئێستا، ئەم دیاردەیە وەکو دەرئەنجامێکی زۆربوونی خستنەڕووی پارە لە هەندێک وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوادا، وەک ئیسپانیاو ئینگلتەراو وڵاتی دیکە لە پێشەنگی ئەو وڵاتانەدا بوون کە پەیڕەوی ڕێبازگەی بازرگانییان کـردووە، بەپێی بۆچوونی ئەو ڕێبازگانە سـەروەتو سامانی ئەو نەتەوەیە، بریتیبووە لە زۆرترین بڕی زێڕو زیو، ئەمانە سنووری جوگرافیی وڵاتانی خۆیان بـەزانـدووەو ڕوویانکردووەتە جیهانی دەرەوەو لە ڕێگای کەشتییەکانی خۆیانەوە توانیویانە بڕێکی زۆر زێڕو زیو بهێننە وڵاتانی خۆیانەوە، لەبەرئەوەی لەو سەردەمو قۆناغەدا دراو لە زێڕو زیو دروستکراوە، زۆربوونی بڕی ئەم سامانە لەم دوو کانزایە وایکردووە کەوا پارەیەکی زۆر لەو وڵاتانەدا هەبێت، بەتایبەتی لە ئیسپانیادا کە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان، ئەمەش وایکرد ببێتە هۆی نزمبوونەوەی بەهای دراوەکان، ئەمە وەک مێژوویەک کە دیاربێت، رەنگە پێش ئەو مێژووە دیاردەی هەڵاوسان هەبووبێت، بەڵام دیارنییە.

**رۆژنامە: ئەم دیاردەیە لە عێراقدا چۆن دەبینیت؟**

* پـەیـکـەری ئـابـووریـی عـێـراق پەیکەرێکی ئابووریی لاوازە، کە تێیدا توانای بەرهەمهێنانی کەرتە ئابوورییە سـەرەکـیـیـەکـانـی وەک کشتوکاڵو پیشەسازیی لاوازە، لە دروستکردنی داهاتی نەتەوایەتیدا پشتی سەرەکیان بەستووە بە بازرگانیی دەرەکـی بۆ دابینکردنی کەلوپەلو پێداویستییەکانی ناوخۆی ئەم وڵاتە، لەبەرئەوە عێراق وەک یەکێک لە وڵاتە دواکەوتووەکانی دنیا کە پەیکەرێکی ئابووریی لاسەنگی هەیە، تەنیا کەرتێکی وەک نەوتی خاو زاڵە بەسەر سەرجەم جومگەکانی ئابووریی ئەم وڵاتەدا، کە بەهۆی ئەم داهاتەوە سەرجەم کەرتەکانی دیکە بەهۆی دەسەڵاتەوە فەرامۆشکراون، زۆریـی داهاتی نەوت بەتایبەتی لەو ساڵانەی کە تێیدا نرخی نـەوتـی خـاو لـە بـازاڕەکـانـی جیهاندا بەرزبووەوە، وایکردووە کە هەڵاوسان لە عێراقدا نرخەکان بەرزبوونەوەیەکی زۆر بەخۆیەوە ببینێت، بەتایبەتی لەسەرەتای ساڵی نەوەدەکانەوە لە ئەنجامی خستنە سـەری گـەمـارۆی ئـابـووری لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، چونکە عێراق ئەوکات وەک ئێستا پشتی بەستبوو بە بازرگانێتی دەرەکی بۆ فرۆشتنی نەوتی خاو، تا پرۆسەی ئازادیی عێراق کە ئەنجامدرا لەساڵی ٢٠٠٣دا، دوای ئەوە سەرلەنوێ لەگەڵ نەمانی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق، دووبارە ناردنە دەرەوەی نەوتی خاو، زۆربوونی خەرجییەکانی حکومەتو گۆڕانی سیستمی فەرمانڕەوایەتی لە عێراقدا کە بـووە هـۆی گۆڕانکاریی لەسەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگادا، لەوانەش سیستمی دابەشکردنی مووچەو کرێ لە دامودەزگاکانی حکومەتدا، ئەمە سەرلەنوێ وایکرد کەوا بڕێکی زۆرتر لە پارە بڕژێتەوە ناو بازاڕ، بەڵام لەڕووی توانای بەرهەمهێنانەوە ئەم وڵاتە هێشتا توانای بەرهەمهێنانی لاوازە.

**رۆژنامە: زۆربوونی دەستی کار لە زۆربەی دامودەزگا حکومییەکاندا هۆکارێک نییە بۆ زیادبوونی دیاردەی هەڵاوسان؟**

* دەتوانین بڵێین دیاردەی هەڵاوسان پەیوەندی بەبواری کارکردنەوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەتا بواری کارکردن زۆرتربێت، پێویستە ڕێـژەی بێکاریی کەم ببێتەوەو هەروەها هەڵاوسانیش کەمبێتەوە، چونکە لەگەڵ زیادکردنی ڕێـژەی کارکردندا، مانای وایە بەرهەم هەیە لەم وڵاتەدا، بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکرێت بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا ڕێژەی ئەو کەسانەی کاردەکەن زۆربەیان لە دامودەزگاکانی حکومەتدا بەگەڕخراون، کە زۆربەیان فەرمانگەی خزمەتگوزارین، واتە بواری بەرهەمهێنانی کاڵایی نین، لەبەرئەوە ئەو کەسانە هەرچەندە لە ڕواڵـەتـدا کـاردەکـەن، بـەڵام لەڕاستیدا زۆربەی فەرمانبەران لە حاڵەتی بێکاریی دەمامککراودانو هیچ بەرهەمێکیان نییە، بەڵام ئەوەیە کە لە کۆتایی مانگدا ئەو کەسە مووچە وەردەگـرێـت، بەتایبەتی لەگەڵ چاکسازیکردن لە سیستمی دابەشکردنی مووچەدا، کە تێیدا مووچەکان بەرزکرایەوە، ئەمە وادەکـات کـەوا داهاتی حکومەت بەشێکی زۆر لە بودجەکەی دەڕوات بۆ خەرجییو مووچە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەم مووچەیە بێبەرهەمە، واتە ئەو کەسانە لە بەرامبەردا بەرهەمێکی ئەوتۆیان نەبووە لە دروستکردنی کـاڵاو کەلوپەلەکانی دیکەدا، ئەمانەش خۆی بۆخۆی هۆکارێکە بۆ بەردەوامبوونو قولبوونەوەی کێشەی هـەڵاوسـان، خەڵکانێک دامـەزراون لە دامودەزگاکانی حکومەتدا لەپێشدا لەناو بازاڕدا کاریان کردووە، واتە ئەم بڕیاری دامەزراندنە بۆ خەڵکانێک لە قۆناغێکی دیـاریـکـراودا، هۆکارێک بـووە بە دوو ئاراستە کاریگەریی خراپی بەجێهێشتووە لەسەر ئـابـووری، ئەو کەسانە بواری کارکردنی خۆیان بەجێهێشتووەو بوونەتە فەرمانبەر لە دەزگـایـەکـی حکومیدا، لەوکاتەی کـەوا پێشتر کـاری دیکەیان هەبووەو بەشیان هەبووە، ئێستا بەشیان نییە، بەڵام داهاتیان هەیە، کە ئەو داهاتەش سەری مانگ دەبەنە بازاڕو وەکو هەموو خەڵکانی دیکە شتی پێدەکڕن.

**رۆژنامە: سیاسەتی نەختینەیی حکومەتو بانکی مەرکەزیو وەزارەتی دارایـیو دامـەزراوە داراییەکان چ رۆڵێکیان هەبووە لە زیادکردنی ڕێژەی هەڵاوساندا؟**

* سیاسەتی نەختینەیی بریتییە لە

**وەزیری تەندروستی هەرێم: هیچ بودجەیەکمان نییە بۆ کڕینی دەرمان، تەنیا پشت بە وەزارەتی تەندروستی عێراق دەبەستین، ئەویش بە کەموکورییەکی زۆرو ئێکسپایەرەوە بۆمان دەنێرێت**

**دارا بەگ محەمەد:**

# هەندێک بازرگانی «چاوچنۆک» هەن لەپێناو قازانجدا شتی خراپ دەهێننە کوردستانەوە

ستارە عارف

**دارا بـەگ محـەمـەد عەبدوللەتیف، ساڵانێکی زۆرە کاری بازرگانیی دەکـاتو باس لەوەدەکات ئەگەر کاڵای خراپو بـەسـەرچـوو هـاوردەبـکـرێـت، مەترسیی لـەسـەر ئاسایشی ئابووریی کوردستان هەیە، ئاماژە بەوەشدەکات کە حکومەت لە توانایدا نییە زاڵبێت بەسەر هەموو ئەو کاڵا بەسەرچووانەدا، چونکە بەبڕوای ئەو زۆربەی ئەو کاڵایانە لە ڕێگای قاچاخەوە دەگەنە ناوخۆی کوردستان.**



**ڕۆژنـامـە: ڕۆڵـی بـازرگـانو سەرمایەداران لە کەمکردنەوەی هـاوردەو زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆییدا چۆن دەبینیت؟**

* هەموو وڵاتێک بە سەرمایەدارو پیاوانی کار ئاوەدانکرێتەوە، حکومەت تەنیا کاری پلاندانانەو دەبێت وەبەرهێنەران زیرەکتربنو بـازرگـانـەکـان خـۆیـان کـارگـە دروسـتـبـکـەنو وەبـەرهـێـنـان ئەنجامبدەن، ئـەو کەرەستانەی لـــەدەرەوە دەیـهـێـنـن لـەڕووی جۆرییەوە خۆیان بە خەڵکی بناسێنن، ئەو کەرەستانەی لـەدەرەوە دێن، بەمدواییانە کە فەرمانگەی کۆنترۆڵی جۆرییان دانـاوە، کۆنترۆڵناکرێن، بەڵام هەموو وڵاتێک بڕوانامەی (SGS)ی هەیە، هەندێک بازرگانی چاوچنۆک هەن لەپێناو قازانجدا شتی خراپ دەهێننە کوردستانەوە، بۆیە کـاری حکومەتە ڕێگریی لەوشتانە بکات، وەبەرهێنەرانو سەرمایەداران فاکتەری سەرەکین بۆ زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆ، چونکە پێموایە کەرتی تایبەت ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بوژاندنەوەی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا.

**ڕۆژنـامـە: حکومەت بـە چ میکانیزمێک دەتوانێت ڕێگریی لە هاوردەی خراپ بکات؟**

* حکومەت بەیاسا دەتوانێت ڕێگریی لە هـاوردەی خراپو ئەو شتانە بکات کە زیان بە هاوڵاتییانی کوردستان دەگەیەنێت.

**ڕۆژنامە: پێتوانییە یاسا هەیە، بەڵام جێبەجێ ناکرێت؟**

* بەم کۆتاییانە پەرلەمان یاسای دەرکـردووە، حکومەت کۆنترۆڵی جۆرییان لە سنوورەکان دانـاوە، ئێستا خەریکی ئەوەن فەرمانبەری بـۆ دابـنـێـن، ڕاسـتـە بـازاڕەکـان شتی بەسەرچووی تێدایە، بەڵام ئەوانە بە ڕێگای قاچاخەوە دێنە ناوەوە، حکومەت ناتوانێت زاڵبێت بەسەریاندا، ڕۆژانـە بە هـەزاران قاچاخچی دەچنە ئەوروپا، ئەمە بـەواتـای ئـەوە نییە حکومەت ئاگادارنییە، بـەڵام لەبەرئەوەی چواردەورمان داگیرکەرن، لەوانەیە حکومەت نەتوانێت هەموو ئەو کێشانە چارەسەربکات، چونکە زۆربـەی ئەو کاڵا خراپانەی دێنە کوردستانەوە، لە ڕێگای قاچاخەوە بووە.

**ڕۆژنـامـە: کـاریـگـەریـی خۆراکو کەرەستەی بەسەرچوو لەسەر ئاسایشی ئابووری چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

* پەیوەندی بە داهاتمانەوە هەیە، ئاسایشی ئابوورییش دەکەوێتە مەترسییەوەو پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیشەوە هەیە، ئەگەر ئەو شتانەی گوێزەرەوەی ئەنفلۆنزای بەرازن بێتە کوردستانەوە، زیانی زۆری هەیە، بێگومان کاریگەریی خـراپ لـەسـەر هـاوڵاتـیـیـان دروسـتـدەکـاتو بازرگانەکانیش خۆیان زیانیان پێدەگاتو لێی بەرپرسیاردەبن.

**ڕۆژنامە: بوونی بازاڕی ئازاد تا چەند کاریگەریی خراپی لەسەر هاوردەی کاڵای خراپ هەبووە بۆ ناوخۆی کوردستان؟**

* بـازرگـانـیـی پیشەیەکی دیاریکراوە، ئەوانەی بازرگانیی دەکەن مەرج نییە بازرگانی تەواوبن، خەڵک دەتوانێت بڕیاربدات کە بـازرگـان شتی بـاش یـان خراپ بهێنێت، کەرەستەی هەرزان خراپە، بەڵام هاوڵاتی هەر دەیکڕێت، ئەگەر گرانتربێت هەر کاڵایەک ماوەیەکی زیاتر دەمێنێتەوە، بەبڕوای من خۆراکی خراپ کەم دێتە ناوەوە، فۆرمی خۆراک کە حکومەتی عێراقی دابەشیدەکاتو فەرمانگەی کۆنترۆڵی جـۆریـی حکومەتی عـێـراق لێی بەرپرسیارە، کە دێتە کوردستانیش لە زۆر شوێن کۆنترۆڵ دەکرێتو ئاگادارم لە زۆر جێگاش بە تەن خۆراک دەسووتێنرێت، بەڵام هیچ کەسێک ناچارنییە هەموو شتێک بە گران بکڕێت، بازاڕ بەپێی سیستمی نوێ بازاڕی ئازادە، لەم بازاڕەشدا ئازادیت چی دەکڕیت، ڕۆژێک لەگەڵ مام جەلال لە کۆبوونەوەدا بووین، یەکێک لە بازرگانەکان وتی پێویستە ڕێگا بگیرێت لە تورکیاو ئێرانەوە شت نەیەتە نـاوەوە، چونکە ئێمە کارگەی مەرمەڕمان هەیەو کەس لێمان ناکڕێت، بەڵام پێیانوت ڕاست نییە، منیش پێم ڕاست نییە، چونکە هەرکەس دەیـەوێـت ڕکابەرێتی بکاتو شتی جۆرێتی باش بهێنێتو نرخی گونجاو بێت لەبەرئەوەی خەڵک لێت بکڕێت.

**ڕۆژنـامـە: لـەبـەرئـەوەی زۆرینەی کاڵاکانمان هاوردەیە، حـکـومـەت نـەیـتـوانـیـوە نرخ لەسەریان دیاریبکات، پێتوانییە ئەوە مەسەلەیەکی ویژدانییەو پەیوەندی بە بازرگانان خۆیانەوە هەیە؟**

* ئەمەش کێبڕکێی بـازاڕەو حـکـومـەت لـە بـازاڕی ئـازاددا مافی دەستێوەردانی نییە، بەڵام لە ئایندەیەکی دووردا دەتوانن کۆنترۆڵی ئـەوەش بکەن، دەبێت شتێک بزانین کورد دەوڵـەت نییە، کـورد حکومەتە لەناو دەوڵـەتـدا، بۆیە هەموو دەسەڵاتێک نادرێتە حـکـومـەتو دەسـەڵاتـی تـەواو لەدەستی دەوڵەتدایە، ئەگەر بتوانین لەگەڵ تورکیادا وەک دەوڵەت مامەڵە بکەین، ئەوکاتە دەتوانین کۆنترۆڵی هەموو شمەکێکیان بکەین، بەڵام ئێستا ناتوانین، چونکە حکومەتی عێراق لێی بەرپرسیارە، بەڵێ ئەوە شتێکی ویژدانییەو لەبەرئەوەی بازاڕ ئـازادە، بازرگانەکان خۆیان نـرخ دیـاریـدەکـەن، بـەڵام سـەدان شوێن هەیە کە یەک جۆر کاڵای هەیە، هاوڵاتییان خۆیان ئازادن کە لە چ شوێنێک شت دەکـڕن، بەڵام ئێمە پێویستمان بەوەیە کە بەکاربەر هۆشیاربێت لەکاتێکدا کە دەچێتە بازاڕ.



**سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی: قەیرانی ئابووری تێکڕای بێکاریی لە جیهاندا زیاتر کردووە، چارەسەرنەکردنی ئەو قەیرانە مەترسی کارەساتی مرۆیی لێدەکرێت**

# حاجی ئۆمەران: پێنج تەن ئارد گەڕێندرایەوە بۆ ئێران



لە مەرزی حاجی ئۆمەران ڕێگا لە هاوردەکردنی پێنج تەن ئارد گیرا کە لە ئێرانەوە دەهێنرایە ناو هەرێمی کوردستان، دوای ئەوەی لە ئەنجامی پشکنین دەرکەوت بەسەرچووە.

سەرچاوەیەک لە یەکەی وەرگرتنی نموونەی خۆراک لە خاڵی سنوریی حاجی ئۆمەران بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوای پشکنینی ئاردەکە کە چەند بازرگانێک بەنیازبوون هاوردەی هەرێمی کوردستانی بکەن، دەرکەوتووە بەرواری پرۆداکشنو ئێکسپایەری سەر فەردە ئاردەکان بەئاسانی دەسڕێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا جۆری ئاردەکە هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا نەبوو، بۆیە ڕێگامان پێنەدا هاوردەی هەرێمی کوردستان بکرێتو ڕەوانەی ئێرانمان کردەوە.

ئەو سەرچاوەیە وتیشی: «بازرگانەکە گرێبەستی لەگەڵ چەند بریکارێک کردووە، بەنیازبوون بە بڕی (٤٠) هەزار تەن لەو جۆرە ئاردە هاوردەی

ئا: بورهان نەوزاد

## حکومەتی هەرێم لە خراپیی تاقیگەی (S.G.S) ئاگادارکراوەتەوە

تاقیگەی (S.G.S)، تاقیگەیەکی نێودەوڵەتییەو زیاتر لەساڵێکە گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووەو بنکەکەی لە دیوی ئێرانە بۆ پشکنینی خۆراک، بەڵام وە ک بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی تەندروستی چۆمان ئاماژەی پێکرد دووبارە پشکنینیان بۆ خۆراکەکان کردووەتەوە دەرنەچووە.

ئەو تاقیگەیە لە ڕێگەا ئیمەیلەوە بنکەکانی خاڵی سنووریی حاجی ئۆمەران ئاگاداردەکاتەوە لە جۆرو پێکهاتەو مەرجە تەندروسییەکانی ئەو خواردەمەنییانەی دەهێنرێنە هەرێمی کوردستان، بەڵام زۆرجار پشکنینەکانیان دروست دەرناچێتو خۆراکەکان ڕەوانەی ئێران دەکرێنەوە یا دەسووتێنرێن.

لەوبارەیەوە د.هەڤاڵ فارس، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی تەندروستی چۆمان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هەرچەندە تاقیگەی (S.G.S)، تاقیگەیەکی ناسراوەو نێودەوڵەتییەو لە زۆربەی وڵاتانی جیهان کار بەم سیستەمە دەکرێتو جێی متمانەیە بۆ پشکنینی خۆراک، بەڵام پشکنینەکانی ئەم تاقیگەیە هەندێکجار دروست دەرناچنو جێی گومانن.

د.هەڤاڵ وتیشی: «لەم ڕۆژانەدا پێنج تەن برنجو ئارد کە لە ڕێگای ئەم تاقیگەیەوە پشکنینی بۆ ئەنجامدرا بوو، لە ڕێگای ئیمەیلەوە ئاگادارکراینەوە هەموو مەرجەکانی تەندروستی تێدایەو شیاوە بۆ خواردن، بەڵام کارمەندەکانی بنکەی یەکەی وەرگرتنی نموونەی خۆراک دووبارە پشکنینیان بۆ ئەنجامدایەوە، دەرکەوت هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا نەبووەو ڕەوانەی ئێران کرایەوە».

ئەوەشی ڕوونکردەوە، لەئێستادا حکومەتی هەرێم لە خراپیی تاقیگەی (S.G.S) ئاگادارکراوەتەوە لە نەبوونی پشکنینێکی دروستو ڕاست، بە پێویستی زانی کە حکومەتی هەرێم لەلای خۆیانەوە کۆمپانیای ناوبراو ئاگاداربکەنەوەو مامەڵەی یاساییان لەگەڵدا ئەنجامبدەن.

## گەشتیارانی هەرێم بێ ترانزێتی ئۆتومبێلەکانیان ناتوانن بچنە ئێرانەوە

دوای ئەوەی چەندین کۆبوونەوە لەنێوان شاندی ئێرانیو هەرێمی کوردستان سازکراوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی پرۆتۆکۆڵی سیستمی ترانزێتو هاتوچۆی گەشتیاران لەنێوان هەردوولادا، بەڵام تائێستا بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە.

لەوبارەیەوە عەبدولواحید گوانی، قایمقامی قەزای چۆمان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بڕیاردرا دووبارە لیژنەیەک پێکبهێنرێتەوە لە بەڕێوەبەرێتی گواستنەوەی نێوان هەردوولادا، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی گەشتی هاوڵاتییانی کوردستانو سیستمی ترانزێت لە مەرزی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران.



هەروەها سەبارەت بە ڕێگریکردنی ئێران لەبەردەم گەشتیارانی کوردستان بۆ وڵاتی ئێران، قایمقامی قەزای چۆمان وتی: «لەبەرئەوەی شۆفێرانو لۆرییە بارهەڵگرەکانی هەرێم هیچ مەرجێکی سیستمی ترانزێتیان تێدانییە، وەک هەڵگری پسوڵەی شۆفێری نێودەوڵەتیو پاسپۆرت، لۆرییەکانیش دەبێت بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی بێت، بۆیە نەمانتوانیوە سیستمی ترانزێت جێبەجێ بکەین لە مەرزی حاجی ئۆمەران».

ئاماژەی بەوەشکرد، لە بەرامبەردا وڵاتی ئێران ئامادە نییە گەشتیارانی هەرێمی کوردستان بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان سەردانی ئێران بکەن، تا سیستمی ترانزێت جێبەجێ نەکرێت لەلایەن ئێمەوە.

گەشتیارانی ئێرانی ڕۆژانە بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان سەردانی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانەش کە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن ڕۆژانە (٤٠) ئۆتۆمبێل دەبن.

**حکومەتی تورکیا پابەندیی خۆی بۆ ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ عێراقدا هەیانە دەربڕی، سەبارەت بە گلدانەوەی ئاوی دیجلەو فورات بۆ عێراق**

www.netewe.com

## «بەشە خۆراکی هاوڵاتییان بۆ شەش مانگی ئاینده درێژ کرایەوە»

# هاوڵاتییان بەشە خۆراکەکانیان لە بازاڕدا دەفرۆشنەوە





چیا سەمەد

هاوڵاتییان بڕینی بەشە خۆراکی مانگانەو پێنەدانی هەندێک لە بەشە خۆراکەکان بە هەڕەشە بۆ سەر گوزەرانیان‌و باری خێزانیان دەزانن، بەڕێوەبەری کۆمپانیای خۆراک لە سلێمانی ئەو هەواڵانە بە ناڕاست دەزانێت‌و ئاماژە بەوە دەکات، کە حکومەتی عێراق بەشە خۆراکی بۆ شەش مانگی دیکە نوێ کردووەتەوە.

هاوڵاتییان نیگەرانن لە کردنی بەشە خۆراکی مانگانە بە بڕێک پارە، بە بڕوای ئەوان ئەو بڕە پارەیە ناتوانێت قەرەبووی خۆراکەکە بکاتەوە. سوهەیلە عەزیز، فەرمانبەرێکی تەمەن (٤٢) ساڵە، وتی: «دەبوایە ئەو بڕیارە لەکاتی خۆیدا جێبەجێبکرایەو هاوڵاتییان بەو بڕە پارەیە قەرەبوو بکرانایەوە، چونکە خۆراکێکی زۆر لەکاتی خۆیدا نەدراوە بە هاوڵاتییان»، هەروەها وتی: «بڕین یان کەمکردنەوەی بەشە خۆراک لەڕووی ئابوورییەوە باری سەرشانی هاوڵاتییان گرانتر دەکات، ئەمە بە بەراورد بە هەڵکشانی نرخی پێداویستییەکانی خەڵکی‌و دیاردەی بێکاریی کە چینێکی بەرفراوانی کۆمەڵگای کوردەواری گرتووەتەوە».

کەریم حەمە موراد ئاغا، بریکارێکی تەمەن (٤٩) ساڵە، وتی: «کردنی بەشە خۆراکی مانگانانەی هاوڵاتییان بە پارە، زیانێکی زۆر لە هاوڵاتییان دەدات، ئەو بڕە پارەیەی کە بڕیاردراوە لەجیاتی بڕە خۆراکەکە بدرێت بە هاوڵاتییان پارەیەکی زۆر کەمە، پێویستە هاوڵاتییان هەڵوێستیان هەبێت‌و ئەو پارەیە وەرنەگرن‌و رازینەبن بەوەی کە بەشە خۆراکەکەیان بکرێت بە پارە».

ئەو بریکارە پێیوابوو، ئەم کردارە تەنیا بۆ بەرژەوەندی حکومەتەو بەرژەوەندی میللەتی تێدا نییەو بە دەستبڕینی هاوڵاتییانی ناوزەدکرد، وتی: «پێدانی پارە لەجیاتی بەشە خۆراکی مانگانە بە هاوڵاتییان تەنیا فێڵکردنە لە هاوڵاتییان، چونکە بەشە خۆراکی مانگانە زۆر زیاتر لە بڕی (٣٨) دۆلار دەکات بۆ هەر تاکێک، ئەوکاتە نرخی خۆراکەکان زۆر بەرزدەبێتەوەو پارەکە هەرچەند زۆریش بێت، بەشی کڕینی دوو خۆراک ناکات».

ئەو نموونەی گرانبوونی ئەو خۆراکانەی هێنایەوە کە تەنیا لەماوەی چەند مانگێکدا لە بازاڕدا گرانییەکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، وتی: «ئێستا کە خۆراکەکەش دەدرێت بەتەنیا ئەگەر یەک مادەی خۆراک بۆ یەک مانگ نەدرێت، دوکاندارەکان ئەوە بەهەل دەزانن‌و لە بازاڕدا بەشێوەیەکی بەرچاو نرخی خۆراکەکان بەرزدەکەنەوە، کە هاوڵاتی تەنیا چەند جارێکی کەم دەتوانێت بیانکڕێت»، ئەو بریکارە پێنەدانی خۆراکی شیرو سابوونی بە نموونە هێنایەوە لە مانگەکانی پێشتردا، وتی: «تەنیا بە پێنەدانی یەک مانگی شیر نرخی شیر لە بازاڕدا لە(٢٠٠٠) دینارەوە بۆ (٤٠٠٠) دیناری بەرزبووەتەوە».

عەباس عارف فەتاح، بەڕێوەبەری کۆمپانیای خۆراک لە سلێمانی، باسی لەوە کرد، کە هەندێک باس هەیە کە قسەوباسی ناو خەڵکەو تەنیا خەڵک خۆی ئەو هەواڵانە بڵاودەکاتەوە، هەروەها وتی: «باس لەوە نەکراوە کە بڕی ئەو خۆراکانە لەساڵی ٢٠٠٩دا کەمبکرێتەوە یان بکرێتە پارە، بەڵکو لەساڵی ٢٠٠٩دا بۆ ماوەی شەش مانگی دیکە بەشە خۆراکی مانگانە بۆ هاوڵاتییان تازە کراوەتەوە، دەنگۆی ئەوە هەیە دوای ئەو شەش مانگەش تازە بکرێتەوە، ئەوەش پەیوەندی بەو بڕە پارەیەوە هەیە کە بۆی دیاریکراوە، تائێستا (٨) تریلیۆن دینار بۆ خۆراکی بەشە مانگانە دیاریکراوە».

هەروەها بەڕێوەبەری کۆمپانیای خۆراک وتیشی: «بڕینی خۆراک یان زیادکردنی خۆراک لە دەسەڵاتی مندا نییە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو وتانەی کە لەناو هاوڵاتییاندا بووە بە دیاردە، بەشە خۆراکی مانگانە لەم دوو مانگەدا زیادیکردووە، بۆ نموونە ئەوە لە مانگەکانی سێ‌و دوودا سابوون دراوەو شیری گەورەو شیری منداڵ دەدرێت».

عەباس عارف ئەوەی روونکردەوە، ئەو پارەیەی کە دەبوایە بدرایە بە هاوڵاتییان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خۆراکانەی کە نەدراوە لەساڵەکانی ٢٠٠٦و ٢٠٠٧دا کە دەبوایە بدرایە، بەڵام وەک ئەو وتی: «تائێستا هاوڵاتییان وەریان نەگرتووەو بۆیان قەرەبوو نەکراوەتەوە».

ئاسۆ حەمید، بەڕێوەبەری راگەیاندنی بازرگانی خۆراک وتی: «پڕۆژەی ساڵی ٢٠٠٩پەیوەندی بە وەزارەتی بازرگانی بەغداوە هەیە، چونکە گرێبەستی کڕین‌و پارە هێنان‌و بڕی جۆرو باشی خراپ لە ئەستۆی کۆمپانیای بازرگانی خۆراکە».

ئاسۆ ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە ساڵ بەساڵ بودجەکە کەمکراوەتەوە، بۆیە بڕە خۆراکەکان کەمدەبێتەوە، میزانییە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەروەها وتیشی: «پارەکە لە وەزارەتی بەغدایە، وەزارەتی هەرێمی بە نووسراوێک داوای لە حکومەتی ناوەندی کردووە کە پارە بدات لەبری بڕە خۆراکەکە، ئەویش بەچەند خاڵێک چۆنێتی دابەشکردنی خۆراکەکەو ساڵانە چۆن دەدرێت‌و چی زیاد دەکرێت، یان پارەکە کوردستان وەریبگرێت‌و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بازرگانی کوردستان خۆراکەکەی پێ بکڕێت». هەروەها سەبارەت بە نەبوونی قەرەبووکردنەوەکە وتی: «ئەو قەرەبووکردنەوەیە بەتەنیا بۆ هەرێم نییە، بۆ بەغداو دیالەو ئەو ناوچانەی کە بەباشی لە دوو ساڵی رابردوودا خۆراکیان پێ نەگەیشتووە، وەزارەتی دارایی لە بەغدا ئەو بڕیارە دەدەن کە پارەکە بدرێت».

وەزارەتی دارایی عێراق جەختی لەوە کردووەتەوە، کە بەهیچ شێوەیەک بەشە خۆراکی هاوڵاتییانی عێراق نابڕدرێت‌و ئەوە هێڵی سوورە. لەوبارەیەوە باقر جەبر زوبەیدی، وەزیری دارایی عێراق، لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: بەپێی ئەو پلانەی حکومەتی عێراق بۆ پێنج ساڵ دایڕشتووە، بودجەی تایبەت بە مووچەی فەرمانبەران‌و کۆبوونی خۆراکی بایەعی، بە هێڵکی سوور دانراوەو بەهیچ شێوەیەک نابێت دەستکاری بکرێت».

دوای وەرگرتنی بەشە خۆراک، لەلایەن هاوڵاتییانەوە دەیافرۆشێنەوە لەبازاڕدا، رۆژنامە نرخی بەشە خۆراکی هاوڵاتییان بڵاودەکاتەوە کە لە بازاڕدا دەفرۆشرێنەوە.

برنج بۆ یەک کەس (٣) کیلۆ، لە بازاڕدا کیلۆی بە (٧٥٠) دینار دەفرۆشرێتەوە.

شەکر بۆ یەک کەس (٢) کیلۆ، لە بازاڕدا بە (٥٠٠) دینار دەفرۆشرێتەوە.

شیر (٢٥٠) گرام بۆ ماوەی ساڵێکە نەدراوە تەنیا یەک جار دراوە، لە بازاڕدا یەک کیلۆ بە (٤٠٠٠) دینار دەفرۆشرێتەوە.

تایت (٢٥٠) گرام، لە بازاڕدا بە (٥٠٠) دیناری چاپ دەفرۆشرێتەوە.

سابوون (٢٥٠) گرام، ماوەی زیاتر لە (٩) مانگە نەدراوە، (٣) قاڵب سابوون بە (١٠٠٠) دینار دەفرۆشرێتەوە.

زەیت (٩٠٠) گرام، لە بازاڕدا بە (١٥٠٠) دینار دەفرۆشرێت، ئێستا زەیتەکە کراوە بە رۆن (١٢٥٠) گرام.

چا (٢٠٠) گرام بۆ ماوەی (١٨) مانگە نەدراوە، نافرۆشرێتەوە لەبەر خراپیی.

دۆشاو لەماوەی دوو ساڵدا تەنیا یەکجار دراوە بە هاوڵاتییان، لە بازاڕدا بە (٢٥٠٠ یان ٣٠٠٠) دەفرۆشرێتەوە.

سەرپەرشتیار
محەمەد شێخ فاتح
٠٧٧٠ ١٤١ ٦٠٠٦
ئارا ئیبراهیم
٠٧٧٠ ١٥٠ ٩٠٣٢